کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک داوای ڕێککەوتن دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5675) یەک شەممە 20ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەدا، چەند مەرجێک دانراون، یەکێک لە مەرجەکانیش ئەوەیە کە پێویستە ڕێککەوتن بکرێت.

ڕزگار حاجی حەمە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: وەک کۆمیسیۆن نووسراوێکمان ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، کە ئامادەبن بە مەرج 11/16ی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدەین، مەرجەکانی ئێمەیش بریتین لە دابینکردنی پێداویستیی و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان، بۆیە چاوەڕێی ئەوان دەکەین و ئەگەر ڕەزامەندییان دا، ئەوکات ئەنجوومەنی وەزیران سەرپشک دەبێت لەو کاتەدا هەڵبژاردن بکرێت یاخود کاتێکی دیکە.

بە گوتەی جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکان، پەرلەمانی عێراق باسی لەوەشکردووە کە دەکرێ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەدا بکرێت، بەڵام بە چەند مەرجێک، یەکەمیان ئەوەیە کە وردبینی لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا بکرێت، هەروەها هەماهەنگییش لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و ناسنامەی کەرکووک و وەزارەتی بازرگانی و کۆمیسیۆندا بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت و ئەگەر نەگەیشتنە ڕێککەوتن، شەش مانگ دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی دیکە ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت.

تا دەسەڵات لە کەرکووک سەربازی بێت ئەنجوومەنی پارێزگا ناتوانێ کۆببێتەوە



عادل عەبدولمەهدی بەڵێن دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق و د.بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کۆبوونەوە، لە دیدارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی باسیان لە پرۆژە یاسای بوودجەی 2019ی عێراق کرد، بەتایبەتی تیشک خرایە سەر بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان و تەئکید لەوە کرایەوە کە پێویستە موچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە جیا بکرێتەوە لە ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە

ناوچەی ئارام، بووەتە باسی گەرمی باکووری سووریا و هەرێمەک لە ئەمەریکا و تورکیا و کوردیش لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە هەیە. لەلایەکی دیکە چاوەڕواندەکرێت، سەرۆکی تورکیا، لەمیانی گفتوگۆی لەگەڵ ڤلادیمێر پوتن، سەرۆکی ڕووسیا، پرسی ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا تاوتوێ دەکات. لەگەڵ هەوڵەکانی واشنتۆن و ئەنقەرە بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنووری تورکیا و سووریا، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ش ڕایگەیاند، بەمەرج پشتیوانی لەو ناوچە ئارامە دەکات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

جوڵە دیبلۆماسیەکان بۆ ڕووی لە سەرۆکە؟

سەلام عەبدوللا

دوای ڕادەستکردنی کەرکووک بەو ئاسانییە کە لە ئەنجامی پیلانێکی دۆزەخی بوو لەپێش هەموو شتێکدا مەبەستی لێدان لە هەیبەتی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بوو بەو ئامانجەی کە ئیدی بەئاسانی دەتوانرێ لە پێگەی سەرۆک و سەنگ و قورسایی بدرێ بەو پێیەش ڕێگەخۆشکەربێت بۆ دارمانی تەواوی قەوارەی هەرێم، هەربۆیە سەرەکۆزیرانی پێشووی عێراق، وەک پاڵەوانی سەرکەوتووی جەنگ، خۆی لە شاشەی تەلەفزیۆنە نمایشکردو بە گوتارێکی ئاگرینی ڕایگەیاند کە داعش تەواو و ئەمن و ئاسایشیش گەڕایەوە بۆ کەرکووک، بەڵام لەڕاستیدا نەداعش کۆتایی پێهات و نە ئەمن و ئاسایشیش گەڕایەوە بۆ کەرکووک، بەڵکو بەپێچەوانەوە داعش لە هەموو لایەکەوە سەری هەڵدایەوە و دۆخی کەرکووکیش لە هەموو کاتێک خراپتر بووە.

هەربۆیەش وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدار بە عێراق لەڕێی دیبلۆماتکارە پایە بڵندەکانیانەوە کەوتنە هاتووچۆیەکی چڕوپڕ بەگشتی بۆ هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی بۆ لای سەرۆک بارزانی، چونکە ئیدی لەو ڕاستیە گەیشتن کە نەمانی پێشمەرگە لەو ناوچانەی ڕادەستی حەشد و سوپای عێراقی کرا زۆر بەزوویی داعش جموجۆڵی خۆی تێدا دەستپێکردەوە، هەر بۆیە دیبلۆماتکاران جارێکی دیکە ڕوویان کردەوە سەرۆک بارزانی، ئەگەرچی بەویستی خۆشی ئامادەی نوێکردنەوەی ئەو پۆستە نەبووبوو، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دۆزینەوەی چارێک بۆ ئەو قەیرانە، بەپلەی یەکەم ڕوویان لە سەرۆک کرد، چونکە دەیانزانی کە خاوەنی هەڵوێستێکی بوێرانەو نەگۆڕ بوو بۆ لە گۆڕانی داعش و ڕێکخراوە تیرۆریستی یەکەی کە لەماوەی چوارساڵدا گورزی کوشندەی لەو ڕێکخراوەداوەو ناوچەکانی لێپاککردەوە.

بەداخەوە هەندێک لە حزبە کوردییەکان خۆیان خزاندە بەرەی نەیارانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و لە دوژمن زیاتر هەوڵی لەناوبردن و بەدناوکردنی ئەو پۆستەیان دەدا کە لەمەودوا زانرا بەپێی زانیارییەکان کە کێ لەپشت پشتگیری ئەو چەواشەکارییەوە بوو لەڕووی مادەی و ئیعلامییەوە.

ئێستا کە بۆ هەموولایەک دەرکەوت کە سەرۆک بارزانی بەبێ پۆستیش هەر ڕابەر و سەرۆکە، چونکە ئەوەتا ڕۆژانە دەبینین کە چۆن دیبلۆماتکارانی وڵاتانی گەورە و زلهێز بەدیداری شاد و بەختەوەر دەبن، وە هیوای زۆری لەسەر هەڵدەچنن، کەچی تازە هەرزە سیاسیەک دەڵێ مەرجەع و سەرۆک بۆ ئێمە پێویست نییە.

ئای لەو عەقڵە؟.

هێشتا هیچ ئەندامێکی داعش بە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی ئێزیدیی ئیدانە نەکراوە



ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتی 29مینی ساڵانەی خۆی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە لە جیهاندا بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیەنێت: ئاڕاستەیەکی جیهانیی هەڵکشاو هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێشێلکاریی ستەمکاران، لەو ڕاپۆرتەدا لە بەشی پەیوەست بە عێراق دەڵێت هێزەکانی عێراق زۆر لە ڕۆڵەکانی سوننە مەزهەبەکانییان بەناوی تیرۆرەوە ئەشکەنجە داوە و بێسەروشوێن کردووە، داوای بڕینی یارمەتییەکانیش بۆ ئەو گرووپانە دەکات کە یاسای جەنگیان پێشێلکردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا بە مەرج لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سووریا بەشدار دەبێت



نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، پێشکەشکردنی یارمەتیی بۆ نۆژەنکرنەوەی سووریای پەیوەستە بە دەرچوونی تەواوەتی ئێران لەو وڵاتەدا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەفربارین، شوێنە گەشتیارییەکانی پڕ لە گەشتیار کردووە



بە هۆی بەفربارینەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی ناوەڕاست و خواروی عێراق هاتوونەتە کوردستان و ئەمەیش داهاتی گەشتوگوزاری بەرز کردووەتەوە. گەشتیارانیش داوا دەکەن زیاتر گرینگی بە گەشتیاری زستانە بدرێت، بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش لەناو بەفر و شوێنە گەشتیارییەکاندا بەسەر ببەن. **(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)**

کێشەی کەمیی غاز چارەسەر کرا



چەند ڕۆژێکە بڕی پێویستی بوتلی غاز نەگەیشتووەتە دەست بریکارەکان، بەڵام دوای سەرهەڵدانی کێشەکە توانرا کێشەکە چارەسەر بکرێت. **(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شێخ مەحموود شێخ کاوە حەفید دەکات

دوێنێ شەمە 19ی 1ی 2019لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شێخ مەحموود شێخ کاوە حەفید کەسایەتی دیاری کوردستان و دەڤەری سلێمانی کرد. لە دیدارەکەدا وێڕای هەواڵپرسین، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان تاوتوێ کرا و بیروڕا لەبارەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕۆژەڤی ناوەخۆی کوردستان ئاڵوگۆڕ کرا.



مەسرور بارزانی بەشداری لە پرسەی خوالێخۆشبێت مامۆستا محەمەد مەلا قادر کرد

ڕۆژی پێنجشەمە لە شاری هەولێر، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشداری لە پرسەی خوالێخۆشبێت مامۆستا محەمەد مەلا قادر کرد و پرسە و سەرەخۆشی خۆی بە کەسوکار و خانەوادەی خوالێخۆشبێت، ڕاگەیاند و لە خوای گەورە داواکار بوو گیانی خوالێخۆشبێت بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایش بە کەسوکارەکەی ببەخشێت و دواکۆستی خانەوادە تێکۆشەرەکەیان بێت.

فۆتۆ: فەرهاد ئەحمەد



عادل عەبدولمەهدی بەڵێن دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق و د.بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کۆبوونەوە، لە دیدارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی باسیان لە پرۆژە یاسای بوودجەی 2019ی عێراق کرد، بەتایبەتی تێشک خرایە سەر بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان و تەئکید لەوە کرایەوە کە پێویستە موچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە جیا بکرێتەوە لە مللمانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان. لە بەشێکی تری دیدارەکەدا باس لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکووک کرا، کە چارەسەرکردنی کێشەکە لە چوارچێوەی دەستوور و بە تەواوفوقی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک بێت.

لە تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا جەخت لە پێدانی شایستە داراییەکانی جووتیاران و خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی کرایەوە کە پێویستە حکوومەتی عێراق لە زووترین کاتدا پارەکەیان بۆ بنێرێت، هەروەها بەزووترین کات نەوت بەسەر کەمپەکان و ئاوارەکاندا دابەش بکرێت، لەبارەی بارودۆخی شنگالیشەوە لە کۆبونەوەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر پشتگیری لە دەسەلاتی هەڵبژێراوی ناوچەکە.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبونەوەکەدا داوای لە سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد کە هەوڵی جدی بدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدا هەن، لای خۆشییەوە عادل عەبدولمەهدی بەڵێنی دا هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.





سەرۆک بارزانی بیستەمین ساڵیادی کوردستان تیڤی پیرۆز دەکات

کوردستان تیڤی پابەندی بنەماکانی ڕاستگۆیی و بەرپرسیارێتی و ئامانجە باڵاکانی گەلەکەمان بووە

سەرۆک بارزانی بە بۆنەی بیستەمین ساڵەی دامەزراندنی دەزگای سەتەلایتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی بیستەمین ساڵەی دامەزراندنی کوردستان تیڤی، هاوکات ڕایدەگەیەنێت کە دامەزراندنی دەزگای سەتەلایتی کوردستان وەرچەرخانێک بوو لە ڕاگەیاندنی کوردستانی و ڕۆڵی بەرچاوی لە بڵاوەپێکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و کولتووری پێکەوەژیان و خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا هەبووە و کاریگەریی لەناو میدیای کوردیدا دیارە. هەروەها پابەندی بنەماکانی ڕاستگۆیی و هەست بە بەرپرسیارێتی و ئامانجە باڵاکانی گەلەکەمان بووە و بەرهەم و دەستکەوتەکانی جێگەی شانازییە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی بیستەمین ساڵیادی دامەزراندنی دەزگای سەتەلایتی کوردستان پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی بەڕێوەبەر و ستاف و سەرجەم کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

دامەزراندنی دەزگای سەتەلایتی کوردستان وەرچەرخانێک بوو لە ڕاگەیاندنی کوردستانی و ڕۆڵی بەرچاوی لە بڵاوەپێکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و کولتووری پێکەوەژیان و خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا هەبووە و کاریگەریی لەناو میدیای کوردیدا دیارە. هەروەها پابەندی بنەماکانی ڕاستگۆیی و هەست بە بەرپرسیارێتی و ئامانجە باڵاکانی گەلەکەمان بووە و بەرهەم و دەستکەوتەکانی جێگەی شانازییە.

لەوبۆنەدا هیوادارم دەزگەی سەتەلایەتی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە شێواز و ئامرازی سەردەمیانە و بە گوڕوتینێکی زیاتر بەردەوام بێت لە قوواڵکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و کولتووری ئاشتی و پێکەوەژیان و پاراستنی جیاوازییەکان و هەروەها ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێت کە ببێتە میدیایەکی کارامە و لە ئاستی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکان بێت و بە شایستەترین شێوە ماف و داواکارییە ڕەواکانی گەلی کوردستان و مێژوو و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بناسێنێت و بڕەویش بە خۆشەویستیی نیشتیمان و هۆشیاریی گشتی لە کۆمەڵگە بدات.

دەستخۆشیتان لێ دەکەم و پێزانینم بۆ ئەرک و ماندووبوونتان هەیە.

مسعود بارزانی
17ی1ی2019

هێزەکانی عێراق بە بیانووی تیرۆر چەندان کەسی سوننە مەزهەبییان دەستگیرکردووە

هیومان رایتس ۆوچ: هێشتا هیچ ئەندامێکی داعش بە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی ئێزیدی ئیدانە نەکراوە



ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆوچ ڕاپۆرتی 29ەمینی ساڵانەی خۆی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە لە جیهاندا بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیەنێت: ئاڕاستەیەکی جیهانیی هەڵکشاو هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێشێلکاریی ستەمکاران، لەو ڕاپۆرتەدا لە بەشی پەیوەست بە عێراق دەڵێت هێزەکانی عێراق زۆر لە ڕۆڵەکانی سوننە مەزهەبەکانییان بەناوی تیرۆرەوە ئەشکەنجە داوە و بێسەروشوێن کردووە، داوای بڕینی یارمەتییەکانیش بۆ ئەو گرووپانە دەکات کە یاسای جەنگیان پێشێلکردووە.

هیومان رایتس ۆوچ دەڵێت هێشتا هیچ ئەندامێکی داعش بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی ئێزیدی ئیدانە نەکراوە. ڕێکخراوی هیومان رایست ۆوچ ڕاپۆرتی جیهانیی سالانەی خۆی کە ناونیشانی ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی ستەمکاران بۆ سەر مافەکان بۆ ساڵی 2018بڵاوکردەوە و تێیدا ئەوە هاتووە ئاڕاستەیەکی جیهانیی هەڵکشاو هەیە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی پێشێلکارییەکانی ستەمکاران ئەوانەی دەستبەسەر گرنگیی میدیا دەگرن، لەو ڕاپۆرتەدا کە ڕاپۆرتی 29 هەمینی ڕێکخراوەکەیە و لە 674 لاپەڕە پێکدێت هێومان رایتس ۆوچ ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە مافەکان لە 100 وڵات باس دەکات.

لەو ڕاپۆرتەدا کە ڕێکخراوەکە لە ماڵپەڕی خۆی بڵاویکردووەتەوە و بەشێکی تایبەت کراوە بە بارودۆخ لە عێراق و تێیدا ئەوە هاتووە سەرباری ئەو هێمنییەی بەسەر بەرەکانی جەنگی نێوان هێزەکانی عێراق و داعشدا هاتووە لە ساڵی 2018؟ بەڵام ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دژی شانە نووستووەکانی ئەو گرووپە بەردەوامن، هەروەها داعش چەندین سڤیل و سەربازی کوشتووە لە ساڵی 2018؟ هەروەها بە بیانووی بەرنگاربوونەوەی تیرۆر هێزەکانی عێراق هەڵساون بە بەندکردنی چەندین کەس بەتایبەت لە نێوان سوننە مەزهەبەکاندا بەتایبەت لەو شوێنانەی کە هێشتا داعشی لێ ماوە و ئەو سوننە مالّ و حاڵ بوونی زیاتر لە یەک ملیۆن و 800 هەزار کەس، هەروەها دەسەلاتدارانی عێراق ڕێوشوێنی ئەمنییان لەدژی ئەو خێزانانە گرتووەتە بەر کە گومان دەکرێت کەسە نزیکەکانییان پشتیوانیی داعشیان کردبێت لەپێشتر بە ڕادەیەک ئەو سزایە گەیشتووە سزادانی بەکۆمەڵ.

ڕاپۆرتەکە هێمای بۆ ئەوەشکردووە کە پێشێلکاریی دیکەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ دریژەی هەیە لە نێوباندا دژی ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و مافەکانی ئافرەت و بەردەوامبوونی سزای لەسێدارەدان. سەبارەت بە مافەکانی ئافرەتانیش ڕێکخراوە ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە چەندین حاڵەتی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان و بە کوێلەکردنی سێکسی و هاوسەرگیریی بەزۆر لەسەر دەستی هێزەکانی داعشی تۆمارکردووە، بەتایبەت لە ئافرەتانی ئێزیدییدا، بەڵام هێشتا کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا نەکردووەو هیچ ئیدانەیەکی هیچ ئەندامێکی داعش لەسەر ئەم پرسە نەکراوە. لەو بڕیکی کەمی پارێزگاریی یاسایی بۆ مافەکانییان هەیە تا لە تووندوتیژیی خێزانی بپارێزرێن، یاسای سزادانی عێراقی حوکمی تێدایە تەنها دەستدرێژیکردنی جەستەیی بە تاوان دەزانێت و ئاماژەی ڕوونی تێدا نییە بۆ تووندوتیژیی خێزانی، هەرچی پەیوەستە بە سزای لەسێدارەدانیشەوە هیومان رایتس ۆوچ ئەوەی ڕوونکردووتەوە تێکڕای لەسێدارەدان لە عێراق لە ئاستێکی زۆردایە و عێراق لە پاڵ چین و ئێران و سعودیەدایە لەمبارەیەوە، یاسای عێراقیش ڕێگە بە لەسێدارەدان دەدات و سەدان کەس بەپێی یاسای تیرۆر لەسێدارەدراون بەبێ ئەوەی ژمارە فەرمییەکان لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ڕابگەیەنرێن.

یەکێک لە پلانە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە پرسی کورد دەبێت

ئەمەریکا بە مەرج لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سووریا بەشدار دەبێت



خەبات: زانکۆ جاف

نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، پێشکەشکردنی یارمەتیی بۆ نۆژەنکرنەوەی سووریای پەیوەستە بە دەرچوونی تەواوەتی ئێران لەو وڵاتەدا. هاوکات لەبارەی پرسی کورد لە سووریا و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو ناوچانەی جێگیرکراون، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رایگەیاند، دڵنیایە دوای کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا رێگایەک بۆ پاراستنی کوردانی سووریا دەدۆزنەوە. لەبارەی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانیش رۆژنامەیەکی ئەمەریکی پلانێکی کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی ئێران لەناوچەکە ئاشکرا دەکات.

ئاوەدانکردنەوەی سووریا

نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران لە بەردەوامی سیاسەتە دژەکانیان بەرانبەر ئێران رایگەیاند، ئەمەریکا ویست و خواستی لە یارمەتیدان بۆ نۆژەنکردنەوەی وڵاتی سووریا لە دەرچوونی تەواوەتی ئێران و کۆتایهاتنی دەستێوەردانەکانی ئەم وڵاتە دەزانێت. بەرایان هۆک لەمیانی چاوێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەو کەنالە رایگەیاندووە، ئێمە وا بیر دەکەینەوە ئەگەر لەگەڵ هەمووانذا لە ناوچەکە هاوکاری بکەین و دیپلوماسییەتمان ئاوا پلانداڕێژی بۆ بکەین کە دەمانەوێت، دەتوانین لە دەست تەواوی هێز و هاوپەیمانەکانی ئێران و هەژموونی ئێران ڕزگارمان ببێت. ڕاشیگەیاند، ڕێگە نادەین ئێران لە سووریا هەمان ئەو کارانە بکات کە لە لوبنان کردوویانە و ڕێگە لە یارمەتییەکانیان بۆ سووریاش دەگرین و بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگای جۆراوجۆرمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەمان دەبێت. ئەو لێدوانەی بڕایان هۆک لە کاتێکدایە سووریا هەمیشە ڕۆڵی ئێرانی لە زۆر بواری سەربازی و ئابووری وڵاتەکەیدا ستایشکردووە، لە بەرانبەریشدا ئێران هەمیشە ئەوەی گوتووە کە تا تیرۆر و تۆقاندن لەم وڵاتەدا بێت، هەرکات سووریا داوایان لێ بکات، هەنگاو و هاوکاری پێویستی بۆ دەگرنەبەر.

پلانی ئەمەریکا لە سووریا

وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، دڵنیایە دوای کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا ڕێگایەک بۆ پاراستنی کوردانی سووریا دەدۆزنەوە. مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئەبوزەبی ڕایگەیاند، گەلی تورکیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا مافی خۆیانە وڵاتەکەیان لە تیرۆریستان بپارێزین، بەڵام ئێمەش ئەوە دەزانین کە ئەو شەڕڤانانەی شانبەشانی ئێمە شەریان کردووە شایانی ئەوەن بپارێزرێن. ئاماژەی بەوەشکرد، ئێمە بەردەوامین لە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ڕێکارێک لەگەڵ تورکیا و لەوبارەیەشەوە هیوای زۆرمان هەیە. پۆمپیۆ ڕاشیگەیاند، دڵنیاین دوای کشانەوەی هێزەکانمان لە سووریا ڕێگایەک بۆ پاراستنی کوردانی سووریا دەدۆزینەوە.

ئێران لە ناوچەکە دەکرێتە ئامانج

ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی پلانێکی کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی ئێران لە ناوچەکە ئاشکرادەکات. ڕۆژنامەی وۆڵستریت جۆرنالی ئەمەریکی لەڕاپۆرتێکدا باسی لە گرژییەکانی ئەمدواییەی ئەمەریکا و ئێران لە عێراق کردووە و نووسیویەتی، ئەمەریکا مانگی ئەیلوولی ڕابردوو پلانی هێرشکردنە سەر ئامانجێکی ئێرانییەکانی لە ناوچەکە داڕشتووە، ئەویش پاش هێرشی موشەکیی گرووپەکانی نزیک لە ئێران بۆ سەر ژمارەیەک دامەزراوەی ئەمەریکا دیارترینیان بالیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە عێراق.

ڕۆژنامەکە باسی لەوەشکردوە، کۆشکی سپی ئەمەریکا داوای لە وەزارەتی بەرگریی کردووە، پلانێک بۆ وەلامدانەوەی ئەو هێرشانەی لایەنەکانی سەر بە ئێران داپڕێژێت، کە هەرچەندە هێرشەکان بۆ سەر دامەزراوەکانی ئەمەریکا زیانی گیانیی نەبووە، بەڵام کاریگەریی بۆ سەر پێگەی ئەمەریکا هەبووە، هاوکات یەکێک لەو بەرپرسە باڵایانەی ئەمەریکاش کە لەگەڵ وەلامدانەوەی سەربازی بووە دژی ئێران، جۆن بۆڵتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا بووە.

هەردوو وەزارەتی بەرگریی و دەرەوەی ئەمەریکا بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو داوایەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا کردووە، چونکە لێکەوتەکانی هێرشێکی لەو جۆرەیان بۆسەر ئێران نەهێناوەتە پێشچاوی خۆیان. ئەوەشخراوەتەڕوو، ڕوون نییە کە ئاخۆ دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمەریکا ئاگاداری داواکارییەکی لەو جۆرە بووە بۆ کۆشکی سپی یاخود نا، بەڵام پلانەکە بەوشێوەیە بووە کە ئەمەریکا لە عێراق و سووریا وەلامی ئێران بداتەوە.

بڕیارە غازی ڕووسیا لە دەریای بەڵتیکەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەڵمانیا

ئەمەریکا ئەو کۆمپانیایانە سزا دەدات کە غازی ڕووسیا بۆ ئەڵمانیا دەگوازنەوە

دۆناڵد ترەمپ: ئەڵمانیا دیلی ڕووسیایە

بە مەبەستی ڕاگرتنی پرۆژەی غازی سرووشتی تەوژمی باکوور- 2کە غازی ڕووسیا دەگوازێتەوە بۆ ئەورووپا، حکوومەتی ئەمەریکا ئاماژەی سەپاندنی سزا دەکات بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی لە پرۆژەکەدا کار دەکەن. بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هەناردەی غازی سروشتی شلکراوە، بەدەستهێنانی بەشی مامەڵە لە ناکۆکییە بازرگانییەکان لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان و ڕێگرتن لە نزیکبوونەوەی ئەورووپا و ڕووسیا، ئەمەریکا ئامانجی ئەوەیە دەستوەردانی سیاسیی بکات لە سیاسەتی وزەی ئەورووپادا.

ئاماژەکانی واشنتۆن بۆ ئامادەکاری دووەم سزا بە ئاڕاستەی پرۆژەی غازی سرووشتی تەوژمی باکوور-2 کە بڕیارە غازی سرووشتی ڕووسیا لە ڕێگەی دەریای بالتیکەوە بگوازێتەوە بۆ ئەڵمانیا لە بەرلین نیگەرانی دروستکردووە. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ مانگی تەموزی ڕابردوو لە میانی لووتکەی ناتۆدا لە بڕۆکسل ڕێککەوتنی نەوت و غازی سرووشتی ئەڵمانیای لەگەڵ ڕووسیا بە نەشیاو ناوزەند کرد و ڕایگەیاند: ئەڵمانیا پارەیەکی زۆر دەداتە ڕووسیا بۆ وزە، لەبەرئەوە ئەڵمانیا دیلی ڕووسیایە.

هاوکات وەزیری وزەی ئەمەریکا، ڕیک پێری لە تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا ئاماژەی بەوە کردبوو کە بژاردەی سەپاندنی سزایان لەبەردەستدایە بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی لە هێڵی تەوژمی باکوور- 2کاردەکەن. ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکاش، مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو پڕۆژەیرپارێکی پەسەندکرد، کە سزای ژمارەیەک کۆمپانیا و دامەزراوە و کەسایەتی دەدات. لە لایەکی دیکەوە باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەرلین، ڕیچارد گرێنێڵ هەفتەی ڕابردوو نامەی بۆ ئەو کۆمپانیایانە ناردبوو کە پەیوەندیدارن بە پڕۆژەکەوە و پێی ڕاگەیاندبوون، ڕەنگە ئەمەریکا لە چوارچێوەی یاسای سزادانی دوژمنەکانی ئەمەریکادا سزای کۆمپانیاکان بدات. لە نێو ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەگەری هەیە سزاکانی ئەمەریکا بیانگرێتەوە، گرووپی کۆمپانیاکانی ئالسیاسی سویسری و کۆمپانیای سایپێمی ئیتاڵی بەدیدەکرێن. وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هێیکۆ ماس، ڕایگەیاند، پێویستە ئەمەریکا دەستوەرنەداتە سیاسەتی وزەی ئەورووپا و گوتی: کێشەکانی وزەی ئەورووپا، پێویستە لە ئەورووپا چارەسەر بکرێت نەک ئەمەریکا. سزاکان ئامانج نین و ئامرازی سیاسین.

مەکتەبی سیاسیی پارتی پیرۆزبایی لە کوردستان تیڤی دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی دامەزراندنی کوردستان تیڤی پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: کوردستان تیڤی لەو ماوەی تەمەنی کاروچالاکییەکانیدا هەمیشە بڵندگۆی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازان بووە و خاوەن سەنگ و پەیامی سیاسی و میدیایی جیاواز بووە، هەمیشە بەرجەستەکارێکی ڕاستەقینەی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان بووە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بۆ دەزگای سەتەلایتی کوردستان

بەڕێزان/ بەڕێوەبەری گشتی و ستافی بەڕێوەبردن و سەرجەم کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان..

بە بۆنەی (20)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەنالی ئاسمانی کوردستان تیڤی(Ktv) گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بینەرانی کەنالی ئاسمانی کوردستان دەکەین، ئومێدەوارین بۆ ساڵی داهاتووش بە هەمان پەیامی بەرپرسانە و دڵسۆزانەتان بەردەوام بن و خزمەتی زیاتر و بەرچاوتر بە ڕەوتی تێکۆشان و خەباتی گەلەکەمان و کولتووری پێکەوەژیان و تەبایی و برایەتی بگەیەنن.

کەنالی ئاسمانی کوردستان، کە بە بڕیار و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی دامەزرا، لەو ماوەی تەمەنی پڕ بەخششی سەلماندوویەتی، کە یەکەمین کەنالی ئاسمانییە توانیویەتی بە بەرنامە و پلانێکی ڕێکوپێک و بە پرۆسەیەکی خەمخۆرانە بێتە سەر گۆڕەپانەکە و بێ سڕەوتن هەنگاوی ئەرێیانە بنێ و قۆناغێکی نوێ لە کاروانی بواری میدیایی لە هەرێم بخاتەوە و بەڕەو پێشەوەی ببات و پێشەوەرانەش مامەڵە لەگەڵ بابەت و هەواڵ و ڕووداوەکان بکات و بێ جیاوازی هەواڵ و ڕووداوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕوومااڵ بکات و ڕەچاوی شێوەزارە جیاجیاکان بکات، بەمەش ببێتە کەنالی گشت هاونیشتمانیان و مایەی شانازی و ڕەزامەندی تەواوی بینەرانی بێت.

کوردستان تیڤی لەو ماوەی تەمەنی کاروچالاکییەکانیدا هەمیشە بڵندگۆی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازان بووە، هەروەها خاوەن سەنگ و پەیامی سیاسی و میدیایی جیاواز بووە، بۆیە هەمیشەش مسداقیەتی خۆی پاراستووە و بەرجەستەکارێکی ڕاستەقینەی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان بووە.

ئاشکرایە ڕۆڵ و کاریگەری میدیا لەو سەردەمەدا چەند هەستیار و گرنگە بەتایبەتیش میدیای بینراو، دیارە لەو ڕووەوەش (Ktv) هەمیشە شانبەشانی کەنالەکانی دیکەی میدیایی بەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە ئاست بەرپرسیاریەتی خۆیدا بووە، بۆیە مایەی ڕێزو دەستخۆشیە.

بەو بۆنەیەوە هەمدیسان پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ دەزگای سەتەلایتی کوردستان بەگشتی و کوردستان تیڤی بەتایبەتی دووپات دەکەینەوەو بە هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/1/17

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە کوردستان تیڤی دەکات

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە کوردستان تیڤی دەکات، لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە: کەنالی ئاسمانی کوردستان کە بە بڕیاری ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی دامەزرا، لەو کاروانە پڕ بەخششەی وەک یەکەمین کەنالی ئاسمانی توانیویەتی بە بەرنامە و پلانێکی ڕێکوپێک و بە پرۆسەیەکی خەمخۆرانە کار و چالاکییەکانی ئەنجامبدات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە

بۆ کەنالی ئاسمانی کوردستان تیڤی

بەڕێزان/ بەڕێوەبەری گشتی و کادیر و کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان..

بەبۆنەی(20) هەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەنالی ئاسمانیی کوردستان تیڤی، پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوەی ماندوونەناس و بینەرانی کەنالەکەتان دەکەین، هیوادارین وەک هەمیشە هەنگاوی چاکتر و بەرهەمدارتر بنێن بۆ خزمەتی زیاتری کولتووری ڕەسەنی کوردەواریی و پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان.

کەنالی ئاسمانی کوردستان، کە بە بڕیاری ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی دامەزرا، لەو کاروانە پڕ بەخششەی وەک یەکەمین کەنالی ئاسمانی توانیویەتی بە بەرنامە و پلانێکی ڕێکوپێک و بە پرۆسەیەکی خەمخۆرانە کاروچالاکییەکانی ئەنجامبدات، بۆیە هەرزوو جێدەستی گرنگ و کاریگەری خۆی لەو بوارەدا چەسپاند و قۆناغێکی نوێی پێشکەوتووی لەو ڕووەوە ڕەخساند و خستەوە وەک دەستکەوتێکی گرنگی میدیایی بۆ گەلەکەمان خۆی ناساند.

ڕۆڵی میدیا بە گشتی و کەنالی ئاسمانی بەتایبەتی لەو سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیاریی و تەکنیکی پەیوەندیکردندا زۆر بایەخدارە، بۆیە ئەرکی ئێوە و گشت کەنالەکانی دیکەی میدیاییە بەوپەڕی ڕاستگۆیی و پیشەوەرانە و خەمخۆرانە لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە و ڕەوشە دابن بۆ چارەکردنی کەموکوڕییەکان و قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزی لە کوردستاندا. جارێکی دیکە وێڕای سوپاسگوزاری و دەستخۆشیمان پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەرەوپێشچوونی دەزگاکەتان وەک دامەزراوەیەکی میدیایی هاوچەرخ و پڕۆفیشنال دووپات دەکەینەوە، ئومێدەوارین هەر لەپێشکەوتن و سەرکەوتندابن.

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/1/17

لە ئیسلام ئابادەوە کۆبوونەوەی تاڵیبان و ئەمەریکا ئەنجام دەدرێت

هاوکات نوێنەری وڵاتانی سعوودیە، ئیمارات و قەتەریش داوەتی کۆبوونەوەکە بکرێن. خەلیلزاد لەوەتەی دەستبەکاربوونی وەک نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئەوە پێنجەمین جارە سەردانی پاکستان بکات و بەرپرسانی باڵای وەزارەتی بەرگریی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی یاوەری خەلیلزاد دەبن لە سەردانەکەی بۆ ئەو وڵاتە.

لە میانی کۆبوونەوەی نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا لە ئەفغانستان، زەلمای خەلیلزاد لەگەڵ وەزیری دەرەوەی پاکستان، شاە مەحمود کوریشی و خەلیلزاد باسی ڕۆڵی پاکستان لە دەستەبەرکردنی ئاشتی لە ئەفغانستان کراوە. لە کۆبوونەوەکەدا لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی نێوان بزووتنەوەی تاڵیبان و ئەمەریکا بانگهێشتی بزووتنەوەی تاڵیبان بکرێت و دیپلۆماتیکی لە کۆبوونەوەی نێوان وەزیری دەرەوەی پاکستان، شاە مەحمود کوریشی و خەلیلزاد باسی ڕۆڵی پاکستان لە دەستەبەرکردنی ئاشتی لە ئەفغانستان کراوە. لە کۆبوونەوەکەدا لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی نێوان بزووتنەوەی تاڵیبان و ئەمەریکا بانگهێشتی بزووتنەوەی تاڵیبان بکرێت و ئاماژە بەوە کرا کە ئەم کۆبوونەوانە ئاسانکاری سەرچاوەکانی

مامۆستا مەلا محەمەدی
پێشمەرگە... خەباتی زیندووە



فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا*

مامۆستا مەلا محەمەد قادر پێشمەرگەو مامۆستای خەباتگێڕ لە 2019/1/15 چووە بەر دڵۆڤانی یەزدانی مەزن ئەمە سونەتی ژیانە و ژین و مردن تەواوکەری یەکترن، هەروا بووە و هەرواش دەبێت، کەچی ئەوەی گرنگە لە ژیان مرۆڤ لەو دەرگایەی لێ دێتە ژوور و لەوی لێی دەردەچێ، چۆن دەردەچێ و چی بەجێ دێڵێت، هەر ئەوەیە هەر ئەوەش دەمێنێ، زۆر کەس ژیان، بەڵام هەم بزربوون، هەم لە یادکران، زۆر کەسیش دواساتەکانی ژیانیان خۆیان دۆراند، گرنگە مرۆڤ لەم ڕاستییانە تێبگات! ئەم ژاتە بەڕێزە نزیکەی 60 ساڵ خەباتی کوردایەتی کرد، کەواتە دوو لە سەر سێی تەمەنی بەرخودانی کرد و وێستگەی ژیانی زۆرن و بە زۆر قۆناغدا تێپەڕی، زۆر گۆڕانکاریی دیت، ئەوەی نەگۆڕا و لە یەک قۆناغ وێستگەی چەقی و وەک خۆی ما، ڕێبازەکەی بوو، هەروەک سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، ڕێزدار فازڵ میرانی، فەرموویی: مامۆستا جێگای دەستی دیار بووە، ئینسانەکی ئایینپەرست بووە، بەڵام مەسافەیەکی کەمی هەبووە لەگەڵ نوێبوونەوە لە بیروباوەڕەکانیدا. بە هەرحال هەموومان خوا داوین و خواش دەمانباتەوە، بەڵام ئینسان موتەئسر دەبێت کەسانێکی وا لە دەست بدەن، مامۆستا کەسایەتییەکی کوردستانی بووە لەوەی کەسایەتییەکی سیاسی و حزبێکە موعەیەن بێت، بەڵام ئێمەی پارتی سەرفرازین کە مامۆستا کەسایەتییەکی بەرناسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەم یادکرنەوانە باشترین شەهادەنە و باشترین سەروەتن کە ئینسان لە دوای خۆی بە جێ بێڵێ.

بەڵێ هەموو ژیانی سەروەری بوو، بڕیە ئەوانەی لە ڕێبازەکەش لەگەڵی نەمان، بەڵام بۆ شاهێدی وەفاداری و گەورەیی و بەڕێزی ئەم پێشمەرگەیە، بەبێ دوودڵی دەدەن و دووان بەڵێ زۆر گوترا، زۆریش دەگوترێ، ئەوەی لەناو هەگبەی مامۆستایە، لە بەرهەمی 60 ساڵەی وا بە ئاسانی تۆمار ناکرێت، منیش وا بە ئاسانی ناتوانم خۆمی لێ بدەم، چونکە هەروەک کاک عەدنان موفتی: فەرمووی مامۆستا لەگەڵ سێ (جیل) کاریکردووە، جیلێک بەر لە ژیانی کاک عەدنان، جیلێک لەگەڵ کاک عەدنان، جیلێکیش لە دوای کاک عەدنان و ئەم ژاتە جێگای شانازی زۆرانی وەک کاک عەدنان موفتی بوو، بۆ پەرەپێدانی فیکری نیشتمانپەروەری و تەبایی و برایەتی لە ژێر ئاڵای کوردایەتیی ڕاستەقینە، بەڵێ وابوو، من زۆر دڕەنگ بە خزمەتی گەیشتم، هەروەک کاک عەدنان پۆلێنی کرد لە قۆناغی 3 و کۆتایی ئاشنابووم بەو ژاتە و لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 لە یادمە لە نێوان ساڵانی 1992 تا 1993 من وەک کادیرێکی (ی.ق.ل.د.ک) هەندێ کێشەم لەگەڵ سەرووی خۆم هەبوو، زۆر بێ تاقەت بووم، بڕیارم دابوو وازبێنم لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستای بەڕێز پاش گفتوگۆیەکی زۆر، من نەمسەلماند کە بگەڕێمەوە و کاربکەم، هەرچەندە زۆر تەحەمولی کردم، بەڵام سوودی نەبوو، دوا قسە بە منی گوت: باشە پێم بڵێ بۆ وا ڕەشبینی، بۆ ناتوانی کاریان لەگەڵ بکەیت، دەتوانی پێم بڵێی؟ منیش گوتم هۆکاری زۆرە، گوتی: بە کورتی دەتوانی پێم بڵێی؟ کەو وەڵامم دایەوە، گوێی لە قسەکانم بوو، کە قسەکانم شایستەی نووسین نین، هەر هێندەی گوت و فەرمووی: تۆش فەرقت چییە لەگەڵ ئەوان! من زۆر تووڕەبووم و گوتم مامۆستا من دەڵێم لەبەر ئەو شتە ناشیرینانە وازدێنم تۆ چۆن وام پێ دەڵێی، گەر وەک ئەوان بم لەگەڵیان دەمێنم واز ناهێنم! گوتی: نەخێر تۆش گوناحباری، گەر خۆت پێ ڕاستە، نابێ سەنگەر چۆڵ بکەیت، کەسانێک چۆکت پێ دابنێین، کە لەم جۆرەبن، بۆیە پێت دەڵێم گەر لەبەر ئەوان ڕابکەیت، وازبێنیت، بەڵێ وەک ئەوانی و فەرق نییە.

ئەو قسەیەی مامۆستا کاری تێکردم، یەکسەر پاشگەزبوومەوە و گوتم: ڕاستە نابێت سەنگەر بۆ ناحەق چۆڵ بکرێت، ئەمەی مامۆستا لە لای من زۆر گرنگی هەیە و لە یادم ناچێ کە سەبر و تەحاموڵی مامۆستا بوو، کە بۆ بەهێز و توانا و دروستبوونی گیانی خۆڕاگرتن و بەرپەچدانەوە لە لایەکی تر لە یادمە لە نێوان ساڵانی بەر لە 2000 جارێک کۆمەڵێک کادیری سنووری حزبی و ئیداری هەولێر لە هەڤاڵانی پارتی بە یەکەوە دانیشتبووین، لە ناکاو باسی هەولێر و خەباتی کۆن و گەڕەکەکانی کرا و باسی گەڕەکێکی تەیراوە کرا کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول ئەم گەڕەکە مۆڵگە و وێستگەی پارتی بووە، ئەوەبوو چەندین برادەر گوتیان ئێمە خەڵکی تەیراوەین کە ژمارەمان لە 10 زیاتر بوو لە کارگێڕی لق و بەرێوەبەری گشتی و سەرووتر لە ناکاو مامۆستا فەرمووی کورینە منیش خەڵکی تەیراوەم ئەمەش لە لای من دووخاڵی سەرەکی تێدابوو یەکێک خاکیەتی بەرێزیان دووەم بۆ دڵخۆشی ئێمە ناوی خۆشی خستە ناو ناوەکانمان زۆر و شتی تر هەن لەسەر ئەم ژاتە لە سادەیی و گەڕان و سووڕان و هاتووچۆی لەناو خەڵک و پەیوەندییەکانی لە یادمە لە ساڵی 1992 کە ئەوکات بەرپرسی قوتابیانی زانکۆ بووم، ڕۆژێکیان داوام لێی کرد کە بێت (نەدوە)یەک بۆ قوتابیان بکات لە پاش دەوام، ئەوەبوو کاتێکمان بۆی دیاری کرد لە نێوان کاتژمێر 2تا 5ی دوای نیوەڕۆ، ئەوەبوو هات، نزیکەی 3ی کاتژمێر لەگەڵمان بوو لە یانەی کولیجی ئاداب، کەچی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئێمە نەبوو، زۆر لە سەرووتر بوو و ئەوەی جێگای خۆشحاڵییمان بوو، بەبێ پاسەوان هاتبوو، کە ئەو سەردەم سەردەمی چەک و حیمایەی بەرپرسەکان خۆپیشاندان بە چەکە و ببوو بە شتێکی ئاسایی لەناو بەرپرسەکان بوو و وەک هاوڕێ و هەڤاڵێک تێکەڵاوی قوتابییەکان ببوو.

مامۆستای شۆڕشگێڕ دەریایەک بووە لە خۆڕاگری سەبر و تەحەمول و کوردایەتی، باسی ئەم ژاتە زۆر هەڵدەگرێت، زۆری لەسەر باس دەکرێت، یەکێک لە هەڵوێستەکانی و دەستپاکی و وەفایی بۆ ڕێبازەکەی هەروەک دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1975 کە ئەوکات بەرپرسی لقی یەکی پارتیمان بووە، مەبەلەغێک پارەی لابووە، ئەو پارەیە وەک دەگوترێ 18 هەزار دیناری سویسری ئەو سەردەم بووە، ئەم ژاتە لەوکاتە نائومێدیە و لەو بارودۆخە سەختەدا، لە نێوان شاخ و دۆڵ پارەکە بە ئامانەتەوە دەگەیەنێتەوە بارەگای سەرکردایەتی لە (زێوە)و تەسلیم بە شەهید ئیدریس بارزانی دەکات لە کاتێکدا تەنیا خوا بە ئاگابووە لەو پارە و لەگەڵ خۆی، کەسی تر نەیزانیوە، ئەو پارە هەیە، گەر بشزانرابا ڕەنگە بیانوو زۆر بووە بۆ ئەوەی بگوترێ نەما و فەوتا، بە دەیان شێواز، هەروەک لەو سەردەمەی ئێستامان دەکرێت و دەگوترێ و لە هەمان کاتدا پاراستنی ئەم پارەیە خەتەر بووە، لەسەر ژیانی، لە ڕێگا تا گەیاندیتییەوە شوێنی مەبەست.

ئەم زانیارییە لەسەر زاری برادرێک بە ناوی غازی کوڕی پێشمەرگەی کوچکردوو بە ڕەحمەت بێت (عەبدوڵڵا سواڕە) وەرگرتووە و گوتی: باوکم وای دەگوت کە ئەو کات (عەبدوڵڵا سواڕە) یەکێک بووە لە هەڤاڵانی مامۆستا و پێشمەرگە بووە و لەگەڵی بووە ,لە یەکێک لە سەبر و تەحەمول و خۆگونجاندنەکانی ئەم ژاتە، دەگوترێ لە سەردەمی شۆڕشی گوڵان کە جەنابیان بە تەمەنبوون هیچ کات لە شاخ و لە کاتی بەرخۆدان نەیدەگوت ماندوو بوومە و کاتێک ماندوو دەبوو، دەوەستا و لەو شاخ و داخە باسی بابەتێکی دەکرد یان دەیگوت کێ دەزانی ئەم داڕە (درەختە) جۆری چییە؟! یان تەمەنی چەندە؟ یان ئەم گیاوگۆڵە چ جورێکە؟ ماوەیەک دەوەستا و گفتوگۆ دەکرا، دەیگوت تەواو با بڕۆین، هەڤاڵانی و هاوڕێی دەڵێن لە دوای زانیمان مامۆستا لەبەر تەمەنی کاتێک پێویستی بە پشوودان دەبێت، نەیدەگوت ماندووم، بە شێوازێک لە شێوازەکان، بابەتێکی دروست دەکرد تا ئێمەش هەست بە ماندووبوونی ئەو نەکەین، بەهەرحاڵ بابەت زۆرن تا بینووسین، تەواو نابن، ئەم ژاتە خەسارەتێک بوو لە کوردایەتی و بەتایبەت لە پارتی، کەچی ئەمە ژیانە و ڕۆژی هەموو مرۆڤەکانە، خۆزگە ژیاننامەی بەشێوازێکی ئەکادیمی و بەبێ شێواندن و کەموکوڕی لە چەند لاپەڕەیەک کۆدەکرایەوە و ڕێک دەخرا، هەر کەسی لەگەڵی هاوخەبات بوونە، دەیاننووسی، بۆ ئەوەی بزر نەبێت و من خۆم ڕەنگە زۆر بێ ئاگابم لە خەباتی، لە چاو هاوسەنگەرەکانی، ڕۆحی شاد، قوتابخانەی ئاوەدان، پەنا بە یەزدان.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتیزگای هەولێری (پ.د.ک).**

چارەسەرکردنی کێشەی کورد
بۆ ئێوەی عەرەب گرنگترە



د. مەیادە نەجار

لە ماوەی ئەو چەند مانگەی وەک نوێنەری گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق کار دەکەم، چەند جارێک لەگەڵ پەرلەمانتاری عەرەبی دیپەتی هێمنانەمان ئەنجامداوە و سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا ئەو پرسیارەم ئاراستە کردوون، ئایا چارەسەری کێشەی کورد چەند بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە، چەند هێندە زیاتر بۆ ئێوەی عەرەبی عێراق گرنگتر نییە؟ بیگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە سەرەتادا لە لایەن پەرلەمانتارانی عەرەبەوە جۆرێک لە سەرسوڕمانی پێوە دیار بوو، یان لە وەڵامەکانیاندا پێیان دەگوتم، سەقفی داواکارییەکانی گەلی کوردستان زۆر بەرزە و ئێوە دەتانەوێت عێراق دابەش بکەن و ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش مانای ئەوەیە عێراق نامێنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە پرسیارێکی دیکەم ئاراستە کردن و پێم گوتن: باشە ئەگەر ئێوە ئەوەندە پەرۆشی مانەوەی عێراق و یەکپارچەیی خاکەکەین، کارێک بکەن ئێمەش خۆمان بە عێراقی بزانین و هەوڵ نەدەین لە عێراق جیابینەوە؟ وەڵامی ئەوان بۆ ئەم پرسیارە ئەوەبوو، ئەی ئەوەنییە لە دەستووری عێراقدا ئێوە خاوەنی هەرێمێکی فیدرالین و سەرباری ئەوەش ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دەدەن. لە وەڵامی ئەمەدا پێیانم گوت، کێشەی سەرەکی ئێوە ئەوەیە بڕواتان بە مەنزۆگ هەیە دیالۆگ، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئێوە زەمینەی لیکتێگەیشتن لەگەڵ گەلی کوردستان دروستبکەن و چاوێک بە میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا بگێڕن، ئەوا ئەو ڕاستییەتان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی 1943 لەسەر دەستی ڕابەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی، ئەوەی فێرکردووین کە ئێمە کێشەمان لەگەڵ گەلی عەرەب لە عێراقدا نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە کورد و عەرەب پێکەوە دەچەوسێننەوە و پێکەوە بە کوشتیان دەدات و سەروەت و سامانی عێراقیش لە شەڕێکی بێ کۆتایی و بێ ئامانجدا بەفیڕۆ دەدات.

لێرەوە ئەگەر بە قوواڵیی سەیری میژووی سەد ساڵی ڕابردووی عێراق بکەین هەر لە مەلیک فەیسەڵەوە تا دەگاتە کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی، هەموویان ڕێگەچارەی هێزیان بۆ تێکشکاندنی خەڵکی کوردستان بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا نەشیانتوانیوە بچووکترین خزمەتگوزاری بۆ شارە عەرەبییەکانی عێراقیش دابینبکەن، لەمەش زیاتر ئێستا گەورەترین کێشەی شارێکی وەک بەسرا کە دووەمین گەورەترین شاری عێراقە و دەوڵەمەندترین شاری جیهانە لە سامانی سرووشتی و تاکە ڕێڕەوی دەریایی عێراقە و خاوەنی دووبەندەری زۆر گەورەیە، بەڵام ئێستا ئەم شارە لە ئاوی خواردنەوەی پاک بێ بەشە، لە کاتێکدا سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوەی پاک و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ شارێکی وەک بەسرا چەندە؟ ئەوا وەک هاوینی ڕابردوو لیژنەیەکی پەرلەمانی عێراق خەملاندنی بۆ کردووە نزیکەی 3 تریلیۆن دینارە کە دەکاتە نزیکەی2.5 ملیار دۆلار، لە بەرامبەر ئەمەدا ئەگەر لەوە گەڕێن کە ڕۆژانە بەسرا زیاتر لە3 ملیۆن بەرمیل نەوت هەنارد دەکات و، تەنیا پارەی پترۆدۆلاری بۆ سەرف بکرێت، ئایا بەسرا هیچ کێشەیەکی ئاوی خواردنەوە و خزمەتگوزاریی سەرەکی دەبێت؟ بێگومان نەخێر، بەڵام بۆ حکوومەتەکانی پێشووی عێراق نەیانتوانیوە پارەی پێویست بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی هەموو عێراق دابینبکەن؟

بێگومان وەڵامەکەی ئاسانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە سنگفراوانی وەری بگرن و دان بە هەڵەی ڕابردوودا بنێین، ئەویش ئەوەیە، بە دڕیژایی 100 ساڵی ڕابردوو هەرکەس و لایەنێک حکومڕانی کردبێت، خۆی بە عێراقی نەزانیوە، بەڵکو هەوڵی داواوە عێراق وەک کالایەک بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت، ئەمەش بەو مانایەی هەوڵیداوە لە کاتێکدا سونە لە حکومڕانیدا بووە، لە بری ئەوەی هەوڵبدات جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانی عێراق بپارێزێت، هەوڵیدا لە ژێر پەردەی قەومیەی عەرەبی دژایەتی کوردستان بکات و ناسنامەی مەزهەبی عەرەبی شیعە بسڕێتەوە، لە دوای ساڵی 2003شەوە کە عەرەبی شیعە حکومڕانی کردووە، لە بری ئەوەی هەوڵبدات هەڵەکانی حکومڕانی 100 ساڵی ڕابردوو هەموو حکوومەتە یەک لە دواییەکانی عێراق ڕاستبکاتەوە، کەچی بەداخەوە هەوڵیداوە تۆڵەی ڕابردوو بکاتەوە و هەمان هەڵەکانی حکوومەتەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە، هەر بۆ نموونە فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەک داعش، سیاسەتی هەڵەی حکومڕانی حکوومەتی عێراق بووە، سەرنج بدەن لە ساڵانی 2006-2008 عەرەبی سونەی عێراق خۆیان هێزەکانی سەحوەیان پێکهێنان و ڕێکخراوی قاعیدەیان تێکشکاند، پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەی بۆچی لە ساڵی 2014 بەشێکی زۆری عەرەبی سونە پێشوازیان لە داعش کرد ، لێرەدا دیسان ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ، ئایا دەوڵەتی عێراق لە دوای سەرهەڵدانی داعش چەند زیانی لێکەوتووە، بێگومان تەنیا ئەو چاکیانەی لەلایەن سوپای عێراقەوە بۆ داعش بە جێهێڵران بایی 22-25 ملیار دۆلار بووە، لە ماوەی3 ساڵی شەڕی دژی داعشدا لانی کەم 200-100ملیار دۆلار خەرجی شەڕەکە بووە ، لە بەرامبەر ئەمەدا ئەگەر لە خۆمان بپرسین ئایا ئەڵمانیا یان فەڕەنسای دوای شەڕی دووەمی جیهانی بە چەند دووبارە بونیادنراوە، ئەوا بەپێی ئەو پارەی لە پلانی مارشاڵ بۆیان تەرخانکراوە، ناگاتە تەنیان ئەو پارەی کە لە ماوەی 3 ساڵی شەڕی دژی داعش بە فیڕۆ دراوە.

لە دوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش ، ئێمە وەک گەلی کوردستان لەو بڕوایەدا بووین کە حکوومەتی عەبادی پەندی لە میژوو و لە کارەساتی شەڕ وەرگرتووە، بۆیە ئێمە ڕای گەلی کوردستانمان وەرگرت بۆ ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی عەبادی بە دیالۆگ کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکەین، بەڵام لە بری زەمینەخۆشکردن بۆ دیالۆگ، حکوومەتی عەبادی هێرشی سەربازی کردە سەر کوردستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە عەبادی خۆشحاڵبوو بەوەی ئیرادەی بەشێک لە گەلەکەی خۆی تێکبشکێنێت، بەڵام نەیزانی زەنگاوێکی دیکە بۆ خۆی دروستدەکات و توانای ئەوەی نابێت ئاوی خواردنەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دابینبکات.

لە ئێستادا کە ژینگەیەکی تازەی سیاسی لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە، زۆر گرنگە لەم خولەی پەرلەمان دیبەتەکان بەوشێوەیە بەڕێوە بچن، کە بەرژەوەندی تەواوی عێراق لەبەر چاو بگێرێت و حکوومەت و پەرلەمان عێراقییەتی خۆی بسەلمێنێت، ئینجا داوای عێراقییوون لە کوردستان بکات.



ڕووسیا و تورکیا بەوردی چاودێری دۆخەکە دەکەن

دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە





خەبات/زانکۆ جاف

ناوچەی ئارام، بووەتە باسی گەرمی باکووری سووریا و هەرێمی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە هەیە. لەلایەکی دیکە چاوەڕواندەکرێت، سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لەمیانی گفتوگۆی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتن، سەرۆکی ڕووسیا، کە بڕیارە 23ی ئەم مانگە لە مۆسکۆ بەڕێوەبچێت، پرسی ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا تاوتوێ دەکات. لەگەڵ هەوڵەکانی واشنتۆن و ئەنقەرە بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنووری تورکیا و سووریا، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ش ڕایگەیاند، بەمەرج پشتیوانی لەو ناوچە ئارامە دەکات.

ناوچەی ئارام

ناوچەی ئارام، بووەتە باسی گەرمی باکووری سووریا و هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا و تورکیا و کوردیش لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە هەیە. وەکو ڕێگرییەک بۆ کۆتاییهێنان بەو هەڕەشانەی تورکیا لە هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە هاوبەشی ئەمەریکابوون لە شەڕی داعش، دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی بە قوڵی 20 میل لە ناو سووریا، لەدوای کشانەوەی هێزەکانیان لە باکووری سووریا ڕاگەیاند.

سنووری ناوچەی ئارام

بەپێی زانیارییەکان ناوچە ئارامەکە بەدرێژایی سنووری سووریا دەبێت بە درێژایی 460 کیلۆمەتر و قوڵایی 32 کیلۆمەتر. شار و شارۆچکەکانی 3پارێزگای سووریا دەگرێتەوە کە ئەوانیش: حەلەب، ڕەققە و حەسەکەن. ئەمەریکا دەیەوێت دروستکردنی ئەو ناوچەیە ببێتە دیفاکتۆی ڕوونەدانی گرژی و ڕاگرتنی بالانس لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانەکانی دیکەی لە باکووری سووریا، بەڵام هێشتا دیار نییە، ناوچە ئارامەکە چۆن و کێ بەڕێوەی دەبات. تورکیا لاری نییە لە دروستکردنی ناوچەی ئارام بەردێژایی سنووری سووریا، دەشیەوێت هێزەکانی یەپەگە بە قوواڵایی 30 کیلۆمەتر لەسەر سنووری خۆی دوور بکاتەوە، هەروەها مەبەستیەتی ئەو هێزانە ڕۆڵیان نەبێت لەبەڕێوەبردنی ناوچەی ئارامی باکووری سووریا.

پێشوازی لە بیرۆکەکە

هێزەکانی سووریای دیموکرات هەسەدە لە بارەی ناوچەی ئارام لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژە بەوەدەکات لە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام هاوکاردەبن، پشتیوانی لە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری سووریا دەکەن، بەمەرجێک گەرەنتی نێودەوڵەتی بۆ ناوچە ئارامەکە هەبێت. لە بنەڕەتدا دروستکردنی ناوچە ئارامەکە داوایەکی تورکیا بووە و بەهۆی ئەوەی تورکیا درێژترین سنووری لەگەڵ سووریادا هەیە، پێشتریش سەرۆکۆماری تورکیا ڕایگەیاندبوو، بەدرێژایی سنووەکانیان لەگەڵ سووریا ناوچەی ئارام دروست دەکەن، ئەنقەرە دەیەوێت دەستی بالای لە ناوچەکەدا هەبێت، بەڵام نازانرێت ئەمەریکاش هەمان بۆچوونی تورکیای دەبێت لەبارەی ناوچەی ئارام، یان ئەمجارەیان پشتی هاوپەیمانەکانی دەگرێت لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا.

مانەوەی گرێکوێرەکان

تۆڕەری پەیمانگای کارنگی ڕایدەگەیەنێت، پڕۆژەی دامەزراندنی ناوچەی ئارام بۆ بەرگریکردن لە کوردی سووریا ناڕوونە. یەزید سائیق تۆڕەری پەیمانگای کارنگی بە کوردپرێسی ڕاگەیاند، لە واقیعدا ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی پەرژینە، مەگەر ئەوەی تورکیا بیەوێت بێتە ناوچەکەوە و کۆنترۆڵی بکات. گوتیشی لە ڕاستیدا تورکیا دەیەوێت ناوچە ئارامەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئەگەر ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکرێت تورکیا زۆربەی شارە کوردنشینەکانی باکووری سووریا کۆنترۆڵ دەکات. ئاماژەی بۆ ئەوەش دەکات، لەم قۆناغەدا هێشتا دیار نییە مەبەستی ئەمەریکا و تورکیا لە پڕۆژەی ناوچەی ئارام چییە؟ ئەردۆغان ئەو پڕۆژەیەی بە چەشنێک بۆ نوێنەرانی خۆی لێکداوەتەوە کە لە بەرژەوەندیی سیمای سیاسی خۆیدایە، بەڵام ئەم بابەتە یارمەتییەک بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لە قۆناغی جێبەجێ کردندا نادات و سەرۆک کۆمارانی تورکیا و ئەمەریکا هەنگاوی کرداریان لەوبارەوە هێشتا ئەنجام نەداوە و ئەنجامیشی نادەن. ناوبراو ئاشکراشیکرد، سوپای ئەمەریکا دەیەوێت دڵنیا ببێتەوە لەوەی هێزەکانی یەپەگە و سوریای دیموکراتیک ڕووبەڕووی مەترسی نابنەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بابەتە قبوڵ دەکات کە هێزە کوردەکانیش دەبێت لە سنووری سووریا و تورکیا پاشەکشێ بکەن. ئەو تۆڕەرە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، ئەمەریکا و تورکیا باس لە ڕاستییەکانی ناوچەی ئارام ناکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن بە مەبەستی باشترکردنی سیمای سیاسی و پڕوپاگەندەی گشتی ڕاستییەکان بە پێچەوانە پیشان بدەن.

کۆبوونەوەی ڕووسیا و تورکیا

چاوەڕوان دەکرێت، سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە میانی گفتوگۆی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتن، سەرۆکی ڕووسیا، کە بڕیارە 23ی ئەم مانگە لە مۆسکۆ بەڕێوەبچێت، پرسی ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا تاوتوێدەکات. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، هامی ئاکسوی بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، لە ڕابردوودا بۆ دابینکردنی ئاسایشی پەنابەران، پێشنیازی ناوچەی ئارامان کرد، بەڵام پێشنیازەکەمان بۆ ماوەیەکی زۆر پەسەند نەکرا. گوتیشی: لەگەڵ هاوبەشە ڕووسییەکانمان ئەو پرسە تاوتوێ دەکەین و سەرۆک کۆماری تورکیا و سەرۆکی ڕووسیا لە 23ی ئەم مانگەدا ئەو پرسە یەکلا دەکەنەوە. هەروەها گوتی: ڕێگە نادەین پرسی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریا بکەوێتە خزمەتی چەکدارە کوردەکانەوە. سەبارەت بە ئیدلبیش، گوتی: ناکرێت بە هۆی هەراسانی تیرۆریستانەوە لە ئیدلب، ڕێککەوتنەکانی تورکیا و ڕووسیا شکستبهێنن. پێشتر سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا ڕایگەیاندبوو، ئەوان ئامادەکاری دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر باکووری سووریا و لەناوبردنی چەکدارە کوردەکان، کە ئەنقەرە بە گرووپی تیرۆریستی و درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دادەنێت.

بۆچوونی هەسەدە

لەگەڵ هەوڵەکانی واشنتۆن و ئەنقەرە بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنووری تورکیا و سووریا، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ش ڕایگەیاند، بەمەرج پشتیوانی لەو ناوچە ئارامە دەکات. لە ڕاگەیێندراوێکدا ناوەندی ڕاگەیاندنی هەسەدە ڕایگەیاند باس لە دامەزراندنی هەرێمێکی ئارام لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکرێت. ئێمە وەک هێزەکانی سووریای دیموکرات ئامادەین پشتیوانی لێبکەین بە مەرجێک لەژێر گەرەنتی نێودەوڵەتیدا بێت؛ هەموو پێکهاتەکانی هەرێمەکە لە مەترسی لەناوبردن پارێزراوبن و ڕێگە لەبەردەم دەستوەردانی دەرەکی بگیرێت. یەپەگە هێزی سەرەکی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات ناسراو بە (هەسەدە)یە، لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا دەسەڵاتی هەیە و ئەمەریکاش پشتیوانی دەکات.

هەسەدە دەڵێت هێزەکانمان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و ڕێکخراوە توندئاژۆکانی دیکە، بە هاوکاری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ئەمەریکا سەرۆکایەتیی دەکات، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، ئێستا و هەردەم ئەرکی پاراستنی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بەتەواوی جێبەجێدەکات. جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەرێمە هەموو پێکهاتەکانی سووریا بەیەکەوە تێیدا دەژین. لە ڕاگەیێندراوەکەدا هەسەدە پەیامێکی ئاراستەی تورکیاش کردووە و ڕایگەیاندووە هیچ مەترسییەکمان لەسەر دەرەوە بەتایبەت لەسەر تورکیا نییە. هیوادارین لەگەڵیان بگەینە لێکتێگەیشتن و چارەسەرێک کە ئارامی هەرێمەکە لەسەر سنوور دابینبکات.

ڕاگەیێندراوەکەی هەسەدە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند، لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تاوتوێی ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی ئارام، کە 20 میل دەبێت، لە باکووری سووریا دەکەن.

مالیکی و عەبادی

ئۆبالی هاتنی سوپای ئەمەریکا دەخەنە ئەستۆی یەکتر





ئا: خالید گەردی

هەندێ لە لایەنە شیعەکان بەمەبەستی گوشارخستنە سەر پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەدەرنانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق هەوڵەکانیان چڕترکردووەتەوە، بەتایبەتیش دوای سەپاندی گەمارۆ بەسەر ئێران و سەردانە نهێنییەکەی دۆنالد ترەمپ بۆ بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە ئەنبار بێ ئەوەی چاوی بە بەرپرسە عێراقییەکان بکەوێت، تەنانەت ئەو لایەنانەی نیگەرانی خۆشیان لە نمایشی سوپای ئەمەریکا لە شەقامەکانی پایتەخت و سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش بۆ عێراق دەربڕیو، هۆشداریشیان داوە ئەگەر حکوومەت و پەرلەمان بەدەم داواکەیانەوە نەچێت ڕێگای دیکە دەگرنەبەر. گوشارەکان وایکردووە لایەنە شیعەکان هەر یەک ئەوەی دیکە بە هۆکاری مانەوە و هاتنی سوپای ئەمەریکا بۆ عێراق تاوانبار بکات و خۆیان لەبەر ببەنەدەر. لەمبارەیەوە هاوپەیمانی نەسر و گوتوویانە؛ تۆمەتەکانی نێو بەیاننامەکەی هاوپەیمانی نەسر بێ بنەمان و تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆری تیا کراوە، مەبەستیان تەنیا خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی سەرشانیان لە بەرامبەر بەکارهێنانی سوپای ئەمەریکا و پێدانی بنکەی هەمیشەیی پێیان.

ئەیلوولی 2014هێناوە بە دوو مانگ پێش ئەو بەرواردە وەرگرتنی پۆستەکەی سوپای ئەمەریکا لەسەر داوای مالیکی هاتوونەتە عێراق. لە لای خۆشیەوە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی وەڵامی بەیاننامەکەی هاوپەیمانی نەسریان داوەتەوە بکات، ئەم ڕاستییەش لە بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان چەسپاوە، لە بەیاننامەکە جەخت لەوەش کراوەتەوە کاتێ حەیدەر عەبادی متمانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بۆ پێکهێنانی حکوومەت بە دەست لە 8ی مانگی کە دکتۆر حەیدەر عەبادی سەرۆکایەتی دەکات بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە و وەک پەرێزپاکردنەوەیەک تیایدا هاتووە لە سەردەمی حکوومەتەکەی نووری مالیکی لە بەروارى 24ی حوزەیرانی ساڵی 2014 دوای هێرشەکانی داعش و کەوتنی چەند پارێزگایەک بەدەستیانەوە، حکوومەتەکەی مالیکی بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان عێراق ئەمەریکا داوای لە حکوومەتی ئەمەریکا کردووە هێز ڕەوانەی عێراق بکات و ڕۆنامەنووسانی ڕاگەیاند، لە ڕابردوودا بۆ دابینکردنی ئاسایشی پەنابەران، پێشنیازی ناوچەی ئارامان کرد، بەڵام پێشنیازەکەمان بۆ ماوەیەکی زۆر پەسەند نەکرا. گوتیشی: لەگەڵ هاوبەشە ڕووسییەکانمان ئەو پرسە تاوتوێ دەکەین و سەرۆک کۆماری تورکیا و سەرۆکی ڕووسیا لە 23ی ئەم مانگەدا ئەو پرسە یەکلا دەکەنەوە. هەروەها گوتی: ڕێگە نادەین پرسی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریا بکەوێتە خزمەتی چەکدارە کوردەکانەوە. سەبارەت بە ئیدلبیش، گوتی: ناکرێت بە هۆی هەراسانی تیرۆریستانەوە لە ئیدلب، ڕێککەوتنەکانی تورکیا و ڕووسیا شکستبهێنن. پێشتر سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا ڕایگەیاندبوو، ئەوان ئامادەکاری دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر باکووری سووریا و لەناوبردنی چەکدارە کوردەکان، کە ئەنقەرە بە گرووپی تیرۆریستی و درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دادەنێت.

بۆچوونی هەسەدە

لەگەڵ هەوڵەکانی واشنتۆن و ئەنقەرە بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنووری تورکیا و سووریا، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ش ڕایگەیاند، بەمەرج پشتیوانی لەو ناوچە ئارامە دەکات. لە ڕاگەیێندراوێکدا ناوەندی ڕاگەیاندنی هەسەدە ڕایگەیاند باس لە دامەزراندنی هەرێمێکی ئارام لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکرێت. ئێمە وەک هێزەکانی سووریای دیموکرات ئامادەین پشتیوانی لێبکەین بە مەرجێک لەژێر گەرەنتی نێودەوڵەتیدا بێت؛ هەموو پێکهاتەکانی هەرێمەکە لە مەترسی لەناوبردن پارێزراوبن و ڕێگە لەبەردەم دەستوەردانی دەرەکی بگیرێت. یەپەگە هێزی سەرەکی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات ناسراو بە (هەسەدە)یە، لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا دەسەڵاتی هەیە و ئەمەریکاش پشتیوانی دەکات.

هەسەدە دەڵێت هێزەکانمان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و ڕێکخراوە توندئاژۆکانی دیکە، بە هاوکاری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ئەمەریکا سەرۆکایەتیی دەکات، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، ئێستا و هەردەم ئەرکی پاراستنی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بەتەواوی جێبەجێدەکات. جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەرێمە هەموو پێکهاتەکانی سووریا بەیەکەوە تێیدا دەژین. لە ڕاگەیێندراوەکەدا هەسەدە پەیامێکی ئاراستەی تورکیاش کردووە و ڕایگەیاندووە هیچ مەترسییەکمان لەسەر دەرەوە بەتایبەت لەسەر تورکیا نییە. هیوادارین لەگەڵیان بگەینە لێکتێگەیشتن و چارەسەرێک کە ئارامی هەرێمەکە لەسەر سنوور دابینبکات.

ڕاگەیێندراوەکەی هەسەدە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند، لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تاوتوێی ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی ئارام، کە 20 میل دەبێت، لە باکووری سووریا دەکەن.

هەمیشەیی و دەسەڵاتی جوڵەی سەربازییان لەسەر خاک و ئاسمانی عێراق بەخشیوەتە سوپای ئەمەریکا، سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ بۆ عێراق ئەو ڕاستییانەی دەرخست کە حکوومەتەکەی عەبادی چ دەسەڵاتێکی بە بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا بەخشیوە کە پێچەوانەی سادەترین بنەمای سەروەری عێراقن.

شایانی باسە بەغدا و واشنتۆن ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان لە ساڵی 2008 لە سەردەمی جۆرج بوشی کوڕ واژۆو کرد و ڕێککەوتنەکە ڕێگای لەبەردەم چوونە دەرەوەی سوپای ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵی 2011 خۆش کرد، هەر لەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە پەیوەندی عێراق و ئەمەریکای لە چەندین بوار بە تایبەتیش لە بواری سەربازی و ئابووری دەستنیشان کردووە.

سەرچاوە: ئەلشەرقولئەوست

بیرمەندی سیاسیی عەرەب (حەسەن عەلەوی):

دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵە دواکەوتووە

هەڤپەیڤین: نووری بێخاڵی

حەسەن عەلەوی، ڕووناکبیر و بیرمەندی سیاسیی عێراقی، لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرنامەی (هەڤپەیڤین)ی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان24) ڕایگەیاند:"دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵە دواکەوتووە". عەلەوی لە بارەی ئەوەی، کە چۆنە وەک عەرەبێک ئاوا داکۆکی لە دۆزی کورد دەکات، دەڵێ:"مرۆڤایەتیی من گەورە نابێت، ئەگەر تەنیا ڕۆڵەی نەتەوەکەمم خۆش بوێت، بەڵکو بەوە گەورە دەبێت، کە ڕۆڵەی نەتەوەکانی دیکەم خۆش بوێت". سەبارەت بە کورد و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیشی گوتی:" کوردەکان گەر وەک نەتەوە لێیان نزیک بیت، دەزانی گەلێکی ئاشتیخواز و باش و ڕاستگۆن و کێشەکەیان ڕەوایە. لە ساڵی 1961وە تا ئێستا، کە تێکەڵی میتۆووی کورد بوومە، چەندە لە میتۆووی کورد قوڵ دەبمەوە، دەبینم ساڵانێکی زۆرە، لە دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان دواکەوتوون، تەنانەت لە پەرتووکە نوێیەکەم بە ناوی "دەوڵەتی کوردی دواڕۆژەکانی بێدەنگی" کتێبەکە هێشتا دەستنووسە و دووبارە ناونیشانەکەیم بۆ "دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵ چاوەڕوانی" گۆڕی. دەڵێم: ئەگەر هەر ئەمڕۆش دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت، ئەوا هێشتا 100 ساڵە دواکەوتووە. ئەگەر ڕاستتریش بڵێین، ئەوا دەوڵەتی کوردی 500 ساڵ دواکەوتووە، واتا لە چەنگی چاڵدێرانەوە، لە ساڵی 1514".

تێبینی: ئەم هەڤپەیڤینە لە 1ی نیسانی 2016 ئەنجام دراوە و لە شاشەی (کوردستان 24) پەخش کراوە، بەڵام لەبەر زیندووێتیی ناوەڕۆکەکەی و بایەخ و گرنگیی بابەت و تەوەرەکانی، ئێمە وەک ڕۆژنامەی (خەبات) بەپێویستمان زانی، دووبارە و بە زنجیرە، بڵاوی بکەینەوە.



*** کوردستان 24**: پێمخۆش بوو بێمە سەر ئەو پرسیارە، چونکە مامۆستا حەسەن عەلەوی وەک بیرمەندێکی سیاسی و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس، خاوەنی زمان و چەمکگەلی تایبەت بە خۆیەتی. بەڕاست، پشکی کورد لەو زمانە و چەمک و دەستەواژەکانیدا چییە و چەندە؟

ـ عەلەوی: لێکۆڵینەوە بەرەو چەمک دەتبات، من هەمیشە خۆم لە چەمکە باوەکان دەپارێزم، چونکە ئێمە بەرهەمان نەهێناون، تەنانەت دەستەواژەی (ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست)، نە لە جوگرافیا و نە لە میتۆوودا باس نەکراوە. ئەوە ئەورووپییەکان دایانهێنا، ئەویش لەو بڕوایەی کە ئەوان چەقی گەردوونن، ئەوانەی لێیانەوە دوورن، ڕۆژهەلاتی دوورە و ئەوانەی لێیانەوە نزیکن، ڕۆژهەلاتی نزیکە، لەنێویشیاندا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە.

کاتێک ئێمە وەک دەوڵەتی ئیسلامی، سەرکردایەتیی جیهانمان دەکرد، چەقی گەردوون لای ئێمە، کەعبە بوو. ئەوەی لێی دوور بوو، ناومان نا ڕۆژئاوای دوور، کە مەغریبی ئێستایە. لەکاتێکدا کە ئێستا مەغریب بۆ ئەورووپا، ڕۆژهەلاتی نزیکە، بۆیە من بەردەوام خۆم لە چەمکە ئەورووپییەکان دەپارێزم. هەر لەبەرئەوەیش، کاتێ کە بەرێوبەری ڕۆژنامەنووسی بووم، بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستم تەحریم کرد، تۆ ناوی بنێ ناوچەکە.

بەهەرحاڵ، با بێینەوە سەر باسی خۆمان سەبارەت بە کورد. چوار، یان پێنج مانگ، یاخود ساڵێک پێش ئێستا، چەمکێکم دۆزیەوە، ئەویش چەمکی (نەتەوەی چواردەم)ە، کە ڕەنگە یەکەم جاریش بێت کورد ئەم چەمکە ببیستێ. مەبەستم لەم چەمکە ئەوەیە (با بگەڕێینەوە سەر ناوەکە، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست)، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سێ نەتەوەی مەزن هەن، (تورک و فارس و عەرەب). ئەوانە هەموویان دەوڵەتیان هەیە و خاوەنی شارستانییەتن. عەرەب فاتیحن، تورک و فارسیش هەروا. لەنێو ئەم سێیانەدا نەتەوەیەک هەیە، چەندە هەوڵیدا هەڵسێت و دەرکەوێت، ئەوان لێیداوە و سەرکوتیان کردووە و لەم ڕووەوە پشکی زۆری کوشتن و لە سێدارەدانی بەرکەوتووە. دادگاکانی ئیستیقلالی تورکیا لە تەنیا مانگێکدا، (٦٦٠) کوردیان لە سێدارە دا. ئەو دادگایەی لە مهاباد دژی (قازی موحەمەد) لە دوای کۆماری مهاباد (ڕاستییەکەی کۆماری دیموکراتی کوردستانە - ن) دانرا، قازی و هاوڕێکانی لە سێدارە دا و چوار ئەفسەرە کوردەکەیشی بۆ بەردەم پەتی سێدارە، ڕەدستی عێراق کردەوە. بەگشتی، نەیانهێشت ئەم نەتەوەیە هەڵسێتەوە سەر پێی خۆی. بۆیە کاتێک من دێم بەرگریان لێ دەکەم، پێم دەڵێن تۆ زایۆنیستی و بزووتنەوەکەیان زایۆنیستییە. لەکاتێکدا ئەگەر بۆ واقیع بگەڕێیتەوە، ئەوا نەتەوەی چوارەمی ناوچەکە، نەتەوەی کوردە. نەتەوەیەکە لە خۆمان، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، موسڵمانە و لە خۆمانە، دراوسێی ئێمەیە، خاکەکەی مۆڵکی خۆیەتی و خاکی هیچ کام لە ئێمەی نەبردووە. خاکەکە هی خۆیەتی و دابەش کراوە، کەچی ئەوان (مەبەستی تورک و فارس و عەرەبە - ن) دەڵێن نەتەوەی چوارەم، ئیسرائیلی و زایۆنیستەکانن، کە بە هەمووان نامۆیە و ئینتیمای بۆ ئێمە نییە. ئەوان ددان بە زایۆنیزمدا دەنێن، وەک نەتەوەی چوارەم، بەڵام دان بە کوردا نانێن وەک نەتەوەی چوارەم.

لێرەوە من ڕووم لە ئێوەیە و دەڵێم: نەتەوەیەک هەیە، ئەگەر ئەمڕۆ ئەو نەتەوەیە بەشێک لە ئومەی ئیسلامی.

دواجار دەوڵەتی ئیسلامیش دابەش بوو، ئەفغانییەکان هاتن و دەوڵەتیان دامەزراند، کەس پێی نەگوتن جوداخوازەکان. ئێرانییەکان دەوڵەتیان دامەزراند و کەس پێی نەگوتن جوداخواز. تورکەکان کە سەرکردایەتیی دەوڵەتی عوسمانیان کرد، وازیان لە خەلافەت هێنا و کەس پێی نەگوتن جوداخواز، کەچی تاکو ئێستا بە کوردەکان دەڵێن جوداخوازەکان. دەی کورد بەشێک نەبووە لە ئومەت، تا لێی جیا ببێتەوە، نە لە ئومەی تورک بووە تا لێی جیا ببێتەوە، نە لە ئومەی ئێرانی و عەرەبیش، تا لێیان جیا ببێتەوە، کەواتە ئەو دەکەوێتە سنووری جوگرافیاستان. دەی باشە، بۆ ئێمە بە ئەفغانی و تورک و فارسەکانمان نەگوت جوداخواز، کەچی بە کورد بڵێین جوداخواز؟ کەواتە کورد جوداخواز نییە، سەربەخۆیبخوازە.

هەڵەی گەورەی کورد ئەوەیە، کە تا ئەمڕۆش، گیرۆدەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییە. تکایە بزووتنەوەی سەربەخۆیبخوازی بەکار بهێنن، چەمکەکان بگۆڕن. چونکە چەمک زۆر گرنگە، تۆ ئێستا لە قۆناغی بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازی دایت، تۆ بۆ لە سەربەخۆیی دەترسیت؟ ئەوە فۆبیای کوردییە.

جارێکیان بابەتێکم لەو بارەیەوە پێشکەش کرد، خەریک بوو خەڵک لەسەر مینبەرەکە جەدەلە نەتەوەییەی کە دەمەوێ بە کوردەکانی ڕابگەیەنم ئەوەیە، کورد دەسەڵاتی دروست کرد و دەوڵەتی دروست نەکرد. تۆ کە دەسەڵات دروست دەکەیت، دەسەڵات وەک شێرێ برسییە، ئەوەی هەیە و نییە، هەڵیدەلوشێت، پێگە و پارە و دەسەڵات و هیتر. گەل تازە لە شۆڕشدا دەرچووە، تازە ڕزگاری بووە، ڕێک دەیگوازێتەوە بۆ دەسەڵات، لەکاتێکدا دەسەڵات هەموو گەل لە خۆی ناگرێت، نە هەموو شۆڕشگێڕەکانیش. دەسەڵات بەشێکی زۆر بچووکە لە گەل، کەچی ئێستا ئەو بۆتە هەموو گەل. خەڵکیش هەموو سەیری دەکات، چونکە هەموو خەوش و کەموکوڕییەکان لەودا کۆبوونەتەوە، بەڵام دەوڵەت بنەڕەت و بناغەکەیە. بۆیە کە دەسەڵات بەبێ دەوڵەت دادەمەزرێندرێت، وەک شێرێکە لە دەرەوەی قەفەسەکان. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە تەماشا دەکەیت، ئەزموونی فەلەستین وەکو ئەزموونی کوردی، دەسەڵاتێکیان بۆ دامەزراندن، بەڵام خاکێکیان بۆ دیاری نەکردن و دەوڵەتیان نییە. ئەوە چۆن دەسەڵات دروست دەکەن؟ حکوومەتێکی کاتیان بۆ ماوەی شەش مانگ، یان یەک ساڵ بۆ دروست دەکەن. ئێوە زیاتر لە بیست (ڕاستییەکەی چارەگە سەدەیەک و زیاتریشە - ن) ساڵە دەسەڵاتتان هەیە، بۆیە هەڵەی گەورەی ئێستا ئەوەیە، کە دەسەڵاتی ئێوە دەوڵەتی خوارد و دەوڵەتی لەیاد کرد، هەنووکە ئێوە وا دەزانن لەناو دەوڵەت دان، کەچی ئێوە لەناو دەوڵەتدا نین.


*** کوردستان 24:** بەڵام ئێستا هەوڵ هەن بۆ یەکخستنەوەی نێو مالی کورد، لەناویاندا هەوڵەکانی بەڕێز (مەسعوود بارزانی - سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، کە بەداخەوە هەندێک هەن دژایەتیی دەکەن. خوێندنەوەتان بۆ ئەو هەوڵانەی بەڕێز بارزانی چییە؟

ـ عەلەوی: هەوڵەکانی سەرۆک مەسعوود دڕەنگ هاتن، دەبوا زووتر و ڕاستەوخۆ، ئاماژەی بە دروستکردنی دەوڵەت بدابوایە. سەیرکە، لە ڕووی میتۆوویییەوە دەوڵەتیان داوەتە کورد، کەچی کورد خۆی لێی ڕا دەکات. واتە خوا و سروشت دەوڵەتی دەداتێ، بەڵام ئەو لێی ڕادەکات. بۆ نموونە: بەرلەوەی لە ساڵی 1920 عێراق دابمەزرێت، (شێخ مەحموودی حەفید) شانشینی هەبوو، باشە بۆ ئەوکات ڕێک نەکەوتن؟ ئەوە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، واتە ساڵی 1920، عێراق ساڵی 1921 دامەزرا. سەدام ڕووخا و عێراق دەوڵەت نەبوو، دابەش ببوو، هەر کەسە و بەڵای خۆیدا چوو، بۆ دەوڵەتتان دانەمەزراند؟ دەوڵەتی عوسمانی ڕووخا و خەلافەت نەما، تورکەکان پشتیان تێکردن، وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی بەڵقان لێی کشانەوە، ئەی ئێوەی کورد بۆ خەوتوون؟

بۆیە بە ڕاشکاوی دەیڵێم، کە سەرۆک کوردەکان، سەرۆک هۆزەکان و سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەوان بەرپرسن لە دواکەوتنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نەک گەلی کورد.

*** کوردستان24:** ئەوەی حەسەن عەلەوی لەو نووسەرانە جیا دەکاتەوە، کە لەبارەی پرسی کورد نووسیویانە ئەوەیە: عەلەوی وەک گشتێکی یەکگرتوو باسی کورد دەکات، واتە وەک یەک گەل و یەک خاک، نهێنیی ئەمە لە چی دایە؟

ـ عەلەوی: چونکە من کورد نیم، کەچی کورد ئێستاش لەناو خۆیدا، ناوچەگەری و حزبایەتی ڕەچاو دەکات. من ناوچەیەک لەبەر چاو ناگرم، ئەوە هەمووی گۆڕی خاوەنەکانمە، ئەوە هەر هەمووی خاکی کوردستانە. ئیتر دهۆک بێت، یان لە کەرکووک، یاخود سلێمانی و هەولێر. لەبەر ئەوەی من کورد نیم، بۆیە هەست بە ناوچەگەری ناکەم، هەروەها بەشێک نیم لە ملمالێ، حزبی نیم، سەرۆکێکم نییە، من خۆم بە یەکێک لە سەرکردەکانی کورد دەزانم. من سەر بە هیچ لە سەرکردەکان نیم، ئەوانەش کە لەم وێنانە دان (سێ لای دواری ژووڕەکەی، پڕ بوون لەو وێنانەی لەکاتی جیاوازدا لەگەڵ شا و سەرۆکی وڵاتاندا گرتوونی). جگە لە (جەلال تاڵەبانی)، ئەوانەی لە تەمەنی من، کەسیان نەماون. ئێمە لە یەک نەوەی سیاسیین (مەبەستی لە ڕەوانشاد مام جەلالە، کە ئەوکات لە ژیاندا بوو - ن)، نەوەی بەرەی نیشتمانین، کە ساڵی 1957 دامەزرا. ئەوکات ئەو قوتابی کۆڵێژی ماف بوو، منیش قوتابی کۆڵێژی ئەدەبیات بووم، کە بەرە دامەزرا، ئێمە قوتابی بەرەی نیشتمانی بووین. ئەوانی تر هاوتەمەنی من نین، تەمەنی من پێش ئەوانە، کاری سیاسیی من پێش ئەوانە و دواتر ئەوانم ناسین، وەکوتر (مستەفا بارزانی) بەشێک نەبوو لە کاری سیاسی ناوخۆ، بەڵکو ئەو لەناو شۆڕش و شاخ بوو.





لە کتێبی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری رووناکبیرانی شاری سلێمانی"دا

فوئاد عارف، کەسایەتیی سیاسی و سەربازی ناسراوی کورد:

گەنجان سەردانی مەلا مستەفا بارزانی . یان دەکرد، زیاتر ئەو گەنجانە بوون کە رۆشنبیر بوون و سەرسام بوون بە بارزانی و بە حورمەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد

زانیار سەردار قرگەیی

یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسی و سەربازییە ناسراوانەی کورد کە زیاتر لە چل ساڵی ڕەبەق ڕۆڵی کارا و ئەکتیڤی گێڕاوە لە حکوومەتی عێراقدا (فوئاد عارف)ە، کە هەر لە پلەی یاوەر هەتا وەزیر، هەتا جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بووە. ئەم کەسایەتییە لەدایکبووی ساڵی 1913ی شاری سلێمانییە، کەسایەتییەکی خۆشەویست و بەڕێزە لای هەموو کەس و دیوەخانەکەی کراوە بووە بۆ میوانان بە بەردەوامی، لە شاری بەغدا هەمیشە هاوکاری ڕۆڵەکانی کورد بووە.

1

ناوی تەواوی (فوئاد عارف سەید مەحمود شێخ ئیسماعیل)ە، کوڕی مامی شێخ مارفی نۆدێیە و لە بەرزنجییەکانە، لە کۆڵیژی سەربازی بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە، هاوڕێی (مەلیک غازی)ی مەلیکی عێراق بووە لە کۆلیژی سەربازی لە بەغدا، دوای دەرچوونیشیان دانراوە بە یاوەری عەسکەریی مەلیک لە ساڵی 1936، پلە بە پلە بەرز بووەتەوە و چەند پایەیەکی گرنگی وەرگرتووە (وەکوو فەرماندەی ڕێکاری سەربازی لە بەغدا، فەرماندەی حامیەی سلێمانی، لەو کاتەدا کە بارزانییەکان دەربەدەری شاری سلێمانی کرابوون، ئەمیش وەک هەموو کەسایەتییەکانی سلێمانی سەردانی بارزانییەکانی کردووە و بووەتە هاوڕێیەکی نزیک و خۆشەویستی بارزانی، لە گەڕانەوەی بارزانی و هاوەڵانیدا لە ڕووسیاوە بۆ عێراق، ناوبراو ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958بە پارێزگاری کەربەلا دانراوە، دواتر بووە بە وەزیری دەوڵەت، پاشان وەزیری کشتوکاڵ بە وەکالەت. دواتر بووە بە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، لەدوای ساڵی 1963بووە بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەکو کورد ئەو پۆستەی وەرگرتووە.

بە گوتەی سیاسەتمەدارانی کورد، (فوئاد عارف) خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەی کورد کردووە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ئەو پۆستانەی هەبووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەی و جێگەی بڕوا و متمانەی بارزانی بووە، هەمیشە هەوڵی لێک نزیک بوونەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکوومەتی داوە و پشتگیری شۆڕشی کورد بووە، بەردەوام لەگەڵ شانەکانی حکوومەتی عێراق بووە بۆ لای بارزانیی نەمر. چەندین جار بارزانی بینیوە و لە لای ماوەتەوە. ئێستا خانەنشینە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، بیرەوەرییەکانی بەشی یەکەمی دەرچووە و ئێستاش بەشی دووەمی چاپ کراوە، کە د.کەمال مەزهەر پێیدا چووەتەوە و پێشەکی بۆ نوسیوە.

هەرچەندە باری تەندروستی خراپە و تەمەنێکی زۆری پڕ بەخششی بەسەر بردووە، هەوڵماندا ئەم دیدارەی سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان و بارزانی لە سەردەمانی پێشوودا لەگەڵدا ساز بدەین. بەداخەوە لە ئێستادا لە ژیاندا نەماوە.

*** فوئاد عارف، سەبارەت بە پەیوەندی و ئاشنایەتیی لەگەڵ بارزانی و بارزانییەکان بۆمان دوا و گوتی:**

– سەرەتای پەیوەندیم بە بارزانییەوە یان زانیاریم لە بارەی بارزانیی نەمر و بارزانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی 1930، لە کاتێکدا کە لە کۆلیژی سەربازی دەمخوێند، لەو کاتانەدا (ماجد مستەفا)ی خاڵم خەریکی لێک نزیک بوونەوەی بیروڕاکانی حکوومەتی ئەو کاتەی عێراق و سەرکردە بارزانییەکان بوو، ئەو دەمە (شێخ ئەحمەد بارزانی) ڕازی بوو بە نادنی نوێنەری خۆی (مەلا مستەفا)ی بەرای بۆ شاری بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی (مەلیک فەیسەڵی یەکەم)، ئەمەش بۆ نیشاندانی نیازپاکی، چونکە بە شێوەیەکی گشتی لەو کاتانەدا بارودۆخی کوردستان ناجێگیر بوو، لەبەر ئەوەی هەر هەنگاوێک لەو بارەیەوە دەبووە هاندەر و یارمەتی بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشە، شێخ ئەحمەد ڕەزامەندیی خۆی نیشاندا بە پێشنیازەکەی ماجد مستەفا، کەواتە دەتوانین بڵێین شێخ ئەحمەد پێشنیازەکەی سەلماند، دواتر هەردووکیان خاڵم و مەلا مستەفا هاتن بۆ بەغدا، تەوەرێکی دیکەی سەردانەکەی بارزانی لەسەر مەسەلەی ئینگلیزەکان بوو، چونکە ئینگلیزەکان وێستیان کێشە دروست بکەن، بەوەی کە ئاشووریەکان کە تورکیا لێی دابوون بیانهێنێت بۆ عێراق و لە ناوچەی (خستاوییە) دایان بنێت و نیشتەجێیان بکات، سەیریان کرد کە هەر کارێ بکەن هیچ کەس نییە کە معارەزەیان بکات و ئەوەی هێزی هەبێت تەنیا شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانن.

ئینگلیز حەزی نەدەکرد خۆی ئەو شەڕە لەگەڵ (شێخ ئەحمەد)دا بکات، وێستی عێراقیش تێوە بگلێنێ، بۆیە حکوومەتی عێراقیان ڕاسپارد کە لەگەڵ شێخ ئەحمەددا قسە بکات، مەلا مستەفا هات بۆ بەغدا کە بڵێ ئێمە نامانەوێ سەربازی ئینگلیز لە ناوچەکەماندا بێت و کێشەمان بۆ دروست بکات، واتە ناوچەی (بلە)، چونکە لەو کاتەدا سەربازگەی ئینگلیز لە دەڤەری (بلێ، دیانا، شوعێبییە، حەبانییە) هەبوون.

مەلا مستەفا بارزانی لەو سەردانەیدا (20تا 30) چەکداری لەگەڵدا بوو، هەموویان لە ئۆتێلی دیجلە لەنزیک پردی (الاحرار) کە ئەوسا (جسر المود) بوو، ئێمە و قوتابییە کوردەکانی بەغدا دیدەنیمان کردن، چەند جارێکی تریش لە شوێنی جیاوازەوە دیان سەرمان لێدا.

جارێکیش لەگەڵ ئەو قوتابییانە میواندارییان کردن بۆ بینیی یەکێک لە فیلمە نیشتمانییەکان، لەو کاتانەدا فیلم دەنگی نەبوو، لەبەرئەوە هاوڕێم (د. ئیبراهیم فەتاح) کە لەگەڵمان بوو زمانی ئینگلیزی باش دەزانی و هەستا بە وەرگێڕانی ڕستە چاپکراوەکانی سەر شاشەکە، کە ژێرنووسکراو بوو بە زمانی ئینگلیزی، لەوکاتەدا وەرگێڕەکە هەستی جوولا، لەبەر ئەوە وا بەبیرمدا دێت کە مەلیک فەیسەڵ فەرمووی لە بارزانی کرد بۆ نانخواردن لەگەڵیدا، لەو کاتەدا بارزانی لە هەڕەتی لاوێتیدا بوو.

*** سەبارەت بە دەربەدەری بارزانییەکان و ڕاگواستنیان بۆ شاری سلێمانی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی خەڵکی لەگەڵیاندا، فوئاد عارف گرتی:**

– لەوکاتەدا کە بارزانییەکان لەسەر کوردایەتی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیاندا ئاوارە و دەربەدەر کرابوون و پاش چەند شوێنێک دواجار لە شاری سلێمانیدا نیشتەجێ کران، لە بەرەبەری کۆتایی سالانی سییەکاندا بوو، جگە لەوەی لەسەر کوردایەتی دەربەدەر کرابوون، خۆشیان کەسانێکی زۆر بەڕێز بوون، بەتایبەتی شێخ ئەحمەد بارزانی هەیبەت و شەخسیەتێکی تایبەتی هەبوو. هەموو ئەو خەڵکانەیان پابەند بوون پێوەی، لەو کاتەدا هەموو خەڵکی شاری سلێمانی بە چاوێکی زۆر بەڕێزەوە تەماشایان دەکردن، بەردەوام خەڵکی ئەم شارە لە تەندروستی و بار و گوزەرانی ژیانی بارزانییەکانیان دەپرسییەوە، هەرچەندە ئەوان لەژێر چاودێریشدا بوون، بەڵام خەڵکی ئەم شارە بەردەوام سەردانیان دەکردن، بەتایبەتیش تۆڕێی گەنجان سەردانی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد، کە زیاتر ئەو گەنجانە ڕۆشنبیر بوون و سەرسام بوون بە بارزانی و بە حورمەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. من خۆم ئاگادارم، لەو کاتەدا کە خەڵکی ئەم شارە چەند بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن و تەنانەت کۆمەکیشیان پێشکەش دەکرد، خەڵکی سلێمانی خۆشیان زۆر بە نموونەن بۆ خەڵکی لێقەوماو و غەریبە زۆر باش و بە هەڵوێستن.

بۆ جاری دووەم لە ساڵی 1939، لەو کاتەدا من بوومە یاریدەدەری ئامر فەوج لە شاری سلێمانیدا و چاوم بە بارزانی کەوت و یەکترمان بینی، بارزانیش دوور خرابووەوە بۆ ئەم شارە و هەمیشە و بەردەوام ئێمە یەکترمان دەبینی، پەیوەندیمان باش و خۆش بوو، هەروەها من سەردانی شێخ ئەحمەدی برا گەورەیم دەکرد و بارزانیش بە سەردان دەهاتە ماڵمان، لەو کاتەدا بەردەوام بارزانی لەگەڵ منداببو، پەیوەندیمان ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر و بەتین تر دەبوو، دەشمزانی کە ئەو بەردەوام خەریکی کوردایەتییە لەم شارەدا و ئێمەش پشتگیریمان دەکرد.

ماڵی بارزانی لە لای ماڵی (بابەعەلی شێخ مەحمودی حەفید)ەوە بوو، لای گەڕەکی کانیسکان و لای ماڵی (حاجی قادری جەبار). هەتا جارێکیان مەلا مستەفا هاتە لام کە ڕۆژی جەژن بوو لە ساڵی 1939بوو، من پیرۆزبایی جەژنم لێ کرد، ئەو گوتی: کاک فوئاد جەژنی چی، کە من نەتوانم جل و بەرگ و شتومەک بۆ خێزانە لێقەوماوەکانی بارزانییەکان بکڕم، کە ڕووت و کەمدەستن، ئیتر جەژنی چی!!!

بە ڕاستی ئەوەندە بە کزۆلییەوە باسی ئیرەییان بە بارزانی دەبرد و دەیان گوت: (نابێ دوو زەعیم لە وڵاتێکدا هەبن)، وردە وردە کەریم قاسم پەیوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی خراپ بوو و لە بارزانی دوور دەکەوتەوە، بەڵام بارزانی بەپێچەوانەوە بوو، حەزی دەکرد ئەو گرژییە بڕەوێنێتەوە و دۆستایەتی پتەوتر بکات، لە هەمان کاتدا بارزانی شتی لەبەرچاو بوو، زۆر مەمنوونی کەریم قاسم بوو، چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە لە سۆڤیەت گەڕایەوە. بارزانی پیاوێکی زۆر بە وەفا بوو، هەر کەسێک چاکەیەکی لەگەڵدا بکردایە بۆ هەتا هەتایە لەبەرچاوی بوو.

پاشان کۆمەڵێک کاری تر ڕوویاندا و گرژییەکان بەردەوام بوون، هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە بارزانی بەغدا بەجێ بهێڵێ و دواتر بارزانی ئیعلانی شۆڕشی ئەیلوولی کرد و لە 11ی ئەیلوولی 1961 شەڕ دەستی پێکرد و منیش ئیستقالەم کرد.

کە من دەست لەکارکێشانەوەم ڕاگەیاند، دواتر لە ساڵی 1963کوردەتا کرا، ئینجا حکوومەتی تازەی عێراق داوای گەڕانەوەیان لێ کردم، منیش بەر لەوەی بچمەوە سەر کار مەرجم دانا، مەرجەکەش ئەوەبوو کە شەڕ لەگەڵ کوردەکان ڕاوەستێ، ئەو دەمە (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) سەرۆک وەزیران بوو، پێشتر من پەیوەندیم پێیانەوە هەبوو، جارێکیان ئەحمەد حەسەن بەکر بەنیاز بوو سەردانم بکات، منیش ڕەتم کردەوە، بەڵام لەدواییدا بابە عەلی شێخ مەحمودی حەفیدیان نارد بۆ لام، منیش قبوڵم کرد کە بگەڕێمەوە ناو حکوومەت، بە مەرجێ شەڕ دژی کورد بوەستێ. تالیب شەبیب، کە وەزیری دەرەوەیی عێراق بوو ئەوکاتە، ئەو قسەکانی منی نووسی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر و گوتی: ئەوە مەرجەکانی فوئاد عارفە:

1- شەڕ لە دژی کورد ڕاوەستێ و دەبێ سوێند بخۆن.

2- مافی کورد لە لایەن حکوومەتی تازەی عێراقەوە بدرێت، بەو مەرجەی گەلی کورد خۆی پێی ڕازی بێت.

3- بەڵێن بدەن دەست لە میللەتی کورد هەڵنەگرن و یارمەتی بدەن، هەتاکوو تۆ ماویت لەسەر حوکم پشت لەم نەتەوەیە نەکەن.

4-سوێند بخۆن بە (قورئانی پیرۆز) کە کێشەی کورد بە تەواوی و بە ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانە چارەسەر بکەن.

دواتر بە شاهێدی زۆرێک لە کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە، ئەحمەد حەسەن بەکر بەو خاڵانەی من ڕازی بوو و سوێندیشی خوارد.

ئینجا منیش بڕیارمدا کە بچمە ناو حکوومەتەکەیانەوە و بووم بە وەزیر، بەڵام دواتر کە حکوومەتی عێراق لەو بەڵێنانەی پاشگەز بووەوە و لە ساڵی 1963کە شەڕیان دەست پێکردەوە، من بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەمدا. ئیتر مەلا مستەفاشم نەدی هەتاکوو ساڵی 1964باروودۆخی سیاسیی کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هات و باشتر بوو. پاشان کە عەبدولسەلام عارف مرد، جارێکی تر گەڕامەوە ناو حکوومەت و بووم بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئینجا دەچووم بۆ لای مەلا مستەفا، ئیتر بە تەنیا نەدەچووم، شێخ مەحمودی حەفیدیان نارد بۆ لام، منیش قبوڵم کرد کە بگەڕێمەوە ناو حکوومەت، بە مەرجێ شەڕ دژی کورد بوەستێ. تالیب شەبیب، کە وەزیری دەرەوەیی عێراق بوو ئەوکاتە، ئەو قسەکانی منی نووسی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر و گوتی: ئەوە مەرجەکانی فوئاد عارفە:

1- شەڕ لە دژی کورد ڕاوەستێ و دەبێ سوێند بخۆن.

2- مافی کورد لە لایەن حکوومەتی تازەی عێراقەوە بدرێت، بەو مەرجەی گەلی کورد خۆی پێی ڕازی بێت.

3- بەڵێن بدەن دەست لە میللەتی کورد هەڵنەگرن و یارمەتی بدەن، هەتاکوو تۆ ماویت لەسەر حوکم پشت لەم نەتەوەیە نەکەن.

4-سوێند بخۆن بە (قورئانی پیرۆز) کە کێشەی کورد بە تەواوی و بە ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانە چارەسەر بکەن.

دواتر بە شاهێدی زۆرێک لە کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە، ئەحمەد حەسەن بەکر بەو خاڵانەی من ڕازی بوو و سوێندیشی خوارد.

ئینجا منیش بڕیارمدا کە بچمە ناو حکوومەتەکەیانەوە و بووم بە وەزیر، بەڵام دواتر کە حکوومەتی عێراق لەو بەڵێنانەی پاشگەز بووەوە و لە ساڵی 1963کە شەڕیان دەست پێکردەوە، من بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەمدا. ئیتر مەلا مستەفاشم نەدی هەتاکوو ساڵی 1964باروودۆخی سیاسیی کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هات و باشتر بوو. پاشان کە عەبدولسەلام عارف مرد، جارێکی تر گەڕامەوە ناو حکوومەت و بووم بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئینجا دەچووم بۆ لای مەلا مستەفا، ئیتر نەدەچووم، ئەو کاتە جێگری سەرۆک کۆمار نەبوو، جێگری سەرۆک وەزیران هەبوو، ئەویش بۆ کورد بوو کە من بووم، ئەو وەزارەتەمان قبوڵکرد، دوای ماوەیەکی تر من دەست لەکارکێشانەوەی خۆم ڕاگەیاند و دەچووم لای مەلا مستەفا و بە چەند ڕۆژ لەلای دەمامەوە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
یەک شەمە 2019/1/20 ژمارە (5675)
www.xebat.net
خەبات

ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگاکان و لقەکان بەرنامەی ساڵی تازەیان تاوتوێکرد



دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەی دەوری، لەگەڵ جەماوەری و پیشەیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان و لقەکان ئەنجام دا.

لەو کۆبوونەوە فراوانەدا گفتوگۆ دەربارەی بەرنامەی ساڵی تازەی کارکردن و پلانی چالاکی و چارەسەریی گرفتەکانی کاری ڕێکخراوەیی جەختی لەسەر کرایەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە دووپاتکرایەوە، کە پێویستە بوار بە بیرکردنەوەی نوێی ئەزموندار بدرێ بۆ چارەسەری هەرچی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەیە کە دێنە ڕێگەی کاری ڕێکخراوەیی و ئیداریی و سیاسی، لەم ڕووەشەوە جەخت کرایەوە کە دەبێ ئەو جۆرە کارانە، وەک سیستەم تەماشا بکرێ، چونکە یەکێکە لەو سیستەمانەی کە لەم زەمانەدا بوونەتە ئەولەویەتی کاری حزبی و خودی کۆمەڵگاش پەیوەستە بەو میکانیزمانەوە، هیچ کام لە بواردکانی دیکەی کاری حزبیش باش بەڕێوەناچێت ئەگەر لینکێکی لەگەڵ ئەو سیستەمە نەبێت. لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری، واتە زمانحاڵی کۆمەڵگا و وەسیلەی تەفاعل و تێکەڵبوونی کۆمەڵگایە بە کایەکانی سیستەمی سیاسی، هەموو ئەوانەش لەو پێناوەی کە شتێکی وا لە کوردستاندا دروست بێت، ڕێز لە مافی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بگرێ.

مستەفا عەبدوڵڕەحمان: نەمانی گومرگی نادەستووری کاریگەری لەسەر جووڵەی بازرگانی دەبێت



دوای ئەوەی جارێکی دیکە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری هەڵگرتنی خاڵە گومرگییەکانی دەرکرد، سەرۆکی یەکێتیی هاورد و هەناردەکارانی کوردستان دەڵێت، بڕیارەکە کاریگەری لەسەر کەرتی بازرگانی دەبێت و ئەوەشی بەرامبەر بە بازرگانانی هەرێمی کوردستان کرا، پێچەوانەی دەستوور بوو.

مستەفا عەبدوڵڕەحمان، سەرۆکی یەکێتیی هاورد و هەناردەکانی کوردستان باوەڕی وایە، ئەو خاڵە گومرگییانەی بە نایاسایی جێگیر کرابوون، کاریگەریی زۆریان کردبووە سەر بزافی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق، چونکە بەپێی دەستووری عێراق، تەنیا لە خاڵە سنوورییەکان باجی گومرگی دەبێت و لە نێوان پارێزگاکانی عێراقدا هیچ جۆرە باج و ڕسوومـاتێکی گومرگی وەرناگیرێت.

لەبارەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، سەرۆکی یەکێتیی هاورد و هەناردەکاران، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: بێگومان ڕێککەوتن لەسەر پێناسی بەرپرسیارێتی هەردوو لا و لەمەودوا پێکەوە کار دەکەن لەسەر ئەو پرسانە و نابێت هیچ کەس و لایەنێک لە عێراق بە شێوەی نایاسایی خاڵی گومرگی بکاتەوە، ئەمە بابەتێکی فیدراڵییە و پەیوەستە بە ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، چونکە ئەوەی پێشتر لە شێراوە و هەندێ ناوچەی نێوان دهۆک و مووسڵ هەبوو، گومرگی کراوە لە نێوان هەرێم و بەغدادا و لەمەودوا پێکەوە کار دەکەن لەسەر ئەو پرسانە و نابێت هیچ کەس و لایەنێک لە عێراق بە شێوەی نایاسایی خاڵی گومرگی بکاتەوە، ئەمە بابەتێکی فیدراڵییە و پەیوەستە بە ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، چونکە ئەوەی پێشتر لە شێراوە و هەندێ ناوچەی نێوان دهۆک و مووسڵ هەبوو، گومرگی کراوە لە نێوان هەرێم و بەغدادا بوو، بەڵام خەڵکێک لە عێراق هەبوو ڕێگر بوون لەوەی هەڵبگیرێن.

عەبدولڕەحمان ڕوونی کردەوە: جێبەجێکردنی بڕیارەکە، کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەکردنی کەرتی بازرگانی دەبێت، چونکە بەشێکی زۆری بەرهەمی نێوخۆی هەرێمی کوردستان دەچێتە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بۆیە نەمانی خاڵی گومرگی، کارئاسانیی زۆر دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی ئابووریی هەرێمی کوردستان، پێشتر بەشێکی زۆر لە بەرهەمی کارگەکانی هەرێمیش دەچووە ئەو ناوچانە، هەروەها چەندین بەرهەمی تورکی هەبوو لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەگەیشتە مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق، بەڵام بە داخەوە ئەو خاڵە گومرگییانە ڕێگر بوون.

وەزارەتی بازرگانی: بڕیاری کۆتایی دراوە تا گومرگە نایاساییەکان هەڵبگیرێن



بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دوو بڕیاری گرنگ لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دراون، ئەوانیش هەڵگرتنی گومرگە نایاساییەکان و ڕێگەدانە بەو کۆمپانیایانەی تەنیا مۆڵەتی هەرێمیان هەیە و دەتوانن لە هەموو عێراقدا کار بکەن.

نەوزاد ئەدهەم، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دوو بڕیاری گرنگ سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دراون، کە سوودی زۆریان بۆ بازرگانانی هەرێمی کوردستان دەبێت و جموجۆڵی بازرگانییش زۆر زیاتر دەکات لەوەی ئێستا، چونکە هەم گومرگی کەمیان لێ وەردەگیرێت و هەمیش کاریان فراوانتر دەبێت.

سەبارەت بەو دوو بڕیارە، ئەدهەم گوتی، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەنجوومەنی باڵای ئابووری پێشنیازی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی گومرگە نایاساییەکان لە نێوان هەرێم و عێراقدا هەڵبگیرێن و ئەنجوومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندی داوە و پێویستە بە زووترین کات بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت.

دەشڵێ، بڕیاری دووەم ئەوەیە، پێشتر ئەو کۆمپانیایانەی تەنیا مۆڵەتی هەرێمیان هەبوو، ڕێگەیان پێ نەدەدان لە عێراق کار بکەن، بەڵام پێویستە لە ماوەی یەک مانگدا لە هەموو عێراق و هەرێمی کوردستان ببێتە یەک مۆڵەت، بەمەش هەموو کۆمپانیاکانی هەرێم دەتوانن لە هەموو عێراقدا کار

سلێمانی... پێوەری زیرەک بۆ هاوبەشانی کارەبا دەبەسترێت



بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی ئاشکرای کرد کە چەند ڕۆژێکە بەشێک لە کەرەستە و پێداویستییەکانی پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەکی کارەبا گەیشتووەتە گەنجینەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە.

لە ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانیدا کە وێنەیەکی دەست باسنیوز کەوتووە، هاتووە: وەک قۆناغی یەکەمی پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەکی کارەبا، بەشێک لەکەرەستە و پێداویستییەکانی گەیشتوونەتە کۆگاو گەنجینەکان.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دوای گەیشتنی بەشەکانی دیکەی کەرەستە و پێداویستییەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بەدانانی پێوەرەکان دەکرێت.

پرۆژەی پێوەری زیرەکی کارەبا یەکێکە لەو پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ سەرجەم هاوبەشەکانی کارەبای دادەنرێت، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە تەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نزیکەی یەک ملیۆن و پێنجسەد هەزار هاوبەشی کارەبا هەیە.

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو:

ئەو بارانەی ئەمساڵ باریوە لە 30 ساڵی ڕابردوو ڕووینەداوە



ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لەئەمساڵدا بە بەراورد بە چەند ساڵی ڕابردوو، دەتوانیین بڵێین ئەو بارانەی ئەمساڵ هاتووە لە 30 ساڵی ڕابردوو ڕووینەداوە ئەو بارانە زۆرە لەم کاتانەدا باری بێت، لە بەنداوی دەربەندیخان شتێکی زیاتر ئاو هەیە، ئێمە لە ئاستێکی جێگیردا ئاوەکەمان ڕاگرتووە، چونکە لەبەر بارودۆخی بەندااوەکە نەمانتوانیوە ئاوی زیاتر هەڵبگرین، بەندااوە بچووکەکانیش پڕبوون، ئەمساڵ بارانێکی زۆر باریوە و چەند جاری ساڵانی ڕابردوو بووە، ساڵی پار لە هەولێر بەمڵوونە 60 ملیمێتک باران باریوە، بەڵام ئەمساڵ نزیکەی 400 ملیمەتر بارانی تێدا باریوە، هەروەها لە شارەکانی دیکەش باریوە. هەروەها دەڵێت: ئەوەی کە زیاتر گرنگە بەندااوی دۆکانە زۆر گرنگیی هەیە لە هەڵگرتنی ئاو، لە ئەمساڵدا نزیکی یەک ملیار مەتر سێ جا ئاوی گلدراوەتەوە، لە ئەمساڵدا نزیکەی چوار ملیار مەتر سێ جا ئاو لەو بەندااوە گلدراوەتەوە، بە ئومێدی ئەوەین ئەمساڵ ئاستی زیاتریش تۆمار بکات، کەشوهەواش وا پێشبینی دەکرێت کە بارانی زۆر بەڕێوەبێت. گوتیشی: لەو 45 هەزار کیلۆمەتر دووجایەی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە 17 بەندااومان هەیە، 3 لەو بەندااوانە بەندااوی گەورەن، 14شیان بەندااوی بچووک و مام ناوەندە، ئێمە توێژینەوەیەکی ستراتیژیمان کردووە و زیاتر لە240 شوێنمان دیاریکردووە کە گونجاون بۆ دروستکردنی بەندااو، لەوانە 18بەندااوی گەورەیان لێ دروست دەکرێت، لەو 18دەستکراوە بەدروستکردنی چوار بەندااوی گەورە کە ئێستا کارەکانیان ڕاوەستاوە، ئێستا ئەگەر بتوانین ئەو 240 بەندااوە دروست بکەین ئەوا دەتوانرێت ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش دابین بکرێ و بۆ 30 ساڵی داهاتوو پێویستمان بە ئاو نەبێت، دروستکردنی ئەو بەندااوانەش کە کێشەی کەم ئاویی چارەسەر دەکات، بەڵام ئەو بەندااوانە 8 ملیار دۆلاریان دەوێت بۆ ئەوەی دروست بکەین، یان دەبێت قەرزی بۆ بکەین یان وەبەرهێنانی ناوخۆ و دەرەوە بێن و کاری لەسەر بکەن، ئەو بەندااوانە چارەسەری کەم ئاویی هەرێم و عێراقیش چارەسەر دەکات.

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر:

گەنجێکی 19 ساڵان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ڕائیدی مافپەروەر هۆگر عەزیز گەلاڵی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕو.نیکردەوە: لە شارەدێی ڕزگاری سەر شاری هەولێر گەنجێکی تەمەن 19 ساڵان بەهۆی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، هۆکاری ڕووداوەکەش بەهۆی دەمەقاڵێ بووە لەگەڵ مالەوەیاندا لە سەربانی خانووی خۆیان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕەگەزنامەی هەرێم داوا لە هاووڵاتیان دەکات کارتی نیشتیمانی دەربهێنن

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کەیفی عومەر بەڕپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ڕونیکردەوە: بەپێی پلان و بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی بەغدا لە ڕۆژی 1ی حوزەیرانی ئەمساڵ کۆتایی بە کارەکانی فەرمانگەی باری شارستانی دێت و نامێنێت دوا وادەش بۆ بوونی ڕەگەزنامەو ناسنامەی باری شارستانی تا ساڵی 2023یە بۆیە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە سەردانی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارتی نیشتیمانی بکەن بۆ دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی و هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا باس لە کارو چالاکییەکانی ڕەگەزنامەی هەرێم بۆ ساڵی 2018 کرا، کە بەمشێوەیە بوو:

لە بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر 152 هەزارو 682 پاسەپۆرت و لە بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی دهۆکیش 123 هەزار پاسەپۆرت و لە بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی سلێمانیش 125 هەزارو 792 پاسەپۆرت دەرهێنراوە.

هەروەها سەبارەت بە دەرکردنی ڕەگەزنامەش، لە هەولێر 22 هەزارو 78 ڕەگەزنامە و لە سلێمانیش 15 هەزارو 145ڕەگەزنامە و لە شاری دهۆکیش 18 هەزارو 278 ڕەگەزنامە دەرهێنراوە.

سەبارەت بە دەرکردنی ناسنامەی باری شارستانی، لە هەولێر 80 هەزارو 560ناسنامە و لە سلێمانیش 51 هەزارو 955 ناسنامە و لە دهۆکیش 56 هەزارو 474 ناسنامە دەرهێنراوە.

لە دەرکردنی کارتی نیشتیمانیشدا، لە هەولێر 150 هەزارو 337 کارتی نیشتیمانی و لە سلێمانیش 152 هەزارو 70 کارتی نیشتیمانی و لە دهۆکیش 83 هەزارو 274 کارتی نیشتیمانی دەرهێنراوە.

گەرمیان... بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین هەلی دامەزراندن دەڕەخسێنێ

خەبات- سەبریە یوسف: لە ڕاگەیەنراوێکدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین- گەرمیان هەلی کار ڕادەگەیەنێت بۆ ئەو کەسانەی هەڵگری بڕوانامەی باوەڕپێکراوی مینلابەرن. وێنەیەکی ڕاگەیەنراوەکە بە خەبات دراوە و هاتووە: کەسانی ئارەزوومەند دەتوانن لەماوەی هەفتەیەکدا لە ڕێکەوتی 2019/1/20 بۆ 2019/1/24 بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بکەن لە پرسگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، لە گەڕەکی کەلاری کۆن. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە بەڵگەنامە پێویستەکان: ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری کەسی،کارتی زانیاری، بڕوانامەی مینلابەری. بۆئەوانەی کە سیڤی دەنێرن، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بەگرنگی زانیوە ئەو کەسانە ژیاننامەی کەسی CV بە زمانی ئینگلیزی بنێرن.

پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان عەبدوڵڕەحمان ئەحمەد ئیسقیلی کۆچی دوایی کرد



خەبات- قەزای سۆران- سەفەر ژاژۆکی: دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، پێشمەرگەی ماندوونەناس عەبدوڵڕەحمان ئەحمەد ئیسقیلی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دوایی کرد، دواتر لە مەراسیمی شایستەدا بە ئامادەبوونی جەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گۆرستانی ئیسقیلی سەر بە دەڤەری بارزان بە خاکسپێردرا. خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز عەبدوڵڕەحمان ئەحمەد وەسمان لە ساڵی 1946 لە کاتی ئاوارەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووە، کوڕی شەهیدی ئەحمەد وەسمان ئیسقیلی کە قارەمانێکی ناوداری بارزانییەکان لە شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە رۆڵیان لە چەندین داستان هەبووە، ڕۆژی17/3/1947 شەرێ قەلاتوکان لە نێوان نەغەدە و شنۆ دوای بەرگری کردنێکی زۆر شەهید ئەحمەد وەسمان ئیسقیلی لەگەڵ هاوسەنگەری شەهیدحەسەن سلێمان میرگەسۆری لە شوێنی خۆیان نەبزوتن تا زنجیری تانک وەسەریان کەوت و خۆیان فیدای کوردستان کرد، خوالێخۆشبوو لەکاتی شەهیدبوونی باوکی تەمەنی زۆر بچووک بووە، بۆیە زۆر غەریبی و دەردەبەری کێشاوە، دواتر دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ برا و کەسوکاری بەهەمان ڕێبازی باوکی شەهیدیان بەشداری چەند داستان دەکات و ماوەی چەند ساڵ وەک بەرپرسی هەندەسەی شۆڕش لە دەڤەری باڵەکایەتی خزمەت دەکات، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی نێران دەبێت، دواتر بەهەمان ڕۆحیەتەوە دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان، کەسێکی نزیک و متمانە و باوەڕپێکراو لای سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی بووە، کەسێکی خۆشەویست لای هاوسەنگەرانی بووە و چەند جار بریندار بووە، چەند ئەرکی بەرپرسیاریەتی هەبووە، خوالێخۆشبوو ماوەی چەند ساڵ لە شۆڕشی گوڵان لەناوچەی زێوە دەبێتە بەرپرسی پاسەوانی ئێزگەی دەنگی کوردستان لەگوندی شەقلاوەی مەرگەوەر، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان لە قەزای سۆران نێشتەجێ دەبێت، بەهەمان گیانفیدایی دەبێتە پێشمەرگە، جگە لە پێشمەرگایەتی کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە، خوالێخۆشبوو لەبەر خەبات و ماندووبوونیەتی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 72 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

سوپاس و پێزانین

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز محەمەد تاهیر بێژنوری

دڵگران بووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو جواهر سالح نێروەیی، هاوژینی بەڕێزتان.

هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی حوسێن بەگ

دڵگران بووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی حوسێن بەگ باوکی خاتوو نەسرینی هاوژینی شەهید خالە عەفان.

هاوبەشی خەمی خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

کێشەی کەمیی غاز لە شاری هەولێر چارەسەر کرا

بەفرباریین شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستانی پڕ لە گەشتیار کردووە



بەهۆی چەند کێشەیەکی تەکنیکییەوە چەند ڕۆژێکە غازی چەمچەماڵ بەڕێژەیەکی پێویست نەگەیشتووەتە شاری هەولێر و دەوربەری. لەمبارەیەوە یەکێک لە بریکارەکانی دابەشکردنی غاز بە کوردستان24ی ڕاگەیاندووە: چەند ڕۆژێکە بڕی پێویستی بوتلی غاز نەگەیشتووەتە دەست بریکارەکان، بەڵام دوای سەرهەڵدانی کێشەکە بە هیمەتی لایەنی پەیوەندارەوە توانرا کێشەکە چارەسەر ببێت و بڕی پێویست گەیشتووەتە دەست بریکارەکان. دەشڵێت: بەهۆی دابەزینی پلەی گەرما و ئەو کێشانەوە، نرخی غاز گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی بە 6 هەزار و 500 دراوە بە بریکارەکان. ئەوانەشی بە گران دەیفرۆشن بەشێک لە بازرگانەکانی کۆڵانن. لە چەند ڕۆژی ڕابردوو و لە هەندێک شوێنی شاری هەولێر، یەک بوتلی غاز نرخی گەیشتە 15 هەزار دینار، بەڵام پاش چارەسەرکردنی کێشەکە نرخەکەی ئاسایی بووەتەوە.



بەهۆی بەفرباریینەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی ناوەڕاست و خواروو عێراق هاتوونەتە کوردستان و ئەمەیش داهاتی گەشتوگوزاری بەرز کردووەتەوە. گەشتیارانیش داوا دەکەن زیاتر گرینگی بە گەشتیاری زستانە بدرێت، بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش لەناو بەفر و شوێنە گەشتیارییەکاندا بەسەر ببەن.

مەحەمەد یوونس، کە گەشتیارێکی ناوەڕاستی عێراقە، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: کەشێکی زۆر خۆشە، دوو ڕۆژە لێرەدین و کاتێکی خۆشمان لە کوردستان بەسەر بردووە، لەگەڵ ئەوەی هێزە ئەمنییەکانیش هاوکارن بۆ ئەوەی ئەمنییەتی هاوواڵاتیان پارێزراو بێت.

موهەننەد قوسەی، گەشتیارێکی دیکەیە، دەڵێ: ئێمە لە نەجەفەوە هاتووین و کاتێکی خۆشمان لە کوردستان بەسەر بردووە، ئەوەش بۆ بارینی بەفر دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەی دەمانەوێت بەناو هەموو هەرێمی کوردستاندا بگەڕێین و شوێنە گەشتیارییە دڵڕفێنەکان ببینین.

زەینەب بورهان، کە گەشتیارێکی تره و زیاتر لە 3 ڕۆژە لە ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان دەگەڕێ، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕوونی کردەوە: کوردستان سرووشتێکی جوانی هەیە و بە بارینی بەفر بە تەواوەتی سپیپۆش بووە، بەڵام نرخەکان کەمێک گرانن، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان چاوێک بە نرخی هۆتێل و خواردن و خواردنەوەکاندا بخشێننەوە، بۆ ئەوەی گەشتیاری زۆرتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

عەباس فازڵیش، کە لە بابلەوە بۆ گەشت و سەیران هاتووەتە کوردستان، گوتی: پێمان خۆش بوو هەموو پێکەوە بەو زستانە ساردە و لە کەشێکی بەفراویدا ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەین. گوتیشی: چیای کۆڕەک شوێنێکی زۆر خۆشە و گەشتیارێکی زۆری لێیە، هیوادارین ئێرە زیاتر پێش بکەوێت و خۆشتر بکرێت، بۆ ئەوەی گەشتیاران ڕوو لەو ناوچانە بکەن و کاتێکی خۆش بەسەر ببەن.

هاوکات عەللاوی نووری، کە لە بەغداوە بۆ گەشت و کاتێکی خۆش لەناو بەفردا ڕووی لە ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان کردووە، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: کوردستان جەوێکی زۆر خۆشی هەیە و لەناو بەفر شەرە تۆپەڵە دەکەین و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین، دەمانەوێت چەند ڕۆژێکی دیکەش لە کوردستان و ناوچە شاخاوییەکانیش بمێنینەوە.

هەر لەو بارەیەوە، بارزان محەمەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: ساڵی ڕابردوو سەرووی یەک ملیۆن گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری سۆرانیان کردووە، تەنیا سەری ساڵ زیاتر لە 30 هەزار گەشتیار هاتبوونە ناوچەکە، پلانێکی توکمەمان داناوە کە شوێنە گەشتیارییەکان زیاتر بکەین و سەرنجی گەشتیاران زیاتر بۆ شوێنە گەشتیارییەکان ڕابکێشین.

بەڕاورد بە ساڵی 2017 دوو بەرامبەر زیادی کردووە

سالّی ڕابردوو بە بڕی یەک ملیار و 270 ملیۆن دۆلار پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەولێر کراوە



بەپێی ئامارێکی فەرمی، لە ساڵی 2017 دا 24 پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەولێر کراوە، بەڵام لە ساڵی 2018 دا ژمارەی پڕۆژەکان گەیشتە 50 پڕۆژە، واتە دوو بەرامبەر زیادی کردووە.

ئەو پڕۆژانە بڕی 270 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان تێدا کراوە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2017 دا بڕی 130 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە هەولێر کرابوو.

بەپێی ئامارەکان، ژمارەی پڕۆژەکانی خۆیان لە بواری وەبەرهێناندا بۆ ئێمە ڕەوانە بکەن، بۆ ئەوەی مۆڵەتی کارکردنیان پێ بدەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەمساڵدا دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە ڕووی وەبەرهێنانەوە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆر باشتر دەبێت. سامان عارەب گوتیشی: چەندین فاکتەر هەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان بەردەوام بەرەو باشتر بچێت، بۆ ئەوەی هەموو وەزارەتەکان پڕۆژەکانی خۆیان لە بواری وەبەرهێناندا بۆ ئێمە ڕەوانە بکەن، بۆ ئەوەی مۆڵەتی کارکردنیان پێ بدەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەمساڵدا دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە ڕووی وەبەرهێنانەوە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆر باشتر دەبێت. گوتیشی: ئەو پڕۆژانەی داوا ئەنجامدانیان دەکرێت زیاتر لە بواری پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزاردان و ئێستا ئەو کەرتانە زیاتر پێش کەوتوون و لەمساڵیشدا زیاتر گرنگییان پێ دەدرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی:

100 دەرچووی کۆلیژە تەکنیکییەکان دادەمەزرێن

خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: دکتۆر خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕوونیکردەوە: بە پێی بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان 100 لە دەرچووانی کۆلیژە تەکنیکییەکان بەشی تەندروستی کۆمەڵ بنێرن بۆ ئەوەی بەشێک لەو دەرچووانە دامەزرێنن.

وەزارەتی تەندروستی نوسراومان بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی کردووە تا بەپێی پێویستی میلاکات بۆ دەرچووانی کۆلیژە تەکنیکییەکان بەشی تەندروستی کۆمەڵ بنێرن بۆ ئەوەی بەشێک لەو دەرچووانە دامەزرێنن.

ئومێد ڕەسوول: ژینگەدۆستانی قەڵادزێ لە خەمی ئاژەڵە کێوی و باڵندەکانن



ژمارەیەک ژینگەدۆستی قەڵادزێ، لەناوچە کوێستانیی و بەرزاییەکانی دەڤەری پشدەر، هەوڵدەدەن کاریگەریی ئەو بەفرە زۆرەی لە ناوچە شاخاوییەکان باریوە، لەسەر باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان کەمبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵمەتێکیان بۆ دانانی خۆراک و ڕۆکردنی دانەوێڵە دەستپێکردووە. ئومێد ڕەسوڵ، بەڕپرسی ڕێکخراوی چەتری هەمووان، کە ڕێکخراوێکی ژینگەییە و بایەخ بە پاراستنی سرووشت و ژینگە دەدات، بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: بەهۆی ئەو بەفرە زۆرەی باریوە، باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان خۆراکی پێویستیان دەست ناکەوێت و ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە و ڕەنگە لەبرسان بمرن.

گوتیشیی: بۆیە ئێمە وەک ڕێکخراوەکەمان و ژمارەیەک لە ژینگەدۆستانی ناوچەی پشدەر، هەستاین بە دانانی خۆراک و ڕۆکردنی دانەوێڵە لەناوچە شاخاوییەکانی پشدەر، بەتایبەت سنووری کێتلێ، کە بەفرێکی زۆری لێ باریووە. ڕوونیشیکردەوە، مەبەستیش لەو کارەیان، هێشتنەوەی ژینگە و سرووشتی جوانی ناوچەکەیە بە مانەوەی باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان. لە ماوەی ڕابردووداً، شەپۆلێکی بەفرباری هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەت ناوچە شاخاوییەکان، بە گوێرەی پێشبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی، لە هەندێک شوێن ڕێژەی بەفرباریین، لە 30 سانتیمەتر تێپەڕیوە.

وون بوون

مەنەفێست کۆمپانیای کامل رشید فرج جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات ژمارەی شاسی: XLDTXD339000046505 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولەکان ٢٦٥٠٩٩ و ٢٦٥١٠٠ لە بەرواری ٢٠١٣/١/٣٠ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی بەشدار حامد محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية التسجيل العقاري سميل
الى الراهن (بيبون جردو برندار)
م/ اعلان

طلب الدائن المرتهن (باسم يحيى سعدى) بيع عقار المرقم (٥١٦/١) المقاطعة ١٨ زينيات) بالمزايدة العلنية وفق المادة (١٦١) من قانون التسجيل العقاري المرقم ٤٣ لسنة ١٩٧١ وذلك لانتهاء المدة المذكورة عن موعد تسديد مبلغ الرهن لذا اقتضى دفع مبلغ الرهن الى الدائن المرتهن خلال (١٥) خمسة عشرة يوما من تاريخ النشر المتاخر في احدى الصحيفتين ولمجهولية اقامتك قرر تبليغك اعلانا بصحيفتين محليتين يوميتين وفق المادة (١٦٧ فقرة ١ من قانون التسجيل العقاري) وعند عدم تسديدك مبلغ الرهن في الموعد المحدد في الاعلان ستجري المزايدة العلنية للعقار اعلاه وفق الاصول

الحقوقي/ عمر ابراهيم احمد / مدير التسجيل العقاري سميل

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە: ٢٨٢١/ب٢٠١٨/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٦
پێراگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (میران کامیران یاسین)

داواکار (نبیل جمال شیخیل) داوای ژمارە (٢٨٢١/ب٢٠١٨/٧)ی لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەر داوالێکراو (میران کامیران یاسین) ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠١٨/١٢/١٠ بریاری دا بەپابەندکردنت بە دانی بڕە پارەی ٩٩٠٠ نۆ هەزار و نۆسەد دۆلاری امریکی بەرامبەر بە ١١٩٢٩٥٠٠ یانزە ملیۆن و نۆ سەد و بیست و نۆ هەزار و پێنج سەد دیناری عیراقی لەگەڵ خستنە ئەستۆی تێچووی داوا، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەڕەکی پارك ڤیو) لە ٢٠١٨/٩/٢٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ راگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریپارەکە پلەی بنبرو کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ حسين علی محمد

* * *

وەزارەتی پێشمەرگە
فەرماندەیی هێزەکانی ٨٠
ژمارە: ١٠
بەروار: ٢٠١٩/١/١٦
ئاگادارى

داوا دەکەین ئەم ئاگادارییەمان بۆ بڵاوبکەنەوە لە رۆژنامە تێکۆشەرەکەتان بەمەبەستی فرۆشتنی ٢٧ ئۆتۆمبێلی جۆراو جۆری لەکارکەوتوو بە زیادکردنی ئاشکرا لە رۆژی شەمە لە رێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٦ کات ژمێر ١٠دەی سەر لەبەیانی لەگەراجی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەی ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە بارمتە لەگەڵ خۆی بهێنێ بەرێژەی ٢٠٪ لەنرخی کڕین و کڕێی بڵاوکردنەوەی دەلالی ئەکەوێتە سەر ئەستۆی کڕیار.

ئالیات

عقید/ سرهنگ ابوبکر عزیز

* * *

بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی-
هەولێر
بەرێوەبەرایەتی شار و ناوچە
پیشەسازیەکان
بۆ/ بەرێز بەرێوەبەری گشتی
داخستنی دۆسێی پرۆژە

ئاماژە بە نووسراوەکانی ئاگادار کردنەوەمان بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەی کە ناویان لەلیستی هاوپێچدا هاتووە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانیان تاوەکو مۆڵەتی وەبەرهێنانیان پێبدرێت بەڵام نووسراوی ئاگادار کردنەوەیان وەرنەگرتووە و وەڵامی پەیوەندی تەلەفۆنی نادەنەوە یەخود ژمارەکانیان داخراوە فەرمانی بەرێزتان بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەرۆژنامەی (خەبات و هەولێر) و ماوەی ٧ حەوت رۆژیان پێبدرێت بە پێچەوانەوە دۆسیەی پرۆژەکانیان دابخرێت و زەوی تەرخان کراو هەڵبوە شێتەوە.

ئە. بەیار محسن قادر
بەرێوەبەری شارەوانی پیشە سازیەکان
هاوپێچ:-
لیستی ناوی پرۆژەکان

١- ناوی پرۆژە/ کارگەی بەرهەم هێنانی PE.PVC / ناوی وەبەرهێنەر کۆمپانیای بالوران/ ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩٥٣٦٣ - ٠٧٥٠٤٤٥٩١٠٣ - ٠٧٥٠٧٤٨٨٨٨٨.

٢- ناوی پرۆژە/ کارگەی لۆکە بۆ بەرهەمهێنانی ئیسفەنج ناوی وەبەرهێنەر/ توانا اسماعیل قادر و ریزان عثمان محمود ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٨٠٧٦٢ - ٠٧٥٠٤٥٧٢٠٣١ - ٠٧٥٠٤٦٣٤٦٢٠.

٣- ناوی پرۆژە/ مصنع مواد التاسيسات الصحيه ناوی وەبەرهێنەر/ Avrupa Copper Iraq Comany ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٨٩١١٦.

٤- ناوی پرۆژە/ کارگەی نانی بەیروتی ناوی وەبەرهێنەر/ کۆمپانیای نانی بەیروتی ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٦٤٦٩٨٦٥ - ٠٧٥١١٢٨٢٨٥٨٠ - ٠٧٥٠٧٠٧٧٨٧٧.

* * *

دادگای باری کەسی خەلیفان
ژمارە: ٤/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٦
جاردان
ئاگادارکردنەوە

بۆ داوالێکراو: امين فيصل حسين/ شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (رویده مجید سعید) داوای ژمارە ٤/ش/٢٠١٩ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە داوای چەسپاندنی هاوسەرگیری و رەچەلەکی منداڵەکان (اثبات الزواج و النسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعار موختاری گوندی جۆنەرە لەناحیەی خەلیفان بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت رابگەیەنرێت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی فەرمی بەمەبەستی ئامادەبونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/١/٣٠ بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر

* * *

بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەرێوەبەرایەتی یاسا

ژمارە: ٢٨٠
رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٥
ئاگادارى
ب. فرۆشتنی پارچە زەوی بەزیادکردنی ئاشکرا

ئاماژە بەفەرمانی وەزاریان ژمارە ٢٢٩ لە ٢٠١٩/١/١٤ رەزامەندی جەنابی وەزیر لە ٢٠١٩/١/٣ لەسەر فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە ٦/٩٨ کەرتی لەلانی لە ئاکرێ بەروبەری ٤٠٠٠م٢ چوار هەزار مەتر دووجا بەگوێرەی یاسایی ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ (کڕین و فرۆشتنی مولکی گشتی) کە خاوەندارەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یانەی وەرزشی ئاکرێ لەرێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٧ کە دەکاتە رۆژی یەك شەممە کات ١٠ی بەیانی لەسەر پارچە زەوییەکە زیادکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت. پێویستە بگوترێت کرێی بانگەواز لە رۆژنامە و دەڵاڵی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی بۆی دەردەچێت. بەشداری لەزیادکردنی ئاشکرا ئەم ئاگادارییە لەبارەگای یانەکەو وەردەگیرێت بەبڕی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دینار.

وە بڕەکەی بۆ ئاگەڕێتەوە.

تێبینی/ مەبەست لە فرۆشتنی ئەم پارچە زەویە بۆ دروستکردنی مەلەوانگەیەکی داخراوی مودیرن بۆ یانەی ئاکرێ.

خالد عبدالرحمن دوسكی
وەزیری رۆشنبیری و لاوان

* * *

زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگادارى کەمکردنەوە
ژمارە (١)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان و بەڵێندەرەکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (دروستکردنی باڵەخانەی دوو نهۆمی بۆ دەرمانخانە و + ژوورێك بۆ فۆتۆکۆپی کۆلێژی دەرمانسازی) سەر بەزانکۆکەمان نرخی کڕینی تەندەر ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێ بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی ١٥ رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر ١٢ نیوەرۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەرێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ٦،٠٠٠،٠٠٠ شەش ملیۆن دینار، بەچەکی باوەڕپێکراو یاخود (خطاب ضمان) لە بانکێکی حکومی کە مەرجدار نەبێت و (غیر قابل للنقض) بێت وە ئاراستە کراوبێت بۆ زانکۆکەمان بۆ ماوەی (٢٨) بیست و هەشت رۆژ بێت.

٤- ماوەی پرۆژە (١٨٠) سەدو هەشتا رۆژی تقویمیە.

٥- ئەو بەڵێندەر و کۆمپانیایانەی لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنیت لەلایەن (بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە).

٦- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- گەراندنەوەی تەندەر لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناو مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کەمگریەکە.

بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

* * *

زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگادارى کەمکردنەوە
ژمارە (٢)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان و بەڵێندەرەکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (دروستکردنی باڵەخانەی دوو نهۆمی بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەندازە و پرۆژەکان و کۆگای گشتی لە سەرۆکایەتی زانکۆکەمان) نرخی کڕینی تەندەر ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێ بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی ١٥ رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر ١٢ نیوەرۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەرێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ١١،٠٠٠،٠٠٠ یازدە ملیۆن دینار، بەچەکی باوەڕپێکراو یاخود (خطاب ضمان) لە بانکێکی حکومی کە مەرجدار نەبێت و (غیر قابل للنقض) بێت وە ئاراستە کراوبێت بۆ زانکۆکەمان بۆ ماوەی (٢٨) بیست و هەشت رۆژ بێت.

٤- ماوەی پرۆژە (٢٤٠) دوو سەدو چل رۆژی تقویمیە.

٥- ئەو بەڵێندەر و کۆمپانیایانەی لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنیت لەلایەن (بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە).

٦- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- گەراندنەوەی تەندەر لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناو مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کەمگریەکە.

بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

* * *

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢

ژمارە: ٦٧
بەروار: ٢٠١٩/١/١٥
ئاگادارى

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن (هاشم علی حسین و صالح عبدالله نجم) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگەی (ناوبانگی سلێمانی _ بۆ دروستکردنی شیرەمەنی) لە بەرواری (٢٠١٨/١/٧) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە کە لە (ن.پ/١) دانراون کە ئامێرەکانیان لەخوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنوسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (١٩٩٨) ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکەینەوە ،جا هەرکەسێ خۆی بەپەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەک لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بەپێچەوانەوە ناچارین کە بەناوی داواکارەوە تۆماری دەکەین و بروانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ دەدرێت.

ئامێرەکان:-

١- ئامێری بۆیلەر / مارکەی NAZER KARAN ئێرانی ژ/ ٠٢٤١/ مۆدیل ٢٠١٣ /کارەبای و گازی.

٢- تانکی میکسەر/ إستیل _ کادان شوق /ئێرانی بێ ژمارە - ٥،٢ طن.

٣- ئامێری هیمۆ نازەنشین /ئێرانی /بێ ژمارە /کارەبای.

٤- هێڵی پرکردن دۆر باسکوکان /ئێرانی/ ژ- ٩٩١٢٠/ کارەبای.

٥- ئامێری لێدانی لیبڵ (روسین کادان) ئێرانی /کارەبای/ ژ-LB-opp-٠٠٩٦-٠٠٤.

٦- ئامێری شرینگ (روسین کادان) ئێرانی ژ-SH٠٠٩٦-٠٠٥ مودیل٢٠١٧ / کارەبای .

٧- ئامێری لێدانی تیپلە کارتۆن / ئێرانی ژ- FC١١٧٠٥١٢/ کارەبای.

٨- ئامێری تێکردنی ماست ـ دۆ- مارکەی بارسیان/ ئێرانی ژ- ٩٥١٢٢/ کارەبای.

٩- ئامێری تێکردنی ماست ـدۆ- مارکەی باسیان/ئێرانی ژ- ٩٥١٠٣/کارەبای.

١٠- ئامێری لێدانی بەروار- SAUVEN/ ئێرانی/ بێ ژمارە / کارەبای.

١١- ئامێری چلەری _ ١٥ طن لەگەڵ یەک تانکی ٧ طن / ناوخۆ بێ ژمارە.

دادنووس/ سۆران یادگار رشید

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە/ ٢١٩/حجز احتیاطی/ب٢٠١٨/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٦
جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رائد جبار سعدالله احمد)

داواکار (نادر عبدی سعدون) داوای ژمارە (٢١٩/حجز احتیاطی/ب٢٠١٨/٧) ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەر (رائد جبار سعدالله احمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر (گەڕەکی شۆرش) لە ٢٠١٩/١/٨ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١/٣١) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ حسين علی محمد

* * *

دادگای باری کەسێتی سید صادق

ژمارە: ٢٤٢/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١/٧
ئاگادارى

بریار بۆ دراو/ کلثوم محمد حمەامین

بریار لەسەر دراو/ بەرزان احمد حمەباقی

بۆ بریار لەسەر دراو بەرزان احمد حمەباقی کە ئێستا ناونیشانت نادیارە و داوالەسەرکراو بویت لەداوای ژمارە ٢٤٢/ش/٢٠١٨ ئاگادارت دەکەینەوە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رەسمی رۆژانەوە کە لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/١٦ دادگا بریاری دا بە (جیابوونەوە) بەبێ ئامادەبوونی خۆت بۆیە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانە لە بریارەکە نەدەیت ئەوا پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ مهربان احمد حسن

* * *

سەروکاتیا باژێڕڤانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە

ژمارە/٢/٢/٣٠١/ ٢٩٠
رێکەفت/١٧/١/٢٠١٩
ئاگەهداری

ڤیراکەهشتن بنڤیسارا مە یا ژمارە (٣١٦٨) ل ٢٠١٨/٧/٢٣ێ و لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێڕڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو فروتنا (٦) پارچێن ئەردێن (خزمەت گوزاری) لسەر پارچێن ژمارە (١٠٣١/١ ، ١٠٣٢/١ ، ١٠٣٣/١ ، ١٠٣٤/١ ، ١٠٣٥/١ ، ١٠٣٦/١ کەرتێ ١٢ رکاوە ب رووبەرێ ٤٠٢م٢ هەر پارچە زەڤیەکێ کو هاتینە جودا کرن ژ پارچا ژمارە (٢٤٤/١ کەرتێ ١٢ رکاوە. ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێڕڤانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامە فەرمی دا و سەرئیك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێڕڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیك زێدەکرن بگەهەتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.

ئەندازیار
بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێڕڤانیا زاخو

* * *

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی شوێنی (داوانوسین)لەناو بینایەی بەرێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی زاخۆ بۆ ماوەی (١) ساڵی تر بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

* * *

دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦٥/م/٢٠١٨
رێکەفت/ ١٧/١/٢٠١٩
ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (ویناس جندی جوجی) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب گوێرایەلی(مطاوعە) تە بوی وزڤراندنا تە بو مالا داواکار (فاروق سلیمان عبدی) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها شاریا ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە رۆژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی

دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالكریم

* * *

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتووین :

Job Title	Piping Design Engineer
Work Location	Field, Tawke
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

•Interpret instructions from the Project Manager Tawke and Engineers
• Interpret Basis of Design documents and P&ID's.
• Interpret specifications
• Conduct Site surveys and produced Piping system design drawings and documentation for review by DNO Piping Lead.
• Produce Piping Layouts, BOQ's and ISO's
• Direct CAD operator / designer and Construction contractor's activities with respect to piping and layout engineering
• Produce and review drawings using AutoCAD and CAD works.
• Make site measurements, including clash checking for new works in the Brownfield sites.
• Explain drawings to construction teams and engineers to gain feedback.
• Review completed construction drawings from third parties for accuracy and conformity to DNO standards.
• Produce scopes of work and cost estimates for small to medium size projects.
• Occasional travel may be required for this position.

Required Qualifications & Experience:
• >5 years of experience as Piping Design Engineer in onshore projects within the oil and gas industry.
• Minimum BSc (or Equivalent) in Mechanical Engineering.
• Fluent in English language.
• Experienced in AutoCAD.
• Experienced in 3D modeling.
• Must be physical fit, the job involves considerable site work at times in adverse weather conditions.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٥ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ١٦ /٢٠١٩/١
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (الیشواع یوسف فرنسیس)
جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (تومار کورکیس حنا) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (٦٧٠٠٠٠٠٠) شیست وحەفت ملیون دینار عراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین سیمیلی ژمارە (١٢٣) ل رێکەفتی ٢٠١٩/١/١٣ وراپورتا هەلبژێری کوندی سیجی رێکەفتی ٢٠١٩/١/١٠ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١/٢٩ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێرین دێ ب پا شمله وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / عزیز محمد سعید
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٨/٢٥١٨
رێکەوت/ ١٧ /٢٠١٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢١٤٠/١) کەرتێ (١١/ سمیل) کو دکەڤیتە (دهوك- سمیل) وتومار کریە بناڤێ (خالد خلف عبدالله) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مهدی محمد عمر) بکوژمێ (٤٦٧٥٠٠٠٠) چل وشەش ملیون وحەفت سەد وپێنجی هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٠٠٠٠٠٠٠) شیست ملیون دینار دگەل رەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهوك- سمیل (٢١٤٠/١) کەرتێ (١١/ سمیل) جور پێك هاتیە ژ ئاڤاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٩٧) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٠٠٠٠٠٠٠)شیست ملیون دینار
هلات عبدالکریم محمد / (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٨/٢٥٧٧
رێکەوت/ ١٧ /٢٠١٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٨٧٣/١) کەرتێ (٤٤/ زرکة) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (خالدة عبدالقهار عبدالرحمن شیخ) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف الاقلیم التجاری /مدیرها المفوض/محمد طارق سعید) بکوژمێ (٣٠٧٥٥١) (سێ سەد وحەفت هزار وپێنج سەد وپێنجی وئێك دۆلارێت ئەمریکی) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٣٢٠٠٠٠٠٠)سەد وسیە ودوو ملیون دینار دگەل رەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهوك- سمیل (٢١٤٠/١) کەرتێ (١١/ سمیل) جور پێك هاتیە ژ ئاڤاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ئۆرا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٩٧) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٠٠٠٠٠٠٠)شیست ملیون دینار
هلات عبدالکریم محمد / (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٨/٢٥٧٧
رێکەوت/ ١٧ /٢٠١٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٨٧٢/١) کەرتێ (٤٤/ زرکة) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکریا یحیی محمد احمد زهیری) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف الاقلیم التجاری /مدیرها المفوض/محمد طارق سعید) بکوژمێ (٣٠٧٥٥١) (سێ سەد وحەفت هزار وپێنج سەد وپێنجی وئێك دۆلارێت ئەمریکی) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٣٢٠٠٠٠٠٠)سەد وسیە ودوو ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٨/٢٥٧٧
رێکەوت/ ١٧ /٢٠١٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٨٧٢/١) کەرتێ (٤٤/ زرکة) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکریا یحیی محمد احمد زهیری) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف الاقلیم التجاری /مدیرها المفوض/محمد طارق سعید) بکوژمێ (٣٠٧٥٥١) (سێ سەد وحەفت هزار وپێنج سەد وپێنجی وئێك دۆلارێت ئەمریکی) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٣٢٠٠٠٠٠٠)سەد وسیە ودوو ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٨/٢٥٧٧
رێکەوت/ ١٧ /٢٠١٩/١
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٨٧٢/١) کەرتێ (٤٤/ زرکة) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکریا یحیی محمد احمد زهیری) وهاتیە دەستەسەرکرن

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٣ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ١٦ / ١ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : هژار محسن صالح
ل دیف داخوازا داواکار(هیلان ولید جمیل) وکێشا ژمارە (٢٣ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف روونکرنا بنگەهێ پولیسین (تەناهی) یا ژمارە (٨٨) ل (١/١٣ /٢٠١٩) و نڤیسارا هەلبژارێ (گوندێ کیڤلا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٣٠ /١/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن . دادوەر / یوسف الیاس سدن
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە: ٩/ش/٢٠١٩
بەروار/ ١٤/ ٢٠١٩/١
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو(دنیا سیروان خالد) دانشتووی کۆیە/ گەرەکی کەکۆن بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە.
هاوسەرەکەت داواکار(دانا محمدأمین ابراهیم) داوای ژمارە(٩/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای جیابوونەوە ئەکات بەهۆی زیان (بەدوکەوتن) وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەگوێرەی رونکردنەوەی پێراگەیاندنی دادی لەم دادگایە زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وەپشت بەستن بەمادەی (٢١) لە یاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆ ئەوەی لەوادەی دادبینی ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٤) لەم دادگایە ئامادەبێت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی
ژمارە : ١٨٢٩/ ش / ٢٠١٨
بەروار : ١٥ / ١ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : ولات جعفر عزیز / ناونیشان/ سلێمانی - کەمپی باریکە
داوالەسەرکراو : دیاری جمیل سارۆخان / ناونیشان/ سلێمانی - کەمپی باریکە (ولات جعفر عزیز) داوایەکی بە ژمارە (١٨٢٩/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە کە تصدیق طلاق خارجی، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/١/٣١) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارێ نەنێرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / سۆران عمر مەحوی
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Global Village) بۆ پێداویستی نیشتەجێی دووەم/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ سەیران جلال سعید
ناونیشان/ هەولێر- گەنجان ستی
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٨٤٧٢١

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (پێناس) بۆ بازرگانی گۆشت و بەرووبوومی ئاژەلی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ شکار مصطفی احمد
ناونیشان/ هەولێر- بختیاری
ژمارەی مۆبایل/
٠٧٥٠٤٧٠٣٢٤٧ – ٠٧٥٠٤٥٣٧٨٣٩

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (نیسان) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ سەیران جلال سعید
ناونیشان/ هەولێر- گەنجان ستی
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٨٤٧٢١

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (دیشێش) بۆ بازرگانی گشتی هێنان و بردن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای دهوك)
پاکتاوکار/ علی عرب حسین
ناونیشان/ دهوك- زاخو
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٣٨٦٩٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٠٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بریاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دێشێش) بۆ بازرگانی گشتی هێنان و بردن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١/٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی عرب حسین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١/١٥
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٩٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Pel-da Group) بۆ (بازرگانی گشتی – هێنان و بردن / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٤٣٨
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عادل) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٩٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عزت) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



تێپەڕاندنی قەیرانەکان..
لە کوێوە سەرهەڵدەدەن و بەچی کۆتایی دێن..؟!

وتووێژ و بڕیاردان وەک بڕبڕەی پشتی تێپەڕاندنی قەیرانەکان دەبێندرێت





ئا: سەردار حوسێن

زاراوەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان (Crisis Management) لە چوارچێوەی ئەو زاراوە نوێیانەدێت، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا بەکاردێت و کاری پێدەکرێت، ئەو زاراوەیە بە پابەندبوون بەو تێگەیشتنە لاساییکراوانە دێت، کە پەیوەندییەکان حوکمی بەسەردا دەدەن، بە جیاوازی دەرکەوتن و ئاستەکانیشەوە، تا کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم. دواتر بەهۆی ئەو پەیوەندییە تووندوتۆڵەی لەگەڵ کاروبارەکانی دیکە هەیەتی، بەشێوەیەکی تێبینیکراو پەرەی پێدرا.

ژمارەیەک قەیران هەن کە دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان رێگری لە سەرهەڵدانیان بکرێت

پاشان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بووە جێگەی گرنگی پێدان و کارپێکردنی لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز، وەک پرۆسەی بڕیاری سیاسی و وتووێژی دیبلۆماسی، بۆیە رەگەزەکانی وتووێژکردن هاورێک لەگەڵ سیفەتەکانی لەیەکترگەیشتن، بوونە بڕبڕەی پشتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، ئەوەیش بە سروشتی خۆی پەلدەکێشێ بۆ پرسێکی زۆر گرنگتر، کە تایبەتە بە قەیرانەکان و بەڕێوەبردنیان، کە بریتییە لە دروستکردنی بڕیار و ئەوەی کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ئاستی کارکردنی کارگێڕی و سیاسی، کە دەگاتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، ئەوەیش سەردەکێشێ بۆ پەیوەندی کارگێڕی بە کاری سیاسی، نەک بە مانا سادەو بەرتەسکەکەی، بەڵکو بە واتا گشتییەکەی، بەو پێیەی بڕیارەکان هەرچەندە لە ناوەڕۆکیشدا جیاوازبن و لە مەبەستدا نزیکبن لەیەکتریش، دواجارو لە کۆتاییدا سیفەتی بڕیاری سیاسی وەردەگرن.

لێرەوە پرۆسەی لەیەکتر نزیکبوونەوە لەنێوان بەڕێوەردن و سیاسەت دەست پێدەکات و پەیوەندییەکانیان دەردەکەوێت، لەنێوان دامەزراوە کارگێڕییەکان و سیستەمی سیاسیدا، کە دەکرێ وەک کلیل و قفڵ سەیر بکرێت، کە هەر یەکەیان بە شێوەی تاک و جیاواز دەردەکەون، بەم هیچیان ناتوانن بە تەنها و بەشێوەیەکی کارا کار بکەن، بەڵکو دەبێ وەک هاوسەرگیری بەیەکەوەبن و کاربکەن، هەر ئەوەیش وایکرد کە گەڕان بەدوای چارەسەری گرفتەکانی پرۆسەی بڕیاردان ڕەنگدانەوەی هەبێت، ئینجا ئەو گەڕانە لە گۆشەنیگای پەیوەندی کارگێڕی بە بڕیاری سیاسی بێت یاخود لە گۆشەنیگای تویژینەوە لە پرۆسەی بڕیار و جێبەجێکردنی بێت، هەروەها دەرکەوت کە ئەو ڕاستییەی کە ناتوانرێ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بەبێ بەشداریکردنی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕێوەببرێت، بەڵکو دەبێ بەشداریکردنی هەموو لایەنەکان بێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە هەموو لایەنەکان بەیەکسانی کاریگەرییان هەبێت لەسەر بڕیارەکان، بەڵکو بەپێی جۆری بابەتەکە و ئاستی پەیوەندیدار بوونی لایەنەکان بە بابەتەکەوە، ئەوا کاریگەرییان دەبێت، بۆیە ئەوەی گرنگە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان بەشداری بکەن، بەڵام بەپێی ئاستی پەیوەندیدار بوونیان بە بابەتەکەوە.

لەنێوان دامەزراوە کارگێڕییەکان و سیستەمی سیاسیدا، کە دەکرێ وەک کلیل و قفڵ سەیر بکرێت، کە هەر یەکەیان بە شێوەی تاک و جیاواز دەردەکەون، هیچیان ناتوانن بە تەنها و بەشێوەیەکی کارا کار بکەن، بەڵکو دەبێ وەک هاوسەرگیری بەیەکەوەبن و کاربکەن

وشەکەیش (Strategus) بە واتای ڕۆڵی سەرکردایەتی گشتی سووپا دێت، ئینجا هونەری بەڕێوەبردنی سووپا، کە دواتر پەرەیسەند بۆ هونەری سەرکردایەتیکردن، کە تایبەتمەندە بە لێهاتوویی جەستەیی و ڕەوشت بۆ داگیرکردنی ئەو ڕۆڵە پێویستەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردن ی قەیرانەکان، کە لە ناکاو دێنە پێشەوەو خاوەن بڕیارەکان دەبێ بەرپرسیارێتییەکەی بگرنە ئەستۆ.

ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە ئەویش ئەوەیە، کە قەیرانەکان دەکرێ لە هەر کات و شوێنێک و لە هەر لایەنێک لە لایەنەکان سەرهەڵبدەن، ژمارەیەک قەیران هەن کە دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێگری لە سەرهەڵدانیان بگیرێت، لە کاتێکدا ژمارەیەکی دیکەیان هەیە کە ناتوانرێ ڕووبەڕوویان ببینەوەو بە ڕەهایی کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە ناتوانرێ گامارۆ بدرێن و دەبەست لەبەردەم سەهەڵدانیان دروست بکرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ قەیرانێک نییە کە نەتوانرێ پلانی بۆ دابڕێژرێت و لە ئازارەکانی کەمبکرێتەوە، هەروەک چۆن دەشێ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ببێتە هۆی وێرانکردنێکی سەختی ناوبانگ کە چاککردنەوەی چەندین ساڵی پێویست بێت، لە میانەی ئەو ئەزموونانەش ئەو کەسانەی پێشبینی ڕووبەڕووبوونەوەی خراپتر دەکەن، بەزۆری دەرفەتی زیاتریان هەیە بۆ پێویست نەبوونی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەوەیش دەکەوێتە سەر ئەو هێز و توانا ڕەخساوەی لە پلان و ئامرازە ستراتیژییەکان بەردەست دەبن بۆ بەڕێ.ەبردنی قەیرانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشهاتانەی لە ناکاو ڕوودەدەن و چاوەڕوان نەکراون.

شرۆڤەو شیکردنەوەی ورد یەکێکە لەو فاکتەرانەی هاوکار دەبن بۆ ڕێگریکردن لە کێشەو قەیرانەکان، لێرەدا دەتوانین باسەکە بەوە کورتبکەینەوە، کە قەیران بەگشتی واتا کاتێکی ناسەقامگیر یاخود مەترسیدار، کە پەیوەستە بە کاروباری تاک یان کۆمەڵێک یاخود چەند کۆمەڵگایەک، کە دەرەنجام و دەرهاویشتەکانی کاریگەرییەکی تۆندیان لەسەر ئەو لایەنانە دەبێت، ئینجا بە ئاراستەی خراپتر یاخود باشتر، تەنهاش ژمارەیەکی کەمی قەیرانەکان لەناکاو ڕووددەن، زۆربەیان کلیلێکیان هەیە بۆ دروستبوون و زیانیاری و دەرهاویشتەی پێشوەختەیان لەسەر هەیە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکان، کە دواجار هەر ئەوانیش هەنگاوی ڕەها و کۆتایین بۆ دروستبوونی قەیرانەکان، کە دەکرا پێشتر پلان بۆ ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی ئەو قەیرانانە دابڕێژرایە.

ئەگەر سەیری میژووی مرۆڤایەتی بکەین، خۆمان لەبەردەم ئەو بەدوای یەکدا هاتنە دەبینینەوە، کە بە تەواوی پەیوەستە بە بوونی خوودی مرۆڤ لەگەڵ دەسپێکی ژیانی مرۆییدا، هەر لەگەڵ بوونی هابیل و قابیل لەسەر گۆی زەوی، مللانێی بەرژەوەندییەکان سەریانهەڵداوە، هەروەهاش ئامرازەکان پێویست بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنیان بەو ئاراستەیەی بەرژەوەندی لایەنەکان ڕەچاو بکات، شێوازەکانی بەدیهێنانی ئامانج بە سەرکەوتنی لایەنێک بەسەر ئەویدا دەستیپێکرد، هەروەها دەستەبەرکردنی تەواوی بەرژەوەندییەکانی لایەنێک و ونکردنی بەرژەوەندی لایەنێکەی دیکە، هابیل بە کوشتنی براکەی نەوەستاو چاوی بڕیە ژیان و تاکەخاوەندارێتی خۆی بۆ هەموو شتەکان، هاوکات فێری ئەو دەرسانەیش بوو کە چۆنیەتی کۆتایی هێنان بە هەموو ڕێکارەکان دەستنیشان دەکات و چارەسەری دەرهاویشتەی ئەو قەیرانانەو کاتێکیش چاوی بە بانێندەی قەلەڕەش کەوت کە ئەو خەریکی شاردنەوەی شتەکانی بوو، ئەویش بە هەمانشێوە تەرمی براکەی شاردەوە.

لێرەوە قەیران دەستیپێکرد و پێویست بوو بەڕێوەش ببرێت، لە سەردەمی بیرسیل 450 ساڵ پێش زایین، شارەزایی بەڕێوەبردن دەستیپێکرد، کە بریتی بوو لە هونەری کارگێڕی ز وتاردان و هێز، ئەوانەیش ڕەگەزی سەرەکین بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە ئێستایشدا، بەڵام بەڕێوەبردن لەسەردەمی ئەسکەندەر 330ساڵ پێش زایین، بریتی بوو لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هێزەکان بۆ سەرکەوتن بەسەر رکابەردا. هاوکات بۆ دروستکردنی سیستەمێکی یەکگرتوو بۆ حوکمڕانی جیهان، کە بە قۆناغی ئاڵۆگۆڕ و بەڕێوەبردنی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان دەستی پێکرد و ئەو ڕەهەندە میژوویییەش دریژەی کێشا و دەبینین دوای چەند ساڵێکی کەم لە سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسیدا چەندین بنەمای فەلسەفی و دەستووری بەدوای خۆیدا هێنا و سەرهەڵدانی حوکمڕانی ناپلیۆن بیش بەوە دەستی پێکرد کە چەندین دامەزراوەی کارگێڕی نوێی هێنایە کایەوە، کە هاوکارێکی باش بوون بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی پیشەسازی و سەربازی و سیاسی فەرەنسی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیشیدا، لەنێو ئەوانەیشدا:


- دارشتنی یاسای مەدەنی بۆ بەرزەفتکردنی پەیوەندییەکان و مامەڵەکردن لەنێوان تاکەکاندا.
- دامەزراندنی زانکۆی نووێی فەرەنسی و دروستکردنی ئەنجوومەنی دەوڵەت کە ڕۆڵی دادوەری و دەستوورییی گرنگی لە دەوڵەت دەبینی.
- دروشمانەوەی دەستکەوتە کارگێڕییەکان لە ڕێککەستنی قوتابخانەو فێرکردن و کلێسادا.
- دوای دارشتنی یاسای مەدەنی لە ساڵی 1804دا کۆمەڵێک ڕێکار و بنەما و یاسای تایبەت و گشتی لە چەندین بواردا بۆ چالاکییە کارگێڕییەکان دارێژران، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێکهاتەی چوارچێوە یاساییە کارگێڕییەکاندا و دادوەری لە فەرەنسا هەبوو.
- بنکەیەکی فراوان دروستکرا، کە پشتی بە تیمێکی مرۆیی گەورە لە فەرمانبەرانی کارگێڕی دەبەست.

لەلایەکی دیکەوە بیرۆکەی دەستوورو و سیاسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆمپانتێکی بەهێزی لەسەر بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبوو، بەڵام هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری لە ساڵی 1929دا، ئاماژەکانی بیردۆزێکی نوێ بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت دەرکەوت، کە لە قۆناغی بێلایەنییەوە بۆ قۆناغی تێکەڵبوونەوە تێپەڕی، هەروەهاش بیرکردنەوە لە بەڕێوەبردن لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە سەیری دەکرا، هاوکات بەرنامەی چاکسازی ئابووری کە سەرۆک فرانکلین دی ڕۆزفلێت دایهێناو بە سەردەمی تازە New Deal ناسراوە، دەستی پێکرد، کە بۆ ڕزگارکردنی ئابووریە شڵەژاوەکی ئەمەریکا لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو هاتە ئارا، کە ناتوانرێ لە گرنگیی ئەو بیرۆکەیە کەمبکرێتەوە وەک سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوەیەکی نوێ لە سیستەمی کارگێڕیدا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/1/20 ژمارە (5675)
خەبات

بیرکاری و بڕی چۆرتکە لە سەر IQT

پێشنیارم بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە، ئەم سیستەمە هەر لە باخچەی منداڵان و قۆناغە بنەڕەتییەکان بهێنێتە ناو بواری فێرکاری



کاروان کەریم خان



لە کۆن و لە ئێستاشدا هەمیشە هەندێک کەس ورد، ژیر و تیژ هەڵدەکەون و هەندێک کەسیش کۆڵ و کلۆڵن. ڕەنگە بەشێکی ئەم تیژیە یان کۆڵیە ژەنگێکی ژەنێتیکی بێت، بەشێکی ڕەنگە بۆ جوگرافیا و خواردن و دەیان هۆکاریتر بگەڕێتەوە کە ئێمە هەر لێیشی نازانین، بەڵام ڕاستە ئەگەر بڵێین بەشێکی بۆ پەروەردەکردنی و بەهێزکرنی مێشک لە ڕێی کارلێکێشانی مەغز دەگەڕێتەوە، لە کۆندا دەیان گەمەی وەک جۆرابێن و مەتەڵ هەڵدان و هەڵێنان وایان لە مێشک دەکرد بیر بار بکات، لە سەردەمی ئێستاشدا جۆرەها کاری زانستی و ساده و ئاڵۆز بۆ کارلێکێشانی مێشک بەکار دێن ، لە کاتی ئێستا جگە لە سەرچاوەکانی تری پەروەردەیی، کارلێکێشانی مێشک لە ئەستۆی دامەزراوەی فێرکارییە دەزگای پەروەردەیی دەبێ بیر بکاتەوە چۆن منداڵێکی ژیر پێبگەیەنێت بۆ ئەوەی دوا جار بیێتە سەرمایەی بەڕاستی وڵات، ئەگەر گوتوبانە مرۆڤ سەرمایەیە دیارە کە مەبەست مرۆڤی بەکەڵک و ژیرە. لێرەدایە کە سەرمایەی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەتوانێ سەرمایەکانی تری وڵات بەهێزتر بکات ، کەواتە بۆ دروست کردنی سەرمایەیەکی باشی مرۆڤی پێویستە گرینگی بدرێتە IQی بەهێز کردنی منداڵان و نەولاوان بۆ ئەوەی بە ڕاهێنانی مێشک بتوانێت داهێنان بکات .

یەکێک لە کلیلەکانی چارەسەر کردنی ئەم ئاریشەیە بە کار هێنانی کۆنە ئامێرێکی دوکانداراە کۆنەکانە کە ئێستا لە قوتابخانە پێشکەوتووەکانی جیهان سەری هەڵداوەتەوە

بەم پێشەکیە گەرەک ئەوەیە بچینە سەر ئەوەی کە ئایا و ڕادەی هۆشی منداڵان و لاوانی ئێمە تا کوێ بڕ دەکات؟ ئایا دەکرێ بە IQ نزمی بەشێک لە منداڵان و لاوانی ئێستایی سەرمایەی حەقیقی مرۆڤ دروست بکرێ؟ ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناو دڵی پرسیارەکە موستەتیرە بەس بۆ وەڵام دەبێ بڵێین ئاستی هۆشی منداڵانی ئێستا لە هەرێمی کوردستان زۆر جێی پەسن و پێهەڵاگوتن نییە، دور نییە بەشێکی هۆکاری ئەم کارەساتە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کار لە مێشک کێشان کەم بۆتەوە، نە لە موجالەسەی ئێستا کار لە مێشک دەکێشرێ نە لە گەمە ئەلیکترۆنیەکانیشدا، پێ دەچێ کار لە مێشک کێشان لە قوتابخانەشدا لە ئاستی پێویست نەبێ، سەرنجتان داوەتێ لە گەڵ ئەوەی کە کەرەستەکانی پێشکەوتن و پەروەردە کردنی مێشک و بەهێز کردنی عەقڵ لە سەردەمی جیهانی بوون زۆر بونە بەڵام بەشێکی زۆری گەنجانی دوای ڕاپەرین باش بار نەهاتوون؟ بۆ وەڵام بەدوای ئەم پرسیارەی کە بۆچی بەشێکی زۆری لاوان IQی لاوازیان هەیە وەڵام و هۆکارگەلێک بەزەیندا دەگات. بۆئەم پرسە دەبێ شارەزایان لە دەیان دەرچەی جیاوازی وەک باری ئابووری، ژەنێتیکی، ژینگەیی، خۆراک، سیستەمی فێرکاری و.... بە دوای هۆکاردا بگەڕێن. یەکێک لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی دڵ مەشغوڵی نوسەری ئەم دێرانە فکوس کردنە لە سەر سیستەمی خوێندن. ئاستی لاوازی فەرهەنگی هەندێ لە مامۆستایان و کزی خوێندەواری بەشێکی زۆر لە خاوەن بەرگی شەهادەکان و سیستەمی خوێندنی چاولێکەری بێ دیراسە کردن، کۆمەڵە منداڵێکیان کردۆتە بار بەسەر کۆمەڵگا کە بەڕاستی بێ ئامانجە و ئاستیشیان زۆر لە خوارێیە و ئیدیعاشیان زۆر لە سەرێیە. بە کورتی دەتوانین بڵێین نەسلێکی زۆر خەتەر بە ڕێگاوەن کە تەنانەت ناتوانن دو مەتەڵۆکەی کۆنی کوردی شی بکەنەوە. گۆشەیەکی ئەم گرفتە سەرەکیە کزی هۆشی منداڵانە ، بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە گرینگە یەکێک لە سەرچاوەکانی چارەسەری لە دەستی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندییە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە ناو ئەو سیستەمانەی گرینگی بە وانەی بیرکاری و فیزیا دەدرێت منداڵی ژیری زۆری لێ بەرهەم دێت. بەڵام ئەم سیستەمانە چۆن زەینی منداڵان بە بیرکاری دەکەنە زەینێکی بیریاریانە؟

بیرکاری جگە لە زانست دەتوانێ هۆش و ئاستی ژیری منداڵان بەرێتە سەرێ ، لە ڕاستیدا بە بیرکاری کردنی مێشک تەنها بە جەدوەلی زەرب و ڕێساکانی ریاچیات ناکرێت بەڵکو یاری بیریارانەی شیرین هەن کە دەتوانێ ئەم کارە بکات. وەک دیارە ئەگەر کار لە مێشک و زەینی مرۆڤ بکێشرێت توانای لەڕادەبەدەر دەبێت ، بە هێزبوونی مێشک و ئاستی ژیری مرۆڤیش خزمەت بە پێشکەوتنی ئەم پزسە گرینگە یەکێک لە سەرچاوەکانی چارەسەری لە دەستی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندییە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە ناو ئەو سیستەمانەی گرینگی بە وانەی بیرکاری و فیزیا دەدرێت منداڵی ژیری زۆری لێ بەرهەم دێت. بەڵام ئەم سیستەمانە چۆن زەینی منداڵان بە بیرکاری دەکەنە زەینێکی بیریارانە؟

بیرکاری جگە لە زانست دەتوانێ هۆش و ئاستی ژیری منداڵان بەرێتە سەرێ ، لە ڕاستیدا بە بیرکاری کردنی مێشک تەنها بە جەدوەلی زەرب و ڕێساکانی ریاچیات ناکرێت بەڵکو یاری بیریارانەی شیرین هەن کە دەتوانێ ئەم کارە بکات. وەک دیارە ئەگەر کار لە مێشک و زەینی مرۆڤ بکێشرێت توانای لەڕادەبەدەر دەبێت ، بە هێزبوونی مێشک و ئاستی ژیری مرۆڤیش خزمەت بە پێشکەوتنی ئەم پرسیارەی کە بۆچی بەشێکی زۆری لاوان IQی لاوازیان هەیە وەڵام و هۆکارگەلێک بەزەیندا دەگات. بۆئەم پرسە دەبێ شارەزایان لە دەیان دەرچەی جیاوازی وەک باری ئابووری، ژەنێتیکی، ژینگەیی، خۆراک، سیستەمی فێرکاری و.... بە دوای هۆکاردا بگەڕێن. یەکێک لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی دڵ مەشغوڵی نوسەری ئەم دێرانە فکوس کردنە لە سەر سیستەمی خوێندن. ئاستی لاوازی فەرهەنگی هەندێ لە مامۆستایان و کزی خوێندەواری بەشێکی زۆر لە خاوەن بەرگی شەهادەکان و سیستەمی خوێندنی چاولێکەری بێ دیراسە کردن، کۆمەڵە منداڵێکیان کردۆتە بار بەسەر کۆمەڵگا کە بەڕاستی بێ ئامانجە و ئاستیشیان زۆر لە خوارێیە و ئیدیعاشیان زۆر لە سەرێیە. بە کورتی دەتوانین بڵێین نەسلێکی زۆر خەتەر بە ڕێگاوەن کە تەنانەت ناتوانن دو مەتەڵۆکەی کۆنی کوردی شی بکەنەوە. گۆشەیەکی ئەم گرفتە سەرەکیە کزی هۆشی منداڵانە ، بۆ چارەسەر کردنی

ئەم پزسە گرینگە یەکێک لە سەرچاوەکانی چارەسەری لە دەستی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندییە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە ناو ئەو سیستەمانەی گرینگی بە وانەی بیرکاری و فیزیا دەدرێت منداڵی ژیری زۆری لێ بەرهەم دێت. بەڵام ئەم سیستەمانە چۆن زەینی منداڵان بە بیرکاری دەکەنە زەینێکی بیریارانە؟

بیرکاری جگە لە زانست دەتوانێ هۆش و ئاستی ژیری منداڵان بەرێتە سەرێ ، لە ڕاستیدا بە بیرکاری کردنی مێشک تەنها بە جەدوەلی زەرب و ڕێساکانی ریاچیات ناکرێت بەڵکو یاری بیریارانەی شیرین هەن کە دەتوانێ ئەم کارە بکات. وەک دیارە ئەگەر کار لە مێشک و زەینی مرۆڤ بکێشرێت توانای لەڕادەبەدەر دەبێت ، بە هێزبوونی مێشک و ئاستی ژیری مرۆڤیش خزمەت بە پێشکەوتنی

ئەوەی بزانن ئەو قوتابیە جگە لە خوێندەواری و ئاستی سیوات چەندەش ژیر و تیژە و وریایە، بواری پەروەردە و زانست ئەرکدارترین دامەزراوەیە کە دەبێ خەباتێکی زانستی و هزری نوێ بکات، بەڵام دەبێ هاوتەریب لەگەڵ کاری زانستی کارلێکێشانی مێشک و کاری بیریاری بگاتە فەرهەنگ و کارێکی سەرەکی، لاوازی کار نەکردن لە سەر IQوەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی لەگەڵ ئەوەی خوێندن هەیە و شهادە بەدەست دێ ، بەڵام بەشێکی بەرچاوی لاوانی ئەم دەورانە لە هۆش و زەکاوەت هێشتا سوکەزەینن؟

پێدەچێ ئەم بابەتە هۆکاری زۆری هەبێ، لەوانە سیستەم و فەرهەنگ، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکان کە دەمانەوێ بە شێوەیەکی ڕەوانناسانە لێی ورد بینەوە هۆکاری هۆش و زیرەکیە. بۆ دەرەوشانەوەی ئاستی زانستی و پێگەیشتنی تاکێکی بیرکەر و پر هۆش، پێویستە هەوڵ بدرێ کار لەسەر هۆش و زەکاوەت و IQی منداڵان بکرێت ، بۆ نمونە دەبێ لە قوتابخانەکان گرنگی بدرێتە بابەتەکانی بیرکاری و فیزیا و بایەخ بدرێتە یاریە بیریەکان ، لەگەڵ چالاکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانە گرنگی بدرێتە مەتەڵە کۆنە کوردەوارییەکان کە کاتی خۆی یەکێک بووە لە هۆکاری بەهێز بوونی هۆش و زەکاوەتی پیاو و ئافرەتە کۆنەکانی کوردەواری و قوتابخانە کۆنەکانی وەک حوجرە و خانەقا.

چۆرتکە ئامێرێکی کۆنی کاری بیرکارییە کە لە دوکان و بازاڕەکانی کۆن کاری لێکدانەوەی ژمارەکانی پێ دەکرا و کاری ئێستای حاسیبەی ئەنجام دەدا

یەکێک لە کلیلەکانی چارەسەر کردنی ئەم ئاریشەیە بە کار هێنانی کۆنە ئامێرێکی دوکانداراە کۆنەکانە کە ئێستا لە قوتابخانە پێشکەوتووەکانی جیهان سەری هەڵداوەتەوە. بەم ئامرازە دەکرێ کار بۆ هێنانی شێوازی نوێی بەهێز کردنی هۆشی قوتابیان بکرێ ، ئەم شێوازە بەکارهێنانی چۆرت یان (چۆرتکەیە) Abacus)) چۆرتکە ئامێرێکی کۆنی کاری بیرکارییە کە لە دوکان و بازاڕەکانی کۆن کاری لێکدانەوەی ژمارەکانی پێ دەکرا و کاری ئێستای حاسیبەی ئەنجام دەدا. چۆرت جگە لە چوار کاری سەرەکی بیرکاری بۆ لێکدانەوەی ڕیشەیی دووەم و سێیەمی ژمارەکانیش کەڵکی لێوەردەگیرا. دیارە وشەی چۆرت لە ڕیشەدا ڕوسیە و بە واتای تەسبیح دێت. ئەم ئامێرە سادەیە لە دوکانە کۆنەکانی جاران ڕا چۆتە ناو سیستەمی خوێندنی منداڵان لە ژاپۆن، دیارە منداڵان دوای ئەوەی کاری بیرکاری بەم ئامێرە سادەیە فێر دەبن پاش ماوەیەک دەبنە خاوەن مێشکی لێکدانەوەیی چۆرت ئاسا و لە دەرئەنجامدا ئاستی زەین و IQمنداڵان بەرز دەبێتەوە.

کاری ژمێرکاری بە شێوازی چۆرتکە (UCMAS) ناسراوە بە شێوەی وانە و پێشبڕکێ یەکەم جار لە ساڵی 1993 لە وڵاتی مالیزیا لە لایەن دکتۆر دینو وانگ داهێنرا ، ئێستا لە زۆرێک لە قوتابخانەکانی وڵاتانی جیهان کار لەسەر چۆرتی کۆن دەکەن ، چونکە دەبێتە هۆی فراوان بونی ڕوبەری بەکارهێنانی مێشک ، بەکار هێنانی ئەم ئامێرە دەبێتە هۆی ئەوەی لە یەک کاتدا هەردو لای مێشک کاری پێ بکرێ بە پێچەوانەی مرۆڤی ئاسایی کە تەنیا لایەکی مێشکی بەکارە، بە فێر بونی کاری چۆرت قوتابیەکی دەسالان دەتوانێ وەک حاسیبە کاری کەم و کۆ بۆ زیرەکیە. بۆ دەرەوشانەوەی ئاستی زانستی و پێگەیشتنی تاکێکی بیرکەر و پر هۆش، پێویستە هەوڵ بدرێ کار لەسەر هۆش و زەکاوەت و IQی منداڵان بکرێت ، بۆ نمونە دەبێ لە قوتابخانەکان گرنگی بدرێتە بابەتەکانی بیرکاری و فیزیا و بایەخ بدرێتە یاریە بیریەکان ، لەگەڵ چالاکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانە گرنگی بدرێتە مەتەڵە کۆنە کوردەوارییەکان کە کاتی خۆی یەکێک بووە لە هۆکاری بەهێز بوونی هۆش و زەکاوەتی پیاو و ئافرەتە کۆنەکانی کوردەواری و قوتابخانە کۆنەکانی وەک حوجرە و خانەقا.

چۆرت جگە لە چوار کاری سەرەکی بیرکاری، بۆ لێکدانەوەی ڕیشەیی دووەم و سێیەمی ژمارەکانیش کەڵکی لێوەردەگیرا


ژمارە گەورە و ناوەندەکان بکات، بەم تەکنیکە مێشک دەتوانێ نزیکەی سەد کرداری لە چەشنی بیرکاری بە ماوەی کەمتر لە دە خولەک لێک بداتەوە، ئەم کارە بیریارییە لە بەشێکی کوردستان بە سەرکەوتویی ئەزمونراوە، بۆ وێنە ساڵی پار کێژۆڵەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی پەرنیا عەزیزی لە شاری ڕەوانسەر لە پێشبڕکێی جیهانی (UCMAS) وڵاتی مالیزیا توانی پلەی یەکەمی جیهانی بەدەست بێنێ ، هەروەها ئەمساڵ کچە کوردێکی تر لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بە ناوی ڕۆژنیا حەسەنزادە لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری لە هەمان پێشبڕکێ کرد کە تێیدا 30وڵات بەشدار بون و لە نێوان 733 بەشدار بووبا پلەی یەکەمی جیهانی بەدەست هێنا ، سەرکەوتنی ئەم منداڵە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەکردنی مێشک و هۆش کە ئامێری چۆرت ئیلهام بەخشی ئەم ئاستەی IQئەم منداڵە کورده بووە.

بەم سەرنج و لێکدانەوەیە و ئەم نمونە نوێیە دەتوانین ئەم ئەزموونە هاسان و کەم تێچووە بێنینە باشوری کوردستان و پێشنیارم بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە ئەم سیستەمە، هەر لە باخچەی منداڵان و قۆناغە بنەڕەتییەکان، بهێنێتە ناو بواری فێرکاری، ئەمەش بە خەرجییەکی کەم کە تەنیا بە هێنانی هەندێ مامۆستای کورد و کڕینی ئامێری هەرزان بایی چۆرت، ئەنجام دەدرێت، ئەم شێوازە دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیان خولیا و حەزیان بۆ زانست زیاد بێت و لە داهاتوش ڕووبەری بیر کردنەوەیان فراوان تر بێت، بەم کارە لە داهاتودا کەسانی بەربڕێتر و دەروشاوەی وەک بەرێز کۆچەر بیرکار کە هەڵگری ناسناوی کوردین بۆ خزمەت بە نیشتیمان و زانست بەرهەم دێن و دەتوانێ جگەلە نوزەی مەزڵومیەت بەینە خاوەن شانازی و ئیدیعای زانستی و خۆمان زیاتر بسەلمێنین.

پێویستە بیر لەم بابەتە بکرێتەوە و شارەزایانی بواری بیرکاری و چۆرت لێکۆڵینەوەی زانستی چەندڕویی لە سەر ئەم بابەتە بکەن و تێچوو سوودەکانی پێش بینی بکەن و دوای دانیشتنی زانستی و تاقیکردنەوەی ئەم پڕۆژەیە لە چەند قوتابخانەیەکدا، بە چاودێری شارەزایانی تایبەت، ئەم پڕۆژەیە بێننە ناو قوتابخانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی منداڵمان ببنە خاوەن IQی بە هێزتر و خولیای چۆرت و دامە و مەتەڵ بێتە جێی گەمە تێکدەرەکانی ئاتاری کە منداڵی زۆر گۆشەنشین و نارێکی لە سەر شانی کزمەڵگا کردۆتە بارگرانی.

106 کاندیدی ماستەر و دکتۆرا بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی ساختە دەکەن

خەبات /ڕۆژنا عەلی



وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی 106بڕوانامەی ساختەی (تەزویر)ی بۆ خوێندنی ماستەرو دکتۆرا ئاشکراکرد ، بە پێی دواینێ ئاماری وەزارەتەکەش وەک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرایان کردووە ،ڕاستی و دروستی تایبەت بە بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی دەرکەوتوە تا ئێستا (١٠٦) بڕوانامەی ساختە (تەزویر) پێشکەشکراون و، ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕییان بەرامبەر گیراوەتەبەر.

لەڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی ناوبراودا هاتووە و ڕایەگەیەنێت دوای دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە وەرگرتنی نازناوی زانستی و ڕێنماییەکانی ژمارە (٤) و (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە خوێندنی باڵا/ ماستەرو دکتۆرا، کە تیایدا مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی نێودەوڵەتی (IELTSو TOEFLو) (وەک مەرجی پێش دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی ماستەر و دکتۆرا و وەرگرتنی نازناوی زانستی دانراوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە کاندیدان و قوتابیان و خوێندکاران خوازیارانی وەرگرتنی نازناوی زانستی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی نێودەوڵەتی وەک(IELTSو TOEFL و PTE)


پێشکەش بە وەزارەت و زانکۆکان کردبوو بەمەبەستی دەستپێکردن خوێندنی ئەکادیمی و، وەرگرتنی نازناوی زانستی .

لەو چوارچێوەیەدا و، دوای ئەنجامدانی ڕاست و دروستی (صحە صدور) بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەو بڕوانامانەی پێشکەش بە وەزارەت و زانکۆکان کرابوون، دەرکەوت ژمارەیەک لە بڕوانامەکان ساختەو (تەزویر)ن .

بۆ ئەوەش بەپێی دواینێ ئاماری وەزارەتەکەمان بڕوانامە ساختە (تەزویر)کان بریتیە لە (١٠٦) بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی، کە بەم شێوەیەیە: لە زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر (٢٦) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی سلێمانی (٤٨) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆ هەڵەبجە (١٢) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی گەرمیان (٥) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی دهۆک (٤) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی زاخۆ (٣) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی هەولێری پزیشکی (٢) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک (٢) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی کۆیە (١) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی سۆران (١) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر (١) بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی ڕاپەڕین (١) بڕوانامەی ساختە (تەزویر) پێشکەشکرابون .

رێکخەر و داوەری نێودەوڵەتی ئێرانی لە دیمانەیەکی خەباتدا

د. کاوە خەلیلی: ئەوەی کە خۆشحاڵم دەکات دەبینم شەترەنجی کوردستان بەرەو پێش هەنگاو دەنێت





دیمانە: هاوار مورتکەیی

د. کاوە خەلیلی ئەو ناوە دیارەی نێو شەترەنجە نەوەک هەر لە ئاستی ئێران، بەڵکو کەسایەتییەکی دیارە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کە وەک داوەریکی نیودەوڵەتی و رێکخەرێکی نێودەوڵەتی لە زۆرێک لە پێشبڕکێیە نێودەوڵەتییەکان پشتی پێ دەبەسترێت، ئەو لە پاڵ ئەم کارەشی مامۆستای زانکۆیە لە ئێران، بەهۆی ئەو توانا و شارەزاییەی کە لەبوارەکەی خۆیدا هەیەتی، ئەوە چەند جارێکە یانەی شەترەنجی خانزاد پەیوەندی پێوە دەکات و دێت لە هەولێر ئەو پاڵەوانێتییانە بەڕێوەدەبات، رۆژنامەی خەبات بەدەرفەتی زانی لە هەولێر دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدات.

ئەرکی منە بێم خزمەت بکەم

لە دەستپێکدا د. کاوە خەلیلی ناوبژیوان و رێکخەری نیودەوڵەتی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەوە چۆنە چەند جارێک پاڵەوانێتییەکانی شەترەنجی یانەی خانزاد لەهەولێر بەڕێوە دەبەی گوتی: من کە دێم لێرە لە کوردستان خزمەت بەشەترەنج دەکەم ئەمە بە وەزیفەی خۆمی دەزانم، چونکە من منداڵی ئەم وڵاتەکەم و هەر کاتێک ئێوە (مەبەستی یانەی خانزاد) پێویستتان بەمن بوو ئەوە ئەرکی منە کە بێم خزمەتی شەترەنجی کوردستان و بەتایبەتیش یانەی خانزاد بکەم، چەند جارێک چوومەتە بەغدا و ئەوەی کە خۆشحاڵم دەکات ئەوە سێیەم جارە دێمە کوردستان دەبینم شەترەنجی کوردستان بەرەو پێش هەنگاو دەنێ و ئەمەش وادەکات کە هەموومان دەست لەناو دەست بنێین بۆ ئەوەی ئەو کاروانە بەسەرکەوتوویی ببەینە پێش، پێویستە لێرە زیاتر کار لەسەر زانستی شەترەنج بکرێت.

هەنگاوی باش هاویشتراوە

دواتر لەوەڵامی ئەوەی بەراوردی یەکەم سەردانی لەگەڵ دوا سەردانی چۆن شەترەنجی کوردستانت بینی گوتی: هەڵبەت ئەو راستییە پێویستە بگوترێت، یەکەمجار کە هاتم بینیم کە هەنگاوی باش هاویشتراوە بەتایبەتیش لەلایەن خودی بەڕێز دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد، بڕوابکەی ئەوەی لێرە هەیە لەو وڵاتی ئێران نییە، هەروەها لە رووی پسپۆڕیشەوە دەتوانم بڵێم کەموکورتیتان نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەسەری کاربکەین ئەوەیە کە ئەو شەترەنجەی کوردستان هەر لە چوارچێوەی عێراق و عەرەبەوە نەبێت، بەڵکو کارلەسەر ئەوەبکەین کە شەترەنجی کوردستان بە دونیا بناسێنین، ئەمەش پلانێکی دوورو درێژی دەوێ، ئەویش دەست لەناوەدستی هەمووان وابکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا GM و IM ی کوردمان هەبێت، هەروەها دەبێت سەرمایە لەسەر منداڵ بکەین، وە ئەگەر بمانەوێ شەترەنج ببەینە مالان ئەوا پێگومان لە رێگای قوتابخانەکانەوە شەترەنج دەگەیەندرێتە ناو ماڵەکان.

هێنانی یاریزان و راهێنەر

دواتر د. کاوە خەلیلی لەبارەی گەورەترین حەز و ئارەزووی گوتی: گەورەترین ئارەزووی من ئەوەیە کە خزمەت بەنەتەوەکەم بگەیەنم، ئەگەر ئەم خزمەتە نەکەم ئەوە خیانەتە، بە بڕوای من کاتێک پسپۆرییەکت دەبێت، ئەوە قەرزێکت دەکەوێتەسەر دەبی بیگەڕێنیەوە بۆ نەتەوەکەت، ئەمەش دەتوانین بە کردنەوەی خولی ناوبژیوانی و هێنانی یاریزانی بەتوانا و تێکەڵاویان لەگەڵ یاریزانانی خۆمان و هەروەها هێنانی راهێنەر، بەبڕوای من لە رووی زانستییەوە پێویستمان بە راهێنەری بیانی هەیە، ئەوانەی خۆمان کە هەمانە تا ئاستێک دەتوانن یاریزان پێبگەیەنن، بۆیە پێویستە راهێنەری بیانی بهێنین، من لەلایەن خزمەوە ئامادەباشی تەواوم هەیە کە هاوکاری یانەی خانزاد بکەم لەهینانی کەسانی بەتوانا کە بتوانن لێرە خزمەت بکەن.

شەترەنج واتە بیرکردنەوە

لە کۆتایدا د. کاوە خەلیلی ئۆرگەنازەیشنی نێودەوڵەتی شەترەنج لەبارەی گرنگیی فێرکردنی شەترەنج لە چ قۆناغێکدا پێویستە؟ ئاماژەی بە وەدا و گوتی: شەترەنج واتە بیرکردنەوە، کەواتە تۆ بە منداڵ دەڵێی بیر بکەوە، کاتێک یاری دەکەی دەبینی کە بەرامبەرەکەت داشێکی شەترەنج دەجوڵێنێت، لەوکاتەدا تۆ بیردەکەیەوە چ داشێک بجوڵێنی؟ بەرامبەرەکەت چ پلانیکی بەدەستەوەیە؟ تۆ دەبی رێگە لەو پلانە بگریت و لەهەمان کاتیش پلانی خۆت هەبێت، واتە تۆ هیچ هەنگاوێک ناهاوێژی بەبێ بیرکردنەوە، واتە کەمتر هەلە دەکەیت، بەگشتی سوود بەو منداڵەش دەگەیەنێت لە قوتابخانەدا، ئەگەر باسی وانەی ماتماتیک بکەین دەبینین کاتێک قوتابیەک لە وانەی ماتماتیک باش بوو، بێگومان لەوانەکانی تریش باش دەبێت، واتە بەغیرەتەوە دەچێتە قوتابخانە، چونکە راحەتتر ماتماتیکەکە شی دەکاتەوە، لەگەل ریزم بۆ وەرزشەکانی تر، شەترەنج وەرزشێکی پاکە و دووری لە تووندو تیژی و کاتێک دایک و باوک منداڵ بۆ شەترەنج دەبات دەبینی تەنانەت جگەرەکێشانیش لەو شوینە قەدەغەیە، واتە شوێنێکی تەندروستە، هیمنە، تەنانەت ناتوانێت قسە بکات بەدەنگێکی بەرز، شتێکی تریش شەترەنج وەک ژیان وایە دۆڕان و بردنەوە هەیە، نەدەبێ لە بردنەوەدا زۆر خۆشحال بی و نەلە دۆڕاندنیشدا بێ ئومێد بی، بۆ نمونە لەشەترەنجدا ئەگەر لە دواوەش بی دەڵێ دەبی هەوڵ بدەی لەوانەیە جولەیەکی باش بدۆزیەوە، لە ژیانیش وایە ئەگەر دۆڕای حەتمەن رێگایەک هەیە بەدوای بگەڕێیت بۆ ئەوەی ئەو شتانەی دەوروبەرت کە خرات کردوون چاکی بکەیەوە، لەلایەکی دیکەشەوە شەترەنج پێویستی بەجولەی جەستە هەیە، دەڵێن ئەگەر یاریزانێک جولەی کەم بێت ئەوە نابێتە پاڵەوان، بۆ نمونە کارلسنی پاڵەوانی جیهان کە پێش ئەوەی بەشداری پاڵەوانێتی جیهانی بکات، مانگێک دوو مانگ پێش ئەوە دەچێت وەرزشی شاخەوانی دەکات، لێرەدە ئەو راستیەمان پێ دەڵێت کە عەقلی سالم لە بەدەنی سالمدایە.

بالۆتێلی

داهاتووی خۆی دیاریکرد

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ یاریزانی ئیتاڵی ماریۆ بالۆتێلی خانووەکەی خۆی لەنیس جێهێشتووەو بەرەو شاری مارسیلیا کەوتۆتە ڕێ. ڕۆژنامەی(نیس ماتان)ی فەرەنسی دەڵێت: گواستنەوەی یاریزانی نێودەوڵەتی ئیتاڵی بۆیانەی ئۆلەمپیک مارسیلیا زۆر نزیک بۆتەوە. چاوەڕێ دەکرێت (سوپەر ماریۆ) بۆندێکی ڕەزامەندی لەگەڵ یانەی نیس واژۆ بکات، دوای ئەوەی بۆندەکەی لە هاوینی داهاتوو کۆتایی دێت، بەمەش دەتوانێت بە بۆندێکی ئازاد پەیوەندی بەیانەی مارسیلیا بکات، بەمەش لەگەڵ راهێنەری پێشووی یانی ڕۆما ڕۆدی گارسیا دەست بەکار دەبێت. سوپەر ماریۆ لەم وەرزە لەماوەی 10یاریدا هیچ گۆڵێکی بۆیانەی نیس تۆمار نەکردووە، دوای ئەوەی کە لەلایەن ڕاهێنەری یانەکەوە سڕ کرابوو بەهۆی چەند کێشەیەک لەگەڵ پاتیک ڤیێرا.

کۆڤاچ:

بایرن لەفشار خستنە سەر دۆرتمۆند بەردەوامە

یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی توانی سەرکەوتنێکی بەنرخ لەسەر حیسابی یانەی هۆفنهایم بە 3-1 بەدەست بهێنێت لەمیانی گەڕی 18ی خولی ئەڵمانیادا. یاریزان لیۆن جۆریتسکا دووگۆڵی بۆیانەی باڤاری تۆمارکرد، پاشان ڕۆبێرت لیڤاندۆڤیسکی 3سێکوچکەی گۆڵەکانی یانەی باڤاری تەواوکرد، تاکە گۆڵی هۆفنهاهیمیش لەلایەن نیکۆ شۆڵز تۆمارکرا. لەمبارەیەوە ڕاهێنەری یانەی بایرن کۆڤاچ گوتی: توانیمان ئەنجامی ئەم یارییە لەبەرژەوەندی خۆمان بەکۆتا بێنین، فشاری زیاتر بخەینە سەریانەی پێشەنگ، ئەمەش ئەنجامێکی باش بوو بۆ دڵخۆشکردنی هاندەرانمان. سەرکەوتنی ئەمڕۆ هەڵێکی باشی پێدابین تاکو بەردەوام بین لەفشار خستنە سەر دۆرتمۆند، کەلەدوای ئێمە یارییەکەی ئەم گەڕەی ئەنجامدا. دەمانەوێت جیاوازی خاڵەکان کەمتر بێتەوە بەدروستبوونی هەربەربەستێک لەبەردەم یانەی دۆرتمۆند.



لەیاریيەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

ئەو شەپۆلە سەرمایەکەی ئەم هەفتەیە بردنەوەی بە یانەی هەولێر بەخشی و چوار یاریش بەیەکسانبوون تەواو بوو



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین ژ فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەیاریيەکانی گەڕی سێزدەهەمینی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بۆ وەرزەکانی 2019-2018ئەم هەفتەیە لەرۆژانی پێنجەشممە وهەینی چەند یاریيەکی گرینگ لەکۆتایی قوناغی یەکەم هاتە ئەنجامدان، لەوانە ئەم پێنجشەممەیە لەیاریگای فەرەنسۆ هەریری 2هەردوو یانەی هەولێر وپێشمەرگەی سلێمانی لەکەشێکی ساردو باراناویدا ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یاریيەکە بەئەنجامی (2-1) گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی هەولێر بەکۆتایی هات .

لەگێمی یەکەمدا تیپی میوان هێرشەکانیان زیاتر دەبیندرا بەپێچەوانەی تیپی خاوەن یاریگا، ئەوەبوو لەخولەکی 29ی گێمی یەکەمدا یاریزانی پێشمەرگەی سلێمانی ڕێکان رزگار بەلێدانی سزا گۆڵی یەکەمی بۆ تیپەکەی تۆمار کرد و تیپەکەی بەگۆڵێک بەسەر یانەی هەولێر پێشخست، دوای ئەم گۆڵە یاریزانانی هەولێر هەوڵی هاوسەنگ کردنەوەی ئەنجامی یاریيەکەیان دەدا، بەڵام هەموو هێرش ومەترسییەکانیان بێ سوود و بێ ئامانج بوو، بەمشێوەیە گێمی یەکەمی یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی میوان بەتاکە گۆڵێکی بێ وەڵام بەکۆتایی هات.

لەگێمی دووەمدا هەردوو ڕاهێنەری یانەکە بۆ گۆڕینی پلانی یاریيەکە چەند ئالوگۆڕێکیان لەپێکهاتەی تیپەکە ئەنجام دا ، بەتایبەتی یاریزانانی هەولێر هەموو هەوڵێکی خۆیان خستبووە گەڕ لەنێو یاریيەکەدا تا بتوانن بەزووترین کات گۆڵی یەکسانبوون لەتیپی بەرانبەر تۆمار بکەن، ئەوەبوو لەلێدانێکی ڕاستەوخۆدا دانا عوسمان لەخولەکی 55دا توانی ئەنجامی یاریيەکە بۆ یانەی هەولێر هاوسەنگ بکاتەوە و گۆڵی یەکەم و بەرانبەر بوون تۆمار بکات، دوای ئەم گۆڵە یاریزانانی یانەی هەولێر لەهێرشەکانیان بۆ سەر تیپی میوان بەردەوام بوو بەمەبەستی تۆمار کردنی گۆڵی سەرکەوتن بەسەر تیپی بەرانبەر، ئەگەرچی لەگێمی دووەمدا یانەی هەولێر بەبێ ڕاهێنەر یاریيەکەی ئەنجامدا و لەلایەن ناوبژیوانی یاریيەکەوە ڕاهێنەر عەبدوڵڵا مەحمود کرایەوە دەرەوە، بەڵام یانەی هەولێر بەدوور خستنەوەی ڕاهێنەرەکەیان هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نەکردە سەر ئاست و توانای یاریزانەکانیان کەلەپلان وتەکتیکی یاریيەکە بەدوور بن ، لەدرێژەی هێرشەبەردەوامەکانی یانەی هەولێر و لەکۆتاییەکانی گێمی دووەم هۆگر حوسێن بەلێدانی سەر توانی گۆڵی دووەم وسەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر تۆمار بکات و هاندەرانی یانەکەی دڵخۆش کرد، بەم ئەنجامە یانەی هەولێر کۆی خاڵەکانی بوو بە 16خاڵ، لەبەرانبەردا پێشمەرگەی سلێمانیش بەم دۆراندنە هەر لە 18خاڵ مایەوە.

لەیاری دووەمدا هەر لەهەمان ڕۆژدا لەیاریگای کەلار ، یانەی شێروانە پێشوازی لەیانەی هەندرێن کرد، یاریيەکە بەئەنجامی 2-2گۆڵ یەکسانبوون، گۆڵی یەکەمی یانەی شێروانە لەلایەن هەڵمەت عادل تۆمار کرا، گۆڵی یەکسانبوون بەلێدانی سزا لەلایەن یاریزانی یانەی هەندرێن فەرهەنگ تۆمار کرد، گۆڵی دووەمی یانەی هەندرێن لەلایەن یاریزان عامر فازیل تۆمار کرا، گۆڵی دووەم و یەکسانبوون لەلایەن یاریزانی شێروانە هێمن رزگار تۆمار کرا، بەم شێوەیە هەردوو یانەکە بەخاڵێکی یاریيەکە رازی بوون.

ئەنجامی یاریيەکانی دیکە بەمشێوە بوو:

دهۆک * 1نەورۆز 1

برایەتی *1ئارارات 1

ئاکرێ * 0زاخۆ 0

زێرەڤانی * 1دەربەندیخان 1

یاری پێشمەرگەی هەولێر و گازی باکووریش ئەنجام نەدرا بەهۆی خراپی کەش وهەوای یاریگاکە و کەوتنی بەفرێکی یەکجار زۆر کەوایکرد یاریيەکە بۆ ڕۆژی شەمە دوابخرێت.

ئەم هەفتەیە قۆناغی یەکەم گەڕی سێزدەهەمینی خولی نایابی کوردستان سەرکەوتووانە بەکۆتایی هات و ڕێزبەندی خولەکەیش لەپلەی یەکەم تاپلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1- پێشمەرگەی هەولێر 23خاڵ

یاریيەکە دواخرا

2- دهۆک 22خاڵ

3- نەورۆز 22خاڵ

4-ئارارات 20خاڵ

5- شێروانە 19خاڵ.

دۆرتمۆند چاوی بڕیوەتە یاریزانێکی عێراقی



یانەی برۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی، دەیەوێت یاریزان موهەنەد عەلی هێرشبەری یانەی شورەی عێراقی و هەڵبژاردەی عێراق بگوازێتەوە ریزەکانی، لەبەر لەکۆتایی هاتنی گواستنەوەکانی زستانەدا. بەگوێرەی هەواڵەکانی ماڵپەڕی (کالیچیۆ میرکاتۆ)ی ئیتاڵی ئیدارەی یانەی دۆرتمۆند چاوی بڕیوەتە موهەنەد ودەیەوێت سوود لەخزمەتەکانی وەرگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا لەژێر چاودێری دایە. دوای ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ هەڵژاردەی عێراق پێشکەشی کردووە. دۆرتمۆن هەوڵ دەدات بۆندی یاریزانی ناوبراو لەکاتێکدا بەدەست بێنێت، کە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی شورتەی عێراقی لەم هاوینەدا کۆتایی دێت. موهەنەد ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیای 2019دەکات کە وڵاتی ئیمارات میواندارای کردووە، توانیویانە بگەنە قۆناغی 16ی ئەم خولە.

یاریيەکی ئاگرینی بەرشلۆنە لەجامی شای ئیسپانیا



لەدوای ڕاکێشانی تیروپشکی جامی شای ئیسپانیا لەهەینی ڕابردوو، یاریيەکی ئاگرینی بۆ یانەی بەرشلۆنەی خاوەن نازناو لێکەتەوە یانەی ریال مەدریدیش لەیاری بەرامبەر یانەی دووەمی کاتەلۆنای جیرۆنا یاری دەکات. یانەی بەرشلۆنە لە قۆناغی 8ی جامی شای ئیسپانیا کەوتە بەرامبەر یانەی ئیشبیلیە، کە دەبێتە یاری کۆتایی دووبارەی وەرزی ڕابردوو، هەروەها یانەی شاهانەی ئیسپانیا بەرامبەر جیرۆنا یاری دەکات، کە گەورەترین ئەنجامی ناچاوەڕوانکراوی تۆمارکرد،دوای ئەوەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی لەم خولەکردە دەرەوە. هەروەها لەهەمان تیروپشکدا یانەی خیتافی بەرامبەر ڤالێنسیا یاری دەکات و ئیسپانیۆلیش ڕووبەڕووی ریال بیتیس دەبێتەوە. بڕیارە یاری چوون لە ڕۆژانی 23و 24ی کانوونی دووەم ئەنجام بدرێت و یاری گەڕانەوەش لە 30 و 31ی هەمان مانگ بێت.

یاریيەکانی قۆناغی 16و 8وچوارگۆشەی زیرین و یاری کۆتایی جامی ئاسیای 2019



زاگرۆس نانەکەلی

قۆناغی شانزەی جامی ئاسیا یاریيەکان بەم شێوە بەڕێوە دەچێت:

×ڕۆژی یەک شەمە ڕێکەوتی 20-1-2019ئەم سێ یاریيە بەڕێوەدەچێت

ئوردن*ڤییەتنام کاتژمێر (2) ی دوای نیوەڕۆ.یاری ژمارە (37).

تایلەند *چین کاتژمێر (5) ی ئێوارە.یاری ژمارە (38).

ئێران *عومان کاتژمێر (8) ی شەو. یاری ژمارە (39).

*ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 21-1-2019ئەم سێ یاریيە بەڕێوە دەچێت.

ژاپۆن،سعودیە کاتژمێر (2)ی دوای نیوەڕۆ. یاری ژمارە (40).

ئوستڕالیا*ئۆزبەکستان کاتژمێر (5) ی ئێوارە. یاری ژمارە (41).

ئیمارات*قیرغستان کاتژمێر (7)ی شەو. یاری ژمارە (42).

*ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی 22-1-2019ئەم دوو یاریيە بەڕێوە دەچێت.

کۆریای باشوور*بەحرێن کاتژمێر کاتژمێر (4)ی ئێوارە. یاری ژمارە (43).

قەتەڕ *عێراق کاتژمێر (7) ی شەو.یاری ژمارە (44).

*یاریيەکانی قۆناغی هەشت بەم شێوە دەبێت:

براوەی یاری ئوردن وقییەتنام *براوەی یاری ژاپۆن وسعودیە.

براوەی یاری تایلەند وچین *براوەی یاری ئیران و عومان.

براوەی یاری کۆریای باشوور و بەحرێن *براوەی قەتەڕ وعێراق.

براوەی یاری ئیمارات وقیرغستان *براوەی یاری ئوستڕالیا وئۆزبەکستان.

* قۆناغی هەشت یاریيەکان بەم شێوە بەڕێوە دەچێت:

یاری ژمارە (45).

براوەی یاری (37) * براوەی یاری (40).

یاری ژمارە (.46)

براوەی یاری (38) * براوەی یاری (39).

یاری ژمارە (.47)

براوەی یاری (43) * براوەی یاری (44).

یاری ژمارە (.48)

براوەی یاری (42) * براوەی یاری (41).

قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین بەم شێوە بەڕێوە دەچێت.

یاری ژمارە (49).

براوەی یاری (46) * براوەی یاری (45).

یاری ژمارە (50).

براوەی یاری (47) * براوەی یاری (48).

یاری کۆتایی

یاری ژمارە (51).

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 1-2-2019کاتژمێر (5) ئێوارە

براوەی یاری (49) * براوەی یاری (50).

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 20. Jan. 2019 No: (5675)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە ئەکادیمیای کوردیدا، ڕۆحی عەونی شاعیر لە دیوانە کۆنەکەیدا نوێ کرایەوە

لە مەیدانی پەیامی نەتەوەییدا، لە دوای حاجی وارسێک نییە لە عەونی لەپێشتر بێت





خەبات: ساپیر حوسێن

لە مەراسیمێکی پڕ لە چێژی ئەدەبیدا،لە ئەکادیمیای کوردی ڕێورەسمێک بۆ دابەشکردن و لەچاپدانی بەشی دووەمی دیوانی عەونی شاعیر ڕێکخرا، لەو مەراسیمەدا دیوانی عەونی بە زیادکردنی چەند دەقێکی ونبووی نێو دەلاقەکانی لاپەڕەی میژووی ڕۆژنامەوانی کوردی بە بەرگێکی نوێ چاپکرایەوە. ڕوونتر بڵێین ئەم کتێبە، بەشێکی ئەو شیعر و نووسینانەی عەونی شاعیری لە خۆگرتووە کە لە هەردوو چاپی (١٩٩٧ و ٢٠١١)ی پێشتری دیوانەکەیدا نین. ئەو شیعرانەی بە هیممەتی دڵسۆزانی وشەی کوردی، لە ئەرشیف و کەشکۆڵ و نامەخانەی ئەو گەورە پیاو و ڕۆشنفکرانەدا پارێزراوون کە پێشتر دۆستایەتییان لەگەڵ عەونی هەبووە و لەم ماوەیەدا دۆزرابوونەوە. یان لەو ڕۆژنامانەی کە لە ساڵانی ١٩٣٠ی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکرابوونەوە و پێشتر بەردەست نەکەوتبوون.

مامۆستا فەرهاد عەونی و محەمەدی حەمە باقی بە زمانی ئەمرۆ چەند وێستگەیەکی شاراوەیان لە دنیای شیعری دوێنێتی عەونی بۆ میوانانی ڕۆشنبیر و نوسەر و ئەکادیمیست شەن وکەوکرد. ئەوەیانیش بەیانکرد کەوا عەونی شاعیر وەک باوەرمەندێک بەچەمک و ژیانی کوردایەتی هەمیشە ئەو وشە و دەستەواژە و ئاماژانەی لە دەقەکانی تەوزیف کردووە کە بۆنی خاکیان لێوە هاتووە، هەر ئەم شێوە ڕوانینەش لە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی هەبووە و خاڵی کاریگەر بووە بەسەر هونەرمەندان و دەنگبێژانەوە، عەونی شاعیر فەلسەفەی ڕوانینی تایبەتمەندی خۆی بۆ چەمک و مەفاهیمەکان و باوەڕەکان و داب و نەریتەکان بە ئیزافەی ڕووداوە میژووییەکان هەبووە، بە زمانێکی سادەتر بڵێین: زادەی هونەری ئیلهامی شیعر لای عەونی ئاوێنەی بااڵنوێنی قەومێکە بەناوی گەلی کوردەوە. ئەم تایبەتمەندییەشە جیاوازی عەونی لە شاعیرانی دیکە بە باشی تێیدا بەدی دەکرێت. لەم ڕوانگەوە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کەوا لە دوای حاجی قادری کۆیی لە مەیدانی هۆنینەوەی کوردایەتیدا، وارسێک نییە لە عەونی لەپێشتر بێت. عەونی شاعیر لە دارشتنی دەقەکانیدا بە شێوەی بیرکردنەوە وشە و ڕستەکانی دادەڕشت، ئەمەش وای کردووە شیعرەکانی پڕاوپڕ بێت لە زیندوویی و جوانی. بۆیە دەتوانین بڵێین لەبەر ئەو هۆکارەیە کە عەونی شاعیر هەرچەندە زەمەنی شیعریشی تێپەڕ بێ، بەاڵم وەک شاعیرانی دیکە دەقەکانی تووشی خەزان و زستانی پیری نابێت. ئەوەی کە هاوجیلی عەونی شاعیر بووە لە کەشی کۆیە ژیا بێت، ڕەنگە باشتر درک بەو حەقیقەتە بکات، کە ئەمە ئەوەندەی حەقیقەتی ئەدەبییە، ئەوەندە ستایش کردن نییە.

ڕەشانگ



دڵشاد مستەفا وەسانی
یەکشەمە و چوارشەمە دەینووسێت

کوردی ڕۆژئاوا لە دیدارەکانی سەرۆک بارزانیدا

لە دوو هەفتەی یەکەمی ساڵی نوێی 2019دا، وەزیری دەرەوەی دوو دەوڵەتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتێکی ئیقلیمی سەردانی هەولێریان کرد، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە هەرێمی کوردستان لە دیدی ئەو دەوڵەتانە پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەتایبەتیش کە ئێستا ناکۆکیی ئەمەریکا و ئێران لەوپەڕیدایە، گەمارۆکانی واشنتۆن بۆ سەر ئێران، کاریگەرییەکانی دەرکەوتووە، هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش بە دەوری خۆی بەگرنگ پیشاندانی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە عێراق و ناوچەکەدا.

ئەوەی لە دیدارەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ هەرسێ وەزیری دەرەوەدا تێبینی کرا، مەسەلەی کوردی ڕۆژئاوا بوو، چونکە هەرسێ دەوڵەت کە وەزیری دەرەوەیان هاتنە هەولێر، پەیوەندییان بە بارودۆخی کوردی سوریاوە هەیە، نیگەرانییەکانی کورد دوای لێدوانی دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا لە 19ی 12ی 2018 هات و زیاتر دەرکەوت کە گووتی لە سوریا دەکشێینەوە، دوای ئەو لێدوانە، کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، ترسی ئەوەیان هەیە، ئاخۆ تراژیدیای کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێتە دیمەنی هەرە ترسناکی 2019؟

سەرۆک بارزانی نیگەرانیی کوردی لەبارەی ئایندەی کوردی سوریا کردە بابەتی دیدارە گرنگەکانی لەگەڵ هەرسێ وەزیری دەرەوە، ڕۆژی 9ی کانوونی دووەمی 2019 کاتێ لەگەڵ مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبووەوە، جگە لە مەسەلەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و پرسی دیکە، نیگەرانیی خۆی لەبارەی چارەنووسی گەلی کورد لە سوریا ڕاگەیاند و داوای کرد کە گۆڕانکاری و پێشهاتە تازەکان نەبنە هۆی ئەوەی گەلی کورد لە سوریا چیتر تووشی ئازار و زیان ببێت، ڕۆژی 15ی کانوونی دووەمی 2019 لەگەڵ ژان ئیف لودریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کۆبووەوە، لە بارەی چارەنووسی گەلی کورد لە سوریا هەردوولا نیگەرانییەکانی خۆیان ڕاگەیاند، سەرۆک بارزانی بۆچوون و پێشنیازەکانی خۆی بۆ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا خستەڕوو، هەر لە 15ی کانوونی دووەمی 2019 لەگەڵ محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبووەوە، لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی بۆچوون و نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ ئایینەدەی گەلی کورد لە سوریا بە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران گەیاند.

سەرۆک بارزانی لە دیدارەکانیدا، هاتنی وەزیری دەرەوەی هەرسێ دەوڵەتی بۆ باسکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە سوریا قۆستەوە، بەو پێیەی واشنتۆن و پاریس وەک دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تارانیش کە لە سوریا بەکاریگەرییەکی زۆرەوە ئامادەیی هەیە، ئەم جەختکردنەوەیەی سەرۆک بارزانی لەسەر پرسی کورد لە سوریا، لە دیدێکی واقیعی و پرسێکی میژوویی هەڵقوواڵاوە، ئەگەر بڕیاربێ ئەو سێ ناوەندەی بڕیار، گوێ لە هێز و لایەنەکان بۆ پرسی کوردی سوریا بگرن، ئەوا سەرۆک بارزانی ئەو مەرجەعەیە کە گوێی لێدەگیرێ، ڕاستە سەرۆک بارزانی سەرۆکی هەرێم نییە، بەاڵم ناوەندە گرنگەکانی بڕیار لە جیهان و ناوچەکەدا، تێڕوانین و بۆچوونی ئەویان بەالوە گرنگە.

بەیان ئیبراهیم ڕەحیم: «وەرە بمکە بەباخچە» بڵاو دەکاتەوە

خەبات -ئالان شەهاب



بەیان ئیبراهیم ڕەحیم ژنە نووسەر و شاعیر بەخەباتی ڕاگەیاند : نووسینی شیعر لای من خولیای منداڵیم بووە، هەر لە منداڵیمەوە ئەم خولیایەم لەال دروست بووە ، بەاڵم ساڵانێکە دەستم کردووە بە شیعر نووسین.شیعر لای من بە سەر دوو لیقڵدا دابەش دەبێت لیقڵی یەکەم جۆری ئیلهام و سەرچاوەی وێنانەدنی دنیایە لە دیدی شاعیرەوە ،جۆری دووەم تەکنیکی شیعرییە لە ڕووی هارمۆنیەت و زمان و وێنانەدن و هەروەها ئیلهامی شعری دەبێت وێنەیەکی خوایی بێت بە مانا عیرفانییەکەی یا عەشق بێت بە مانا ڕوحییەکەی نەک جەستە یا مرۆڤ دۆستییەکەی یان ژیان دۆستی، ئەمەش کاری شاعیرە بۆ جوانتر کردن و بەرز ڕاگرتنی هەم عەشق هەم مرۆڤ دۆستی هەم ژیان دۆستی. هەتا ئێستا بەرهەمێکی شیعرم هەیە بەناوی (ئیوارەیەکی پەمەیی) ئێستاش بەرهەمێکی ذیکەم لە چاپدایە بە ناوی (وەرە بمکە بە باخچە) بەم زووانە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران بەرهەمێکی دیکەشم هەیە بەناوی(نیگاییێکی بەیان) ئەو بەرهەممە کۆ وتار و نووسینەکانمە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بااڵوبۆتەوە وکۆم کردۆتەوە وەک ئەرشیفێک ئەویشم کردۆتە کتێب.

هونەرمەند حەمە عەلی قەڵبەزەیی دەنگێک لە هونەری ڕەسەنی میلییەوە



هونەرمەند ڕەوانشاد مامۆستا (حەمە عەلی حەمە ساڵح قەڵبەزەیی) دەنگێکی پڕ لە خاوێنی و سەدای ئاوازی ڕەسەنی هونەری میللی کوردستان لە 1957لە بناری سورێن لەدایک بووە، لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە بەهەری دەنگخۆشی لێ بەدی کراوە و زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکانی بە دەنگە زوڵاڵەکەی پرچۆش و خرۆشی ئاوازی کوردی کردووە . هونەرمەند هەتا ئێستا چەند گۆرانییەکی بااڵوکراونەتەوە ، بەاڵم بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی لای خانەوادەکەی پارێزراوە و نەکەوتوەتە بەر گوێی بیسەرانی هونەری ڕەسەنی میلی.بەهۆی کۆچی دوایی یەکێک لە براکانی لەتەمەنی سی ساڵیدا وازی لە گۆرانی وتن هێناوە.هونەرمەندی ڕەوانشاد (حەمە عەلی قەڵبەزەیی) بێجگە لە توانا هونەرییەکەی خاوەنی بەهرەیەکی زانستی پزیشکی بووە و بە هۆی ئەو شارەزاییەی کە لە زانستی پزیشکیدا هەیبووە مۆڵەتی دانانی نۆرینگەی پزیشکی وەرگرتووە و تا کۆتایی ژیانی لە خزمەتی هاوواڵتیانی شارەزوور بەگشتی و سەیدسادقدا بەتایبەتی بووە و هەمیشە لە خزمەتی بێ بەرامبەری هەژارانی ناوچەکەدا بووە ، لە ساڵی 1988دا بەهۆی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی خێزانەکەی شەهید دەبێت و پێنج منداڵی لێ بەجێدەمێنێ و لە ساڵی 1989دا هاوسەگیری دووەم ئەنجام دەدات و حەوت منداڵی لە خێزانی دووەم هەیە، هونەرمەند لە 2016 _ 9 _ 18لە شارەزور کۆچی دوایی کردووە ، لەدوای خۆی دنیایەکی پڕ ئاوازی خاوێنی هونەری میللی جێهێشتووە ..

ئا : ڕێبوار هەورامی

ناکۆکی دەکەوێتە نێوان کەناڵی MBC و وەفا کەیلانی

بەگوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری زەهرەتولخەلیج، بەرنامەی (تەخاریف)ی وەفا کەیلانی کە بریار بوو، شەوی شەمە لە کەناڵی MBCپەخش بکرێ ڕاگیرا و لە جیاتی ئەو بەرنامەی هەفتەی ڕابردوو پەخش کرایەوە کە لەگەڵ نانسی عەجرەم بوو. دەربارەی ئەو کێشەیەش گۆڤارەکە جەختی دەکاتەوە کە وەفا کەیلانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەماکەری میسری فیفی عەبدە ئەنجام دابوو، بەاڵم هۆکاری پەخش نەکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەفا کەیلانی بەبێ پرسی کەناڵی MBCبۆندی لەگەڵ کەناڵێکی میسری ئەنجامداوە، واتە دەستبەردارییونی لە MBC بۆ ئەم مەبەستەش کەناڵی ناوبراو بۆ تۆڵە سەندنەوە لە وەفا کەیلانی بریاری ڕاگرتنی بەرنامەکەی داوە.

لەسێ بواری جیاجیا کار دەکات.. لەکەرکوک خەاڵتی ڕێزلێنان بەخشرایە «هەوار»ی شانۆ



وریشە عومەر: هەوار فارس عزەدین ئەوکچە بوێرەی کەرکووک کەلە یەک کات لە سێ بواری جیاجیا کاردەکات ، سەرەکیترینیان شانۆیەو بەهەواری شانۆ ناسراوە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بەهۆی ئەوچاالکیانەی ئەنجامی دەدات خەاڵتی پێ بەخشرا، دەربارەی ئەم خەاڵتە تایبەت بەخەبات گوتی: لە سێ بواری جیاوازدا کارم کردووە ،لەوانە ماوەی 13ساڵ وەرزشکار بوم ، 9ساڵە بەبێ دابڕان شانۆ ئەکەم و سێ ساڵیشە پەیامنێرم لە کەناڵی کەرکووک و بۆیە ئەم خەاڵتەیان پێ بەخشیم ،جێی ئاماژەیە مالی ڕۆشنبیری کەرکووک لە دووەمین فستیڤاڵی داهێنانی ڕۆشنبیری خەاڵتی ڕێزلێنانی داهێنەرانی بەخشی بە 8 کەسایەتی کە لە بواری هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیریدا خزمەتیان کردووە ، 4لەو کەسایەتیانە کەسی بەتەمەن بوون و 4یان الو بوون ،هەوار گوتی: شانازی دەکەم کە وەکو تاکە کچ ئەم خەاڵتەم پێبەخشراوە، بۆیە ئەم خەاڵتە پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەم کە تەنانەت بە دەربڕینی وشەیەکیش بێت پشتگیریان لێکردووم و هاندەرم بوون تاوەکو بەم ئاستە گەیشتووم کە لەناو چەندین کەسایەتی دیاری ئەم شارە ڕێزلێنانم پێشکەش دەکەن.